زانكۆی سلێمانی
ناوەندی كوردستان
بۆ دۆكیۆمێنت و لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی
-٣-

# یادەوەری و دادپەروەری

## "شانزەی سێ" لە كۆیادەوەریی هەڵەبجەییەكاندا

هەورامان فەریق كەریم

٢٠١٩ زایینی ٢٧١٩ كوردی

# یـادەوەری و دادپــەروەری

## شانزەی سێ لە کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکاندا

هەورامان فەریق کەریم

چاپی دووەم و پێداچوونەوە

٣٠١
ه ٩٣٢ هەورامان فەریق کەریم
یادەوەری و دادپەروەری شانزەی سێ لە کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکاندا/ نووسینی: هەورامان فەریق کەریم
سلێمانی: ناوەندی کوردستان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٩.
١٩٢ل: ٢١*١٤سم.
ISBN: 978-9922-9230-2-4
١.کۆمەڵناسیی مێژویی ٢.یادەوەری ٣.ناونیشان

- ناوی کتێب: یادەوەری و دادپەروەری؛ شانزەی سێ لە کۆیادەوەری هەڵەبجەییەکاندا
- نووسینی: د. هەورامان فەریق کەریم
- دەزگای چاپ: ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی
- بابەت: کۆمەڵناسی
- سەرپەرشتیار: د. هەردی مەهدی میکە
- هەڵەگر: باخان ئەحمەد
- دیزاین: هەورامان فەریق
- نۆبەتی چاپ: **چاپی دووەم** بە دەستکارییەوە
- شوێنی چاپ: چاپخانەی ناوەندی سارا- سلێمانی- هەرێمی کوردستان
- ژمارەی نێودەوڵەتیISBN : 9789922923024

لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٦٧٦) ی ساڵی ٢٠١٩ی پێ دراوە.

**مافی لە چاپدانی پارێزراوە®**

**ئامانج**

لەگەڵ ئەوەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان پڕ لە ڕووداو و وێستگەی کاریگەر و یەکلاکەرەوە بووە لە دیاریکردنی ئاڕاستە و چارەنووسی بزاوت و کۆمەڵگەی کوردستاندا، بەڵام خاوەنی گێڕانەوەیەکی تایبەتی پێویست بە مێژوو و کۆمەڵگەی کوردستانی نییە کە هاوکار بێت بۆ ناساندنی شوناسێکی نیشتمانیی گشتگیر، هەنووکە هەژموونی مێژوو و گێڕانەوەکانی دراوسێ سەردەستەکان و ڕۆژهەڵاتناسان بەسەر ئاڕاستەی ئەرشیف و مێژووی کوردستاندا لە لایەکەوە و ناوچەگەرێتی و لاسەنگی لە گێڕانەوەی ناوخۆییدا زاڵە کە بە تێڕوانین و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و دەسەڵاتخوازی و هەرێمایەتیی خۆیان دەیانەوێ ئاڕاستەی ڕووداو و مێژووی کوردستان بگێڕنەوە و گێڕاویانەتەوە یان بە دیوی ناوخۆییدا ناوچەیی و لاگیرانە گێڕدراوەتەوە.

ئەڵبەت ئەزموونی وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا و عێراق لە ئەرشیف و بەڵگەنامەسازی و گێڕانەوەی مێژوویی خۆیاندا چەندان هەنگاو لەپێش کوردستانەوە بوون و ئەم پرۆسەیەشیان لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردووەوە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوە و دروستکردنی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێزدا بووە، ئەم ئەرشیفەی ئەوان خزمەتێکی بەهێزی بە پرۆسەی شوناسسازی و لکاندنی نەتەوەکانی دیکە بە خۆیانەوە لە ڕێگەی ئاڕاستەکردنی توێژینەوەکانیان لە ڕێی بنەڕەتی ئەرشیف و بەڵگەنامە و مێژووی گێڕدراوەی زارەکیی خۆیانەوە کردووە و بە ویستی دەوڵەت-نەتەوەیی و ناوەندگەرێتیی وان نووسراوەتەوە.

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی، لە پێناو بەشداریکردن لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەدا کە لە نووسینەوەی مێژووی کوردستاندا هەیە، لەتەنیشت هەوڵەکانی دیکەی دەزگا ئەرشیفی و ناوەندە ئەکادیمییەکانی کوردستاندا؛ لە بەرنامەیدایە ساڵانە چەندین کتێب و بڵاوکراوە وەک یەکێک لە ئەرکەکانی، بڵاو بکاتەوە. بۆ ئەمساڵ چەند کتێبی بە هەرسێ زمانی: کوردی، عەرەبی و فارسی لە بوارەکانی بەڵگەنامە، ئەرشیف، مێژووی سیاسی، کەسایەتی، ڕووداو و مێژووی ناوچەیی کوردستانی بۆ ئامادە کردوون و لەم پڕۆژە زنجیرەییدا بە پاکێجێک دەخاتە بەر دیدی خوێنەران. هەوڵ دراوە هەمەچەشنییەک لە کتێبەکاندا هەبێت لە ڕووی مێژووی بەڵگەنامەیی، زارەکی و گێڕانەوە، مێژووی ناوچەیی زیاتر لە ناوچەیەکی کوردستان. لە ڕووی زمانیشەوە بە ئامانجی ئەوە کتێبی فارسی و عەرەبیی تێدا چاپ کرا، تا بەشدارییەکی زیاتر لە سەرچاوە و سەرچاوەی بەدیل بۆ توێژەران و خوێنەرانی عەرەب و فارس دابین بکەین و گێڕانەوەی جگە لە گێڕانەوەی خۆیان زیاد بکرێت. ئەنجوومەنی زانستی ناوەندی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی کتێبەکان؛ دیدگایەکی نیشتمانیانە و فرەلایەنانەی ڕەچاو کرد تا سەرجەمیان پێکهێنەرێکی تری شوناسسازی کوردستان بن و بەشێک بن لە هەوڵەکانی دیکەی ئەو بوارە، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە ناوی "کوردنامە" بۆ کۆی زنجیرەکە پەسەند کرا.

جێگەی خۆیەتی سوپاسی تایبەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و زانکۆی سلێمانی، بەتایبەت هەردوو بەڕێزان بەڕێز د. یوسف گۆران (وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا) و و بەڕێز پ.

ی. د. ڕەزا حەسەن (سەرۆکی زانکۆ) بکرێت، کە دەرکی پڕۆژەکەیان کردین و هەمیشـــە خەمخۆر و پشـــتیوانی دامەزراندنی ناوەندەکە بوون، بێ ئەوان کارێکی ئاسان نەبوو.

د. هەردی مەهدی میکە
بەڕێوەبەری ناوەندی کوردستان/زانکۆی سلێمانی

ئاریەل دۆرفمەن:

هەر نەتەوەیەك خووی بە فەرامۆشـــییەوە گرتبێـت، بـا بەردەوام چاوەڕوانی کارەسات بێت.

هەواڵنامەی کتێب

## تێبینی نووسەر بۆ چاپی دووەم

پێنج ســـاڵ بەســـەر چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا تێپەڕ دەبێت. لە چاپی دووەمدا بە پێویستم زانی پێداچوونەوەیەکی بکەمەوە، چونکە فۆنتی چاپی یەکەم کەمێك چڕوپڕە و بۆ خوێندنەوە ئاسان نییە. لەم چاپەدا قەبارەی فۆنتەکە گەورەتر و ڕوونتر کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

| ناوەڕۆك | ژ.لاپەڕە |
|---|---|
| تێبینیی نووسەر بۆ چاپی دووەم | VII |
| **بەشی یەکەم: دەروازەی توێژینەوە** | ١ |
| پێشەکی | ١ |
| کورد و یادگە | ٥ |
| پرسی توێژینەوە | ١٠ |
| گرنگیی توێژینەوە | ١٤ |
| ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی توێژینەوە | ١٦ |
| پرسیارەکانی سەرەکییەکان | ١٧ |
| توێژینەوەکانی توێژینەوە | ١٩ |
| بەشی دووەم: ئەدەبیاتی توێژینەوە، یادەوەری لە ڕوانگە زمانەوانی و فەلسەفییەکەیەوە | ٢٤ |
| زەمینە هزرییەکانی کۆیادەوەری: بێرگسۆن، دۆرکهایم و قوتابخانەی ئانال | ٣٣ |
| موریس هالباکس، کۆیادەوەری و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی | ٤٢ |
| پۆل ریکۆر | ٦٠ |
| یادەوەری و گێڕانەوە | ٦٠ |
| مێژوو، یادەوەری، فەرامۆشی لە ڕوانگەی ریکۆرەوە | ٦٥ |
| یادەوەری و فەرامۆشی | ٧٠ |
| پییێر نۆرا، شوێنەکانی یادەوەری | ٩١ |
| بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆجی، میتۆدەی لێکۆڵینەوە | ١٠١ |
| ئیتنۆمیتۆدۆلۆجی | ١١٣ |

| | |
|---|---|
| لۆجیکی نمونەوەرگرتن | ١١٥ |
| ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان | ١١٩ |
| چاوپێکەوتنی قووڵ | ١٢٢ |
| چاوپێکەوتنی گێڕانەوەیی | ١٢٤ |
| ئامرازی کۆکردنەوە و شرۆڤەی داتاکان: تیۆری زەمینەیی | ١٢٦ |
| مەیدانی توێژینەوە (هەڵەبجە) | ١٣٨ |
| بەشی چوارەم، شیکردنەوەی داتاکان | ١٥٧ |
| شیکردنەوەی داتاکان | ١٥٩ |
| جینۆسایدی هەڵەبجە وەک کۆیادەوەری | ١٦٠ |
| گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی یادەوەری | ١٦٥ |
| کۆبوونەوەی خێزانی و خزمایەتی | ١٦٦ |
| کۆبوونەوە فەرمییەکان: قوتابخانە | ١٧٠ |
| مەراسیمەکان و میدیا | ١٧٣ |
| شوێنەکانی یادەوەری | ١٧٦ |
| دادپەروەری لە بەبیرهێنانەوە و لەبیرکردندا | ١٨١ |
| بەشی پێنجەم: ئەنجام | ١٩٢ |
| سەرچاوەکان | ٢٠٢ |

# بەشی یەکەم: دەروازە

## پێشەکی

سالانە دەیان کتێب و سەدان سیمینار و کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لە بواری کۆیادەوەری لە ناوەندە ئەکادیمییەکانی جیهاندا ساز دەکرێن. یادەوەری، نوێنەرایەتیکردن ، بەبیرهێنانەوە، لەبیرکردنی ڕابردوو، ململانێ لەسەر زیندووکردنەوەی یادەوەریی قوربانییان؛ لەو کاتەوە سەرنجی کۆمەڵناسان و توێژەرانی یادەوەری بۆ لای خۆی ڕاکێشا کە ئیدی مرۆڤی مۆدێرن، بەرامبەر بە بەبیرهێنانەوەی ئەو هەموو یادەوەرییانەی شەڕەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی، شۆکی فاشیزم، هۆلۆکۆست، قوربانییانی هیرۆشیما، ناکازاکی و شەڕی فیتنام دەستەوەستان مابوو. ئەو ئەقڵانیەت و مۆدێرنیتەیەی کە مرۆڤی مۆدێرن بانگەشەی دەکرد بە بەرزکردنەوەی ئاڵای تاکگەرایی ئیدی بەسەر هەموو گرفتەکاندا زاڵ دەبێت و دەگاتە ترۆپك، لەم ساتەدا بەدوای دەرچە و سەرچاوەیەکی ڕزگاربووندا وێڵ و سەرگەردان دەبینرا. ئەوانەی یەکەم چەخماخەکانی فەلسەفەی یادەوەری لە زەینیاندا داگیرسا، سەریان سوڕ دەما لەوەی کە دوای ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوانەی بەتایبەت نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بۆچی مرۆڤی مۆدێرن لە زۆر شوێنی ڕۆژئاوا، نایەوێ ڕابردووی

---

[1] Representation

خۆکردی خۆی بەبیر بهێنێتەوە، لە هەندێك شـــوێنیش بەدەســـت زۆریی یادەوەرییەوە دەناڵێنن.

نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە لە لایەکەوە بە هەڵوەدان بەپیری مۆدێرنیتەوە ڕۆشـــتووە و لە لایەکی ترەوە بووەتە قوربانیی بەرهەم و دەرهاویشـتەکانی مۆدێرنیتە و ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە جیهـان و نـاوچەکە پێیـدا تێپەڕیوە. دەبێ بپرســـین کورد لە کوێی پەیوەنـدیی نێوان یـادەوەری و ڕابردوودایە؟ کـام نەتەوە هەیە لە جیهـانـدا هێنـدە مێژوویەکی کۆنی هەبێـت و تـا هەنووکە خـاوەنی دەوڵەت، مێژوو و ڕابردووی نووســـراوی خۆی نەبێـت؟ کورد چەنـدە ڕووداوەکانی ڕابردووی خۆی ســـوود لێ دەبینێت و چەندە لەبیریان دەکـات؟ نەتەوە و وڵاتـانی دیکە، چۆن مـامەڵەیـان لەگەڵ یـادگەی کوردەکاندا کردووە؟ ئەمانە و دەیان پرســـیاری گرنگی دیکە لەمەڕ یادەوەری، پەلکێشـــمان دەکەن بۆ ڕامان لەســـەر تاوانگەلی وەك جینۆســـایـدی هەڵەبجە و ئەنفـال و ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی کە چەندین سەدەیە لە نەتەوەی کورد دەکرێت.

لەســـەر ئاســـتی هەرێمی کوردســـتان، بەم دواییە توێژینەوە و خوێندنەوەگەلێک ســـەبارەت کورد و کێشـــەی کورد، ئەنفال، مێژووی هەڵەبجە و جینۆسایدی ١٩٨٨/٣/١٦؛ ئەنجام دراون. تا ئەو شـوێنەی کە توێژەری ئەم توێژینەوەیە ئاگادارە، زۆرینەی ئەو توێژینەوە و کارانە لەگەڵ ئەوەی کە جێگەی نرخـانـدنن، وەک زۆرێـک کـاری دیکەی کوردناسـی زیاتر ڕەنگ و بۆنی سیاسـی و مێژووییان بەخۆوە گرتووە و

بەم دواییەش لە ڕووی ڕەهەندە دەروونناسـییەکەوە چەند توێژینەوە و کتێبێک کە بە پەنجەی دەسـت دەژمێردرێن؛ نووسـراون. هەر ئەم بابەتە بۆخۆی پرسـیارێکی گرنگ لە زەینی ئێمەدا دەورووژێنێت، کە بۆچی تاوانێکی هێندە کاریگەر و نامرۆڤانە کە دوای هیرۆشـیما بە دووەم تـاوانی مرۆیی لە سـەدەی بیسـتەمدا هەژمـار دەکرێـت، بایەخێکی هێندە کەمی پێ درابێت؟ ئەگەر لەناو کایەی زانسـتی و هزریی کۆمەڵگەی کوردسـتانیدا وردتر ڕامێنین، دەتوانین بڵێین کە چەمکی کۆیـادەوەری بە واتـا قووڵەکەی کە هەڵگری ئەدەبیـاتێکی قووڵ و دەوڵەمەندە، تا هەنووکەش جگە لە هەندێک هەڵوەسـتەی دەگمەنی وەک ڕۆمـانەکانی بەختیـار عەلی و هەوڵەکـانی گۆڤـاری "ئەنفـالسـتـان"، دزەی نەکردۆتە نـاو توێژینەوە و خوێنـدنەوە ئەکادیمییەکانەوە و ئەمەش پرسیارێکی تر لە زەینماندا دەورووژێنێت کە ئایا ڕۆڵی زانکۆکانی ئێمە لە ڕۆچوون بەنێو ڕەگورِیشـەکانی ئەو هەموو تـاوانگەلە یەکلەدواییەکـانەی کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد کراون، ڕووداوگەلی وەهـا زەق و نـامرۆڤـانە کە مێژووی هـاوچەرخی گەلی کورد تۆماری کردووەن؛ چییە و چۆنە؟

ڕەنگە زیادەڕەوانە نەبێت ئەگەر بڵێم کە تا هەنووکە -جگە لە کتێبی "ڕابردووە هاودژەکان"، لە نووسـینی "ئازاد حاجی ئاقایی"، کە سـاڵی پار کەوتە بەر دیدی خوێنەران و تیایدا ئاماژەیەکی کورت بە یادەوەری لە ڕوانگەی "موریس هاڵبواکس و پییێر نۆرا"وە کردووە-، یەک لاپەڕە لە تێز و کتێبەکـانی موریس هـاڵبـاکس؛ داهێنەری چەمـک و کتێبی کۆیـادەوەری، شـوێنەکـانی یـادەوەریی پییێر نۆرا، بۆ زمـانی کوردی

وەرنەگێڕدراوە. هەروەها کەمترین سوود لە تیۆری مێژوو، یادەوەری و فەرامۆشـــی پۆل ریکۆر وەرگیراوە. باســـکردن و کارکردن لەســـەر جینۆســـایدی هەڵەبجە و ئەنفال و "کۆیادەوەری"، بە شـــێوەیەکی زانســـتی و بەبێ گەڕانەوە بۆ تێزەکانی ئەم ســـێکۆچکەیە، کرچوکاڵ و سادە دەنوێنێت.

ئەم توێژینەوەیە کە بەرهەمی شـــەش ســـاڵ کار و خوێندنەوەی بەردەوامە لە بواری کۆیادەوەری و هەڵێنجراوی ماســـتەرنامەکەمە کە لە ســـاڵی ٢٠١٤دا لە زانکۆی تاران ئەنجام دراوە، یەکەم توێژینەوەی کوردییە کە لە ڕوانگەی کۆمەڵناســـیی یادەوەرییەوە کاری لەســـەر ڕووداوێکی گرنگی وەك کیمیاییبارانی هەڵەبجە کردبێـت. ئەم توێژینەوەیە دەپەرژێتە سەر کۆیادەوەری (Collective Memory)ی خەڵکی هەڵەبجە بۆ کیـمیـابـارانی ١٩٨٨/٣/١٦ی هەڵەبجە. بە پشتبەستن بە چەمکی "کۆیادەوەری"ی موریس هاڵبواکس، "مێژوو، یادەوەری، فەرامۆشـی"ی پۆل ریکۆر و "شـوێنەکانی یادەوەری"ی پییێر نۆرا، هاوکات بە ســـوودوەرگرتن لە تیۆر و میتۆدی "گراونددتیۆری"، نـاواخن و ڕەگەزە پێکهێنەرەکـان، ڕەهەنـدە نهێنی و شـــاراوەکـانی یادەوەریی هەڵەبجەییەکان بۆ جینۆسادی هەڵەبجە ڕوون دەکاتەوە.

توێژینەوەکە لە پێنج بەشـی ســەرەکی پێك دێت: بەشـی یەکەم: دەروازەی توێژینەوە و بەشـی دووەم: بریتییە لە ئەدەبیاتی توێژینەوە. لە ئەدەبیاتی توێژینەوەدا ســـێ تیۆریســـتە ســـەرەکییەکەی بواری یادەوەری و تیۆرەکانیان بەدوورودرێژی ناسێنراون و ڕوون کراونەتەوە.

بەشی سێیەم: ڕێبازی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت، کە پەرژاوەتە سەر ڕێبازی چۆنایەتی و میتۆدی گراونددتیۆری و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری. بەکورتی مێژووی هاوچەرخی کورد لە باشووری کوردستان و شوێنگەی هەڵەبجەم لەم مێژووەدا خستووەتە ڕوو. هەر چەندە لە میتۆدی گراونددتیۆریدا پێویست ناکات هێندە درێژە بە مەیدانی توێژینەوە بدرێت، بەڵام مێژووی هەڵەبجە، چیرۆکی جینۆسایدی هەڵەبجە، هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت کیمیابارانی هەڵەبجە، تەنیا پەیوەست نییە بە هۆکار و کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، بۆیە پێویست بوو هەندێك ڕوونکردنەوەی زیاتر لەو بارەیەوە ئاماژە پێ بکەم. لە بەشی کۆتاییدا شرۆڤە و ئەنجامم باس کردووە.کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی داتاکان و ئەنجامی توێژینەوەکەم هێناوە. دوابەدوای سەرچاوەکانیش، لە بەشی پاشکۆدا مەقولە گرنگە بەدەقکراوە ئاماژە پێکراوەکانم لە کاتی چاوپێکەوتنەکاندا وەك خۆی داناوەتەوە، هەم بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەر و توێژەرانی تر و هەم بۆ کەسانێك کە بیانەوێ سوود لە داتاکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن.

## کورد و یادگە

ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی کۆمەڵناس، توێژینەوە بێت سەبارەت بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی واتابەخشینی مرۆڤەکان بە ژیانی خۆیان؛ و ئەگەر یادەوەری ڕۆڵێکی ئێجگار گرنگ لە واتابەخشین بەو دۆخە هەنووکەییە ببینێت کە تیایدا دەژین، توێژینەوە لەسەر کۆیادەوەری،

زیاتر گرنگتر و بەنرختر دەنوێنێت. بەبێ یادەوەری و وەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو، تاکەکان و گرووپەکان نەیاندەتوانی خۆیان لە ئەوانیتر جیا بکەنەوە، نەیاندەتوانی پێناسەی خۆیان بکەن، یان لەگەڵ کام خێزان، گەل و نەتەوەدا مامەڵە دەکەن و دواجار نەدەکرا پێکەوە هەڵبکەن، گفتوگۆ بکەن و ئاشتی یان ململانێ لەگەڵ یەکتر ڕابگەیەنن. یەک لەو پاڵنەرانەی کە ئەمڕۆکە بۆتە هۆی ئەوەی کە خوێندنەوەکانی یادەوەری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا سەرنجیان بخرێتە سەر، شتێکە کە پێی دەگوترێت قەیرانی یادەوەری، هەر ئەو هۆکارەی کە هەندێ جار لەناو کایەی هزری و لە کاتی گێڕانەوە مێژووییەکاندا و لەلایەن هەندێک لە ڕەخنەگرانی کوردەوە دەورووژێنرێت و ئاماژە بەوە دەکەن کە نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە زۆر دەمێکە گیرۆدەی دەستی ئەم قەیرانەیە، واتە قەیرانی نەبوونی یادگەی ماوەدرێژ، قەیرانی لەبیرکردن. قەیرانێک کە لە کایە بەرفراوانەکەیدا لەلای ڕۆژئاواییەکان و بە ئاماژەدان بە تیۆرەکانی فرۆید لە لایەکەوە ئاماژە بە سەرنجی زۆر و لەڕادەبەدەری یادەوەری دەکات و لە لایەکی ترەوە ئاماژەیەکە بۆ دابڕانی ژیانی هاوچەرخ و ئەوەی پێی دەگوترێت ڕابردوو.

مێژووی کوردەکان، کوردستان و هەڵەبجە بە گوزەرگای یادەوەرییە تاڵەکان، کارەساتەکان، جینۆساید، گۆڕە بەکۆمەڵەکان، کۆچە بەزۆرەکان، زیندەبەچاڵەکان، شەڕە خوێناوییەکان، ئاوارەبوونەکان و خەباتە یەکلەدواییەکەکان و قارەمانەتییەکاندا تێپەڕ دەبێت، هەروەها لەتبوون و پەرتەوازەیی و خۆخۆری. لەو شوێنەوە کە مێژوو

و یادەوەری پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە و بە جۆرێک لە جۆرەکان تەواوکەری یەکترن، مێژووی کوردستانیش پارچەپارچە و لێکدابڕاو دێتە پێشچاو، وەک ئاوێنەیەکی شکاو. مێژووی کوردەکانی باشووری کورستان سیخنانە بە هەوراز و نشێوییەکان، کوردەکان هەمیشە خەونێکیان لەسەردا پەروەردە کردووە، ئەم خەونەش خەونی سەربەخۆیی بووە. چەندین ساڵ و دەیەیە کوردان خەبات دەکەن و تێدەکۆشن، زۆر قۆناغیان تێپەڕاندووە. هەتا ئیمپڕاتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی هەبوون، هەر جارە بەشێک بوون لە ئمپڕاتۆریەتێک و هەندێك جاریش لە دژیان ڕاپەڕیون. ئەگەر کتێبی "شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق"ی عەلائەددین سەججادی بخوێنیتەوە، ئەنجا پەی بەو سەدان هەستانەوە و یاخیبوونانەی کوردان دژی عوسمانی، سەفەوی، ئینگلیز و عەرەبەکان دەبەیت. لە لایەکەوە ئەو هەموو سەرکەوتنانەیان و ئەم هەموو یاخیبوون و گیانفیداییەیان بەرامبەر بە هێزە نەیارەکانی کورد؛ سەرسامت دەکات و لە لایەکی تریشەوە بەرامبەر بەو هەموو شکست و بێپلانی و هەندێك جار خۆخۆری و ناپاکییەی هەندێك لە کەسایەتی و هێزەکان بەرامبەر بە یەکتر بە درێژایی مێژووی کورد، واقت وڕ دەمێنێت. هەر بۆیە لە کاتی ئێستادا هەن کەسانێك کە کار لەسەر مێژووی کورد دەکەن و پێیان وایە کە کورد کێشەی لە یادگەدا هەیە و ڕابردووی خۆی لەبیر دەکات. یەك لەو کەسانە هەر چەندە لە ڕەهەندی دەروونناسییەوە بۆ ئەو بابەتە دەڕوانێت، پێیوایە کە کۆمەڵگەی کوردیی ئەو کۆمەڵگە بێهۆشە بووە کە لە کاتی خۆیدا

هێزی خۆی بەکار نەهێناوە و کاتی گونجاو و زێڕینی خۆی فەرامۆش کردووە و بەمەش هوشـیاریی مێژووی لەدەسـت داوە... ئەمەش بە ماوەی مێژوو وای لێ هاتووە کە تەنانەت ئەو ڕووداوانە بیر بچنەوە کە دەرفەتە چارەنووسسازەکان لەبیر دەکات (سابیر، ٢٠٠١: ١٧٨).

لە بەرامبەردا هەن کەسـانێک کە بەپێچەوانەوە بیر دەکەنەوە. ئەم جۆرە نووسـەرانە ئەوانەن کە باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەم بابەتە هێندەی بابەتێکە کە پەیوەندیی بە گێڕانەوە گەورەکان و مایکرۆوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە بابەتە ورد و میکرۆکانی وەك یادەوەرییەوە نییە. ئەوان دەڵێن بۆ تێگەشـتن لە مەقوولەی کۆیادەوەریی کوردەکان، دەبێ لە گۆشـەنیگای مۆدێرنیتەوە داخڵ بین. عەباس وەلی لە یەکێك لە بابەتەکانیدا نووسـیویەتی: "ناسیۆنالیزمی کوردی، سیاسـەتی سەلماندن و نواندنی شوناسی نەتەوەیی کوردییە. شـوناسـی نەتەوەیی کوردی، بەرهەمی مۆدێرنیتەیە. هەڵبەت فۆرمێکی تایبەت لە مۆدێرنیتە بە شـێوەیەکی نزیك و تایبەت هاوتەریبە لەگەڵ دامەزراوەی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرندا. ئەمە ڕەگی داکوتاوە لەنێو سـیاسـەت و پڕۆسـە کولتوورییەکان و پراکتیککردنی دروسـتکردنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن و ناسـنامەی نەتەوەیی لەنێو کۆمەڵگە فرە-ئیتنیکی و فرە-کولتوورییەکانی تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریادا لە ماوەی دوو جەنگە جیهانییەکەدا" (وەلی، ١٩٩٨:١).

لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە، دامەزراندن و ئایدیای دەوڵەت-نەتەوە، بە یەکێک لە دیاردە و تایبەتمەندییەکانی مۆدێرنیتە لەقەڵەم دەدەن، بۆ ئەوەی بگەن بەو ئەنجامەی کە کوردەکانی کوردستانی باشوور لەبەر ئەوەی کە خاوەنی دەوڵەت نەبوون، نەیانتوانیوە یادەوەری و مێژووی خۆیان بگێڕنەوە و دیکیۆمێنتی بکەن، بۆیە ئەو مێژووە هێشتا وەک مێژوویەکی تۆمارنەکراو و زارەکی ماوەتەوە. مێژوویەک کە تا هەنووکەش لە سنگی خەڵکیدا پیشی خواردۆتەوە. زۆرێک لەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووە، پێیان وایە کە وا کورد خاوەنی یەک جۆر یادەوەری بووە و ئەویش یادەوەریی زارەکییە، بەڵام ئەوەش ئاماژە پێ دەدەن کە ئەگەر کوردەکان دوچاری فەرامۆشی ڕابردوو و یادەوەرییە مێژووییەکانی خۆشیان بن، ئەم تایبەتمەندییە تەنیا پەیوەست نییە بەوانەوە. واتە ئەم جۆرە لە فەرامۆشی و لەبیرچوونەوە، سەرتاپاگیرە و مێژووی مرۆڤ پڕیەتی لەم خۆدزینەوە و لەبیرخۆبردنەوەیە. ئەوە نییە تورکەکانیش خۆیان لە دانان بە کوشتاری ئەرمەنییەکان دەدزنەوە؟ ئەوە نییە کۆڵۆنیالیزمی ڕۆژئاواییش نکۆڵی دەکەن لە بەفەرمی ناساندنی کردەوە نامرۆڤانەکانیان بەرامبەر ئەو شوێنانەی داگیریان کردوون؟ ئەمەریکییەکانیش تا هەنووکە جینۆسایدی هیندییە سوورەکانی ئەو وڵاتە ڕەت دەکەنەوە؟ هەروەها ئەوانەی کارەساتی هۆلۆکۆستیان خوڵقاند؟

## پرسی توێژینەوە

لە هەر شوێنێک دەسەڵاتێکی ناوەندیی بوونی هەبوو بێت، نووسینەوەی یادەوەری و مێژوویەکی فەرمیش بوونی هەبووە. واتە مێژوویەکی باڵادەست و ئازاد، مێژوویەکی بێدەنگ و قەتیسماو لە سنگی ستەملێکراواندا. دەسەڵات و دەوڵەت، ئەو دوو چەمک و کایەیەن کە بەردەوام لە کێشمەکێشدان لەگەڵ بابەتی کۆیادەوەری. ئەم بابەتە زیاتر لەو دەمە بەدواوە تۆختر بوویەوە کە گۆڕانکارییەکی گەورە و سەرتاسەری جیهانی گرتەوە، دەوڵەتان لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەی کە دوای دەرکەوتنی مۆدێرنیتە و تێڕوانینی نوێ بۆ چەمکەکانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت-نەتەوە سەریان هەڵدا، کەوتنە خۆیان بۆ نووسینەوەی مێژوویان و بەدۆکیۆمێنتکردنی ڕابردووی خۆیان. مێژوو پێش هەموو شتێک کارکردێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، کە بریتییە لە پاراستن و دەستپێوەگرتنی یادەوەرییەکان و یادەوەریی نەتەوەیی. وەک فرانسۆ گوزێت یەک لە دامەزرێنەرانی پەروەردەی فەرەنسا دەڵێت: "بۆ ئەوەی کۆمەڵگە باوەڕ بە خۆی بکات، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و ڕەگوڕیشەکانی..." فرانسوا فورە دەنووسێت: "مێژوو بەرهەمی گێڕانەوەیە، کاری مێژوونووسیش گواستنەوەی مێژووە..." (دۆرتیە، ١٣٩٠: ٢٣٨-٤٠).

بابەتی دەسەڵات و پەیوەندی بە یادەوەرییەوە، ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە توێژینەوەی کۆیادەوەریی خەڵکی هەڵەبجەدا هەیە بۆ کارەساتی هەڵەبجە. وا دەردەکەوێت کە کۆیادەوەریی

هەڵەبجەییەکان لەگەڵ دوو جۆر لە دەسەڵاتدا مامەڵە دەکات: یەکێکیان دەسەڵاتی ئەوکاتی عێراق کە هەمیشە ڕۆڵی دوژمنێکی سەرسەختی بینیوە بەرامبەر یادەوەریی خەڵکی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجەییەکاندا بەتایبەتی. هەروەها دەسەڵات لە هەرێمدا کە ڕۆڵێکی ناتەندروست و نەزانانەی لەم نێوەندەدا بینیوە. دەکرێ بڵێین شەڕی سەدام وەک هەندێک لە دیکتاتۆرەکانی تر، شەڕی یادەوەری بوو. شەڕی دروستکردن و نەخشاندنی یەک جۆر یادەوەری لە زەینەکاندا. ئەو دەیویست هەر تاکێکی عێراقی و بە کوردیشەوە؛ یەک وێنە، یەک پەیکەر، یەک ڕووداو، یەک ڕۆژی لەدایکبوون، یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک سروودی نیشتیمانی، یەک زمان و تەنانەت یەک پێکەنین لە یادەوەریی خۆیدا پەروەردە بکات. ئەو کاتەی کە کەمتر کەسێک دەیزانی تەلەڤزیۆن چییە، تەلەڤزیۆنی بەخۆڕایی بۆ خەڵکی شار و گوندەکان دەکڕی و دابەشی دەکرد بەسەریاندا، دەیویست گزنگی بەیانیی خەڵکی بە وێنە و سروودە حەماسییەکانی سەددامەوە ڕۆژ بکاتەوە و تارماییەکانی شەوی پڕ بکات لە یادەوەرییەکانی وێنەی دەستراوەشاندنەکان، قاقای پێکەنین، تاپڕ تەقاندنەکانی و لێدوانەکانی. لاپەڕەی یەکەمی هەموو کتێبێک، پەیکەری ناو فلکەکانی هەر شەقام و چوارڕێیانێک، دەروازەی شارەکان، دیوارەکان، وێنەی سەر مێز و باڵەخانەکان؛ هەر سەدام بوو. وەک بەختیار عەلی ئاماژەی پێ دەدا کە: "بەعس تەنیا فۆرمی مردنی دەستکاری نەدەکرد، بەڵکوو تەنانەت چیرۆکەکانی مردنیشی دەستکاری دەکرد." (عەلی، ٢٠١١: ٩١).

هەواڵنامەی کتێب

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ کۆیادەوەریی هەڵەبجەدا کردووە؟ دوابەدوای جینۆسایدی هەڵەبجە، وەک یەکێک لە قۆناغەکانی ئەنفالی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور لە ١٩٨٨/٣/١٦ و دواتر پاش وەدەرنانی ڕژێم و داروودەستەکەی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستاندا، حکومەتێکی پەنجا بە پەنجا نەك نیشتیمانی، بە مۆدێلێکی نوێی حکومڕانییەوە کە پێی دەگوترێت دوو ئیدارەیی، جڵەوی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی لە کوردستان گرتە دەست. حکومەتێک پێکهاتوو لە دوو هێزی سەرەکیی کوردستان، لە لایەک پارتی دیموکراتی کوردستان و لە لایەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان. حکومەتێکی کاتی کە دوای ماوەیەکی کەم، شەڕێکی خوێناوی و ناڕەوای ناوخۆ لەنێوان هەردووکیاندا بونیاد نرا و پاش نێوەندگیریی وڵاتانی وەک ئێران و ئەمەریکا، دواجار بە پێکهێنانی دوو هەرێم و ئیدارە بۆ بەڕێوەبردنی ئەم بەشە لە کوردستان؛ کۆتاییان بە شەڕی خۆخۆری و براکوژی هێنا.

لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت بزانین لە ڕوانگەی خودی قوربانیانی هەڵەبجە و خەڵکی هەڵەبجەوە، مامەڵەی دەسەڵات لە هەرێمدا بەرامبەر بە خۆیان و بەرامبەر بە یادەوەرییەکانیان چۆن لێک دەردێتەوە. کۆیادەوەریی هەڵەبجە چۆن لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بە ئامانجی بەدیهێنانی یەکڕیزیی نەتەوەیی و سیاسەتگوزاری یادەوەری بەکار هاتووە؟ ئەگەر وایە، بۆچی لەسەر ئاستی واقع ئەو یەکڕیزییە نەهاتووەتە دی؟ دەسەڵات لە هەرێمدا،

چ جۆرە مامەڵەیەکی لەگەڵ کۆیادەوەریی خەڵکی هەڵەبجەدا کردووە؟ ئەگەر مامەڵەکە تەندروستە، بۆچی تا ئەم ساتەوەختەش نارەزایەتییەکانیان بەرامبەر بە دەسەڵات بەردەوامە؟ بۆچی دوای دوو دەیە، خەڵکی شارەکە هێرش دەکەنە سەر یەکێک لە سیمبول و شوێنەکانی یادەوەری و مۆنۆمێنتی شەهیدانی هەڵەبجە ئاگر تێ بەر دەدەن؟ ئایا دەسەڵات لە هەرێمدا، دەیویست ئەو یادەوەرییە لەبیر خەڵکی بباتەوە یان ئاراستەی بکات و بە جۆرێکی تر بینووسێتەوە؟ بۆچی ململانێ ئایدیۆلۆجییەکان و حزبییەکان هێندە رەگوریشەی بەناو سەرجەم کایەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا رۆچووە کە ئینتیما بۆ خێڵ، ناوچە، تەنانەت کەسایەتییە ناسیۆنالیسی و ئایینییەکانیش دیسان بزمارێکی دیکە لە تابووتی کۆیادەوەرییەکی هاوبەش بۆ نەتەوەی کورد دەدەن؟ کۆیادەوەرییەکانی کورد خەریکە هێندە بچووک و پەرت و پارچەپارچەن، کە بەئاشکرا هەست بەوە دەکەیت کە بۆ نموونە جینۆسایدی بارزانییەکان لە ناوچەیەک بۆتە کۆیادەوەرییەکی کۆمەڵێک لە خەڵکی و لە ناوچەیەکی دیکە کۆیادەوەرییەکی تر. لە کاتێکدا کە هەموو ئەو کۆیادەوەرییانە کۆمەڵێک ریشە و رەهەند و خەسڵەت و نیشانە و هۆکار و واتای هاوبەشیان هەیە، کە دەکرێ لە یەک کۆیادەوەریی هاوبەشدا کۆ بکرێنەوە و ببنە هەوێنی یەکریزی و پاراستنی رابردووی هاوبەش و گەیشتن بە عەدالەت و دواجار هەستکردن بە ئارامی و بەسزاگەیاندنی ستەمکاران.

هەواڵنامەی کتێب

## گرنگیی توێژینەوە

وا دەردەکەوێت کە کۆیادەوەریی هەر کۆمەڵگەیەک ئەو کاتە دەکرێ بنووسرێتەوە و زەمینە بۆ مێژووی نووسراو و یادەوەریسازی نەتەوەیی و نیشتیمانسازی فەراهەم بکات، کە ئەو کۆمەڵگەیە خاوەنی دەوڵەت-نەتەوە بێت. تا ئەو کاتەی کە دەوڵەت-نەتەوەکان بونیاد نەنراون، یادەوەری و مێژوو، زارەکین، هێشتا لەناو زەین و سینەکاندا قەتیس ماون. ئێمە و هەر کۆمەڵگەیەک بۆ دووبارە خوێندنەوەی ڕابردوو، لە چەند ڕوویەکەوە پێویستمان بە گێڕانەوە و یادەوەرییە: یەکەم: ئەوەی کە یادەوەری خۆی سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو، دووەم: ئەوەی کە خوێندنەوەی یادەوەری، دەکرێ لە ڕووی تێگەشتنی ڕابردوومان بە گەڕانەوە بۆ یادەوەریی قوربانیان یارمەتیی ئێمە بدات.

گرنگیی کارکردن لەسەر کۆیادەوەری ئەوکات زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە وا دیارە هێشتا یادەوەریی بێدەنگ و کپ لە هەڵەبجەدا بوونی هەیە. هەر ئەو یادەوەرییە بێدەنگانەشە کە دەتوانێت پەردە لەسەر زۆرێک ڕاستی لا بدات. هێشتاش مێژووی ئەم کارەساتە تۆمار نەکراوە. بەڵگەش بۆ ئەم تەحەدایە ئەوەیە، کە مێژووی شاراوە و بێدەنگ دەبێ لە زاری خودی قوربانیان و بەجێماوانەوە ببیسترێن. ئەم توێژینەوەیە بەنیازە دەنگی قوربانیان لە یادەوەریی زارەکییەوە بۆ یادەوەریی نووسراو بگۆڕێت، واتە ئەم تویژینەوەیە دەیەوێ چیرۆکی نەوتراو و دەنگە بێدەنگەکان بگێڕێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

کاتێک کە لە مێژووی کۆن و نوێی کورد و میللەتانی دراوسێی کورد دەکۆڵیتەوە، لەو هەموو ململانێ و دژایەتییانە ورد دەبیتەوە کە بەردەوام بەرامبەر بە نەتەوەی کورد گرتوویانەتە بەر، دەگەیتە ئەو باوەڕەی کە لەپاڵ هەموو ئەو ڕاڤە و بۆچوونانەی کە بۆ دۆزی کورد و ڕابردوو و ئێستای کراون، بابەتی کۆیادەوەری یەکێک بێت لە خاڵە گرنگ و هەستیارەکان، کە لە لایەن کایەی ڕۆشنبیری و ئەکادیمییشەوە کەمترین سەرنجی خراوەتە سەر، بەتایبەت کاتێک دەگەیتە ئەوەی کە کۆیادەوەری هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی ناسنامەی هاوبەشی نەتەوەیەک. هەر ئەو ناسنامەیەی کە میلان کۆندرا باسی دەکات کە: "یەکەم هەنگاو بۆ لەناوبردنی نەتەوەیەک؛ سڕینەوەی یادگەیانە، یادەوەرییانە. دەبێ کتێبەکانی، کولتوورەکەی، مێژووەکەی لەناو ببەی. دەبێ کەسێکت هەبێ کە کتێبگەلێکی نوێ بنووسێت، کولتوورێکی نوێ و ساختە بکات و دروست بکات، مێژوویەکی نوێ دابهێنێت. دوای ماوەیەکی کەم نەتەوە، ئەوەی کە هەیە و ئەوەی کە بووە، لەبیری دەکات." (کوندرا، ١٣٩٢: ٣٥) ئەمە یەکێکە لەو ڕەخنە بەردەوامانەی کە بەردەوام بوونی هەیە و لە پەیوەندییەکی دیالێکتیدایە لەگەڵ دەسەڵات، چونکە دەسەڵات بەتایبەت لە دەسەڵاتە مەرکەزی و تۆتالیتارەکاندا هەروەها نوخبە سیاسییەکان، هەوڵ دەدەن ببنە خاوەن و کوێخای یادەوەری و فەرامۆشی.

یەکێکیتر لە خاڵە جەوهەرییەکانی کارکردن لەسەر کۆیادەوەری، پەیوەندیی نەپساوی ئەم چەمکەیە لەگەڵ دادپەروەریدا. هەر ئەو

مەقوولەیەی کە پۆل ڕیکۆر یارمەتیمان دەدات بۆ گەشتن بە قووڵایی و وەڵامەکەی. کۆیـادەوەری هەڵەبجەییەکـان چ پەیوەنـدییەکی بە عەدالەتەوە هەیە؟ عەدالەت لە کوێی کۆیادەوەریدا خۆی دەبینێتەوە؟ کەی عەدالەت بە نیســبەت کۆیادەوەرییەوە دەچەســپێت؟ چۆن کۆیـادەوەری دەتـوانێـت یـارمەتیـدەر بێـت بۆ ئەوەی لە ڕووی ئەخلاقییەوە قوربانیان بگەن بە ئاسـوودەیی؟ وەڵامی ئەو پرسـیارانە دەمـانگەیەنێـت بە کرۆکی بـابەتی یـادەوەری و دەرخســـتنی گرنگییەکەی.

## ئامانجە گشتی و تایبەتەکانی توێژینەوە

هەواڵنامەی کتێب

ئامانجە گشـــتییەکانی ئەم توێژینەوەیە ســـەبارەت بە کۆیادەوەری جینۆسـایدی هەڵەبجە لە ڕوانگەی خەڵکی هەڵەبجەوە دەکرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێنەوە:

توێژەر بە شێوەیەکی گشتی دەیەوێت بزانێت کە خەڵکی هەڵەبجە چ شـتێکیان لەبیر کردووە و چ یادەوەرییەکیان پاراسـتووە. ئایا ئەوان توانیویانە لەگەڵ ڕابردووی خۆیاندا دەستوپەنجە نەرم بکەن؟ لەگەڵی ئـاشـــت ببنەوە؟ لەگەڵی دەژین یـان خۆیـانی لێ دەدزنەوە؟ ڕەهەندەکانی کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکان کامانەن؟ ئەگەر دەتوانن یان ناتوانن کارەساتەکە لەبیر بکەن، هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ عەدالەت و یـادەوەری، چ پەیـوەنـدییەکی بە فەرامۆشـــکردنی کارەســـاتەکە و ســـاڕێژبوونی برینەکانیانەوە هەیە؟ ئایا گێڕانەوەی

یادەوەری ڕووی داوە و بەردەوامە؟ شوێنەکانی یادەوەری لەلای هەڵەبجەییەکان کامانەن؟

### ئامانجە تایبەتەکان

- دیاریکردنی ڕەهەند و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەری لەنێو خەڵکی هەڵەبجەدا.
- گەڕان بەدوای وەڵامی ئەوەیکە کۆیادەوەریی جینۆسایدی هەڵەبجە بیچمی گرتووە یان نا.
- تێگەشتن لە پەیوەندیی نێوان یادەوەری، مێژوو و ڕۆڵی شوێنەکانی یادەوەری لە دووبارە خوێندنەوەی حاڵەتی ڕابردوو.
- تێگەشتن لە ڕەهەندی ئەخلاقی-چارەسەرییەکانی کۆیادەوەری و پەیوەندیی بە وەبیرهێنانەوە و فەرامۆشییەوە.

### پرسیارە سەرەکییەکان

- ئایا کۆیادەوەری جینۆسایدی هەڵەبجە لە یادگەی خەڵکی هەڵەبجەدا بیچمی گرتووە؟
- ئەوانەی کە یادەوەریی ڕاستەوخۆیان بۆ کارەساتی هەڵەبجە هەیە، بۆ کێی دەگێڕنەوە و کەی بەبیریان دێتەوە؟
- چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەری کامانەن؟

- ئەو هۆکـارانەی کە دەبنە هـۆی ئەوەی کە خەڵـکی هەڵەبجە کارەسـاتی کیمیابارانی هەڵەبجەیان بەبیر بێتەوە یان فەرامۆشـی بکەن، کامانە؟

- شـــوێنەکـانی یـادەوەری بۆ هەڵەبجەییەکـان کـامـانەن؟ ڕۆڵی شوێنەکانی یادەوەری لە بەبیرهاتنەوەی یادەوەرییەکاندا، چییە؟

هەواڵنامەی کتێب

## توێژینەوەکانی پێشوو

نامەی ماســـتەری فاتیمە قەنبەری، لەژێر ناونیشـــانی "تاووتوێی کۆیادەوەریی خەڵکی تاران بۆ شـــەڕی ئێراق و ئێران "، لە ســـاڵی ١٣٩١دا. ئەو لە نـامەکـەیدا پشـــتی بە تیۆرەکـانی دوو تیۆریســـتی بەناوبانگی ڕۆژئاوایی، واتە موریس هاڵباکس و پۆل ڕیکۆر بەســـتووە. ســـوودی لە چەمکی کۆیادەوەریی هـاڵبـاکس و بەتـایبەت لە بواری گێڕانەوەی یـادەوەرییە تـاکەکەســـییەکـان کە یەکەمین ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان یادەوەریی تاکەکەســـی و کۆیادەوەری وەرگرتووە، هەروەها ئـاڵوگۆڕی یـادەوەرییەکـان کە بۆ فۆرمەلەکردنی یـادەوەریی مێژوویی ئەو کەســانەی کە ئامادەی شــەڕ بوون، هەروەها بیروڕاکانی پۆل ڕیکۆر ســـەبارەت بە پەیوەندیی "نەوە بۆ نەوە" بۆ بەســـتنەوەی یادەوەریی تاکەکەســـی و هاوبەش و زیانەکانی یادەوەری لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوە نـافەرمییەکـانـدا کە هەنـدێ جـار دەبێتە هۆی کەمیی یادەوەری.[١]

ئەو بۆ دۆزینەوەی هۆکارە تایبەتەکانی کەمیی یادەوەرییەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوە نـافەرمییەکـانـدا، ســـوودی لە ڕێبـازی چۆنـایەتی (کواڵیتەیتڤ) و چـاوپێکەوتنی قووڵ وەرگرتووە و تەنیـا لە قۆنـاغی شیکردنەوەی داتاکاندا بۆ پێشینەی تیۆری دەگەڕێتەوە. لە کۆتاییشدا بە ئـامـاژەدان بە ڕۆڵی گێڕانەوەی فەرمی و دامەزراوە فەرمییەکـان،

١ قنبريان، فاطمه، ٢٠١٢، بررسی خاطرەی جمعی مردم تهران از جنگ تحمیلی، پایاننامەی کارشناسی ارشد به راهنمایی دکتر سارا شریعتی، دانشکه علوم اجتماعی، دانشگاه تهران.

هەواڵنامەی کتێب

دەگاتە ئەو دەرەنجامەی کە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لەوەی کە ئەم هۆکارانەی کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین، هۆکاری کەمیی ئاڵوگۆڕی یادەوەرین لە کۆڕ و کۆبوونەوە نافەرمییەکانی وەک خێزان و خزمایەتی:

- ئیمیتیازات و سوودمەندیی بوونی هەندێک لەوانەی کە پێشتر خەباتیان کردووە.
- کایەی سیاسی و نارەزایەتیی خەڵک بەرامبەر بە دەسەڵات.
- گرنگینەدانی خەڵک بە بابەتی شەڕ.
- دوورکەوتنەوە لە ریا.
- ئازاری باسکردنی شەڕ.

هەواڵنامەی کتێب

نامەی ماستەری ئەسەدوڵای ئەحمەدی، لەژێر ناونیشانی "مێژوو و کۆیادەوەری، توێژینەوەیەک سەبارەت بە مێژوو و کۆیادەوەری لە ئەفغانستاندا ". ئەحمەدی لەم توێژینەوە زۆر قووڵ و نایابەی خۆیدا کە لە زانکۆی تاران و بە سەرپەرشتیی "یوسف ئەبازەری"دا ئەنجام دراوە، دەپەرژێتە سەر دیالێکتیکی یادەوەری و مێژوو. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە، بابەتێکی ئەخلاقییە و ئەویش بریتییە لە بابەتی عەدالەت لە یادەوەری و فەرامۆشیدا. ئەو هەوڵی داوە کە کایە

---

[١] بڕوانە نامەی ماستەری اسدالله احمدی ٢٠٠٨، تاریخ و خاطرەی جمعی: پژوهشی در تاریخ و خاطرەی جمعی در افغانستان، پایاننامەی کارشناسی ارشد بە راهنمایی دکتر یوسف اباذری، دانشکده علوم اجتماعی، دانشگاه تهران.

کۆمەڵایەتییەکانی بە بیرهێنانەوە و فەرامۆشـــی و بە شـــێوەیەکی تایبەتی گێڕانەوە مێژووییەکان لەســـەر بنەمای تیۆری کۆیادەوەری و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکـانی یـادەوەریی موریس هـاڵبـاکس ڕوون بکـاتەوە. زمـان، نەتەوایەتی و ئـایین؛ چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکـانی کـۆمەڵگەی ئەفغـانـیـن. بـۆ فـۆرمـبەنـدیـکـردنـی ڕوونـیـی دووبـارە خوێندنەوەی حاڵەتی ڕابردوو لە ئەفغانســـتاندا، تیۆری هێرمۆنۆتیکی گێڕانەوەیی (روایی) پۆل ڕیکۆر بەکار دەهێنێت.

ئەو ئەنجامانەی کە ئەو توێژینەوەیە دەیدات بەدەستەوە، باس لەوە دەکات کە کۆیادەوەری و یادەوەری مێژوویی ئەفغانستان، پچڕپچڕە و زمـان، نەتەوایەتی و ئـایین وەک چوارچێوەکـانی بەبیرهـاتنەوە و فەرامۆشی لە بیچمگرتنی گێڕانەوە مێژووییەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی و چارەنووســـاز دەبینن. بە هەر حاڵ، ئەنجامەکان دەریدەخەن کە کۆیادەوەریی ئەفغانســـتان، یادەوەرییەکی نەتەوەییە و ڕووداوەکانی ڕابردوو لە ڕێگەی ئەو ســـێ چوارچێوانەوە بەبیر دێنەوە و لەبیر دەکرێن.

"شـــەڕی جەزایر لە کۆیادەوەریی فەڕەنســـییەکاندا "، ناونیشـــانی[1] وتارێکە کە لەلایەن ئانتوان پروســـت؛ کۆمەڵناســـی فەڕەنســـییەوە نووســـراوە. پروســـت لەم وتارەدا دەپەرژێتە ســـەر ئەوەی کە چۆن لە

---

[1] Prost .Antoine, The Algerian War in French collective memory, p.p (161-176), winter, Jay. Sivan Emmanuel, 1999, War and Remembrance in the Twentieth Century, CAMBRIDGE, UNIVERSITY PRESS

کولتووری خەڵکی فەڕەنسادا هیچ کۆیادەوەرییەک سەبارەت بە شەڕی جەزایری نێوان ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٦٢شکڵی نەگرتووە، لە کاتێکدا کە لەم شەڕە خوێناوییەدا ٣٠٠٠٠ سەرباز کوژراون. ئەو لە درێژەی بابەتەکەیدا ئەو هۆکارانە کە بوونەتە هۆی شکڵنەگرتنی کۆیادەوەریی فەڕەنسییەکان، بەم چەشنەی خوارەوە پۆلێن دەکات:

یەکەم: جەزایر کۆمەڵگەیەکی ئاوێتەیە لە عەرەبەکان، نۆ میلۆن فەڕەنسیی بە ڕەگەز ئەفەریقی، قاچڕەشەکان و... هتد. دووەم: قاچڕەشەکان و فەڕەنسییەکان پێکەوە بەشدار بوون. سێیەم: فەڕەنسا کەمێک پێش سەربەخۆیی جەزایر لە ساڵی ١٩٦٢دا لەلایەن ئەڵمانیاوە داگیر کراوە. چوارەم: پاش سەربەخۆیی بزاوتەکان و قاچڕەشەکان، بەرەو فەڕەنسا هەڵاتوون، بەڵام نەبوونە خاوەنی ناوبانگ و ئیعتیبار. پێنجەم: سەربازەکان یادەوەرییەکانی خۆیان بەناچاری بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، چونکە کەس گوێی بۆ نەدەگرتن. شەشەم: کە لە ڕوانگەی پروستەوە گرنگترین بەڵگە بوو، ناشەرعیبوونی شەڕی جەزایر بوو، هەر ئەوەش دەبوویە هۆی ئەوەی کە یادەوەریی سەربازانی شەڕ، وەک یادەوەریی تاکەکەسی بمێنێتەوە.

"ڕۆڵی کۆیادەوەری لە سەرهەڵدانی ململانێ نەتەوەییەکاندا "، ناوی [1] وتارێکی دیکەیە کە دکتۆر عەلی ئەسغەر داوودی نووسیویەتی. پرسیارێک کە ئەم وتارە دەیورووژێنێت، ئەوەیە کە کۆیادەوەری چ

[1] بڕوانە داودی، علی اصغر، ٢٠١٣، نقش حافظه جمعی در بروز منازعات قومی. https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?ID=200120

ڕۆڵێکی هەیە لەم ململانێیـانەدا. بـاوە کە ئەم جۆرە ململانێیـانە، ڕەگوڕیشـەیان لە ڕابردوودایە. ئەو خەڵکەی کە کۆمەڵێکی نەتەوەیی پێک دەهنێن، خاوەنی کۆیادەوەرییەکی هاوبەشـن کە کاریگەریی لەسـەر نـاسـنامەی نەتەوەییـان هەیە. ئەو وا دادەنێـت کە بۆ ڕێگریگردن لە ململانێیەکـان، دەبێ لە ڕۆڵی ڕابردووی هـاوبەش لە کاتی ئێستادا تێبگەین.

# بەشی دووەم

# ئەدەبیاتی توێژینەوە

## یادەوەری  لە ڕوانگەی زمانەوانی و فەلسەفییەوە

چەمکی کۆیادەوەری لەگەڵ داهێنان و بەرهەمە بەنرخەکانی موریس هاڵباکس؛ کۆمەڵناسی دیاری فەڕەنسییەوە هاتە نێو کایەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە. هەروەها پۆل "ڕیکۆر"ی فەیلەسووف و "پیەر نۆرا" بوون، کە ئەم چەمکەیان پەرە پێ دا و بەرفراوانتر و دەوڵەمەندتریان کرد. جگە لەمانەش، جفرەی ئۆلیك ، جەی وینتەر ، ئەلئیدا ئاشمان و یان ئاشمان[3] و چەند [4]توێژەرێکی ٥
دیکە، لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەوە تا ئەمڕۆکە بەقووڵی کاریان لەم بوارەدا کردووە و هەریەکە لە ڕەهەندگەلی جیاوازەوە بەردەوامییان بە خوێندنەوە و پەرەپێدانی بواری کۆیادەوەری داوە. هەر بۆیە توێژینەوەکان لەم بواردە، پانتاییەکی

---

[1] Memory

[2] Olick , Jeffrey

[3] Jey Winter

[4] Aleida Assmann

[5] Jan Assmann

بەرفراوانی کایەی ئەکادیمییان لە زانکۆ پێشــــکەوتووەکانی دونیادا لەخۆ گرتووە.

یادەوەرییش وەک زۆرێـک لە چەمکە لاســـتیکییەکانی زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵناســـی، چەمکێکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە. جفرەی ئۆلیک –کە یەکێکە لە تیۆریســـتەکانی ئەم بوارە- "ئاماژە بە فرەڕەهەندبوون و فرەواتابوونی ئەم چەمکە دەدات و هەر ئەمەش وا دەکات هەندێک ئاڵۆز بێتە پێشچاو" (Henry, 2008: 9) هەروەك چۆن پۆل ریکۆری فەڕەنسییش پێیوایە کە بابەتی یادەوەری لە ڕووی پراکتیکی و تیۆرییشەوە کارلەسەرکردنی ئەستەمە.

ئاشـــکرایە کە یەکێک لەو میتۆدانەی کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین لە واتای چەمک و زاراوەیەک تێبگەین و ڕەهەندەکانی شەنوکەو بکەین، ئەوەیە کە ڕەگوڕیشـە زمانەوانییەکەی دەربهێنین. بۆیە گەڕانەوەی بۆ فەرهەنگی زمانە جیاوازەکان، یارمەتیدەرێکی باش دەبێت. لە زمانی فەڕەنسیدا، وشـە و چەمکەکان واتای نێر و مێیشیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتووە و هەنـدێکیـان بۆ نێر بەکـار دێن. لە فەڕەنســـیـدا "Souvenire" واتە یادەوەری، یەکێکە لەو چەمکانەی کە نێرە و بە واتای یادەوەری، یاد، یادگاری و یادگار بەکار دێت، هەروەها بە واتای توانـانی بیرکەوتنەوە و لەیـاددا مـان (لاروس، ١٣٩٠: 507) بەڵام مێمواغ (memoire)، ئەگەر بە واتا مێیەکەی هات، بە واتای یادگە، یـاد، زەین و... دێـت. لە فەرهەنگی ئۆکســـفۆردیشـــدا ( oxford poche، ٢٠١٠: ٢٣٨)، هەم "soinenire" و هەم "memoire" بۆ

"memory" وەرگێڕان کراون. کەواتە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لە زمانی ئینگلیزیدا، وشەی "soinenire" بوونی نییە.

هەر چەندە داریوشی شایگان لە کتێبی "بت های ازلی و خاطره ی ازلی"دا جیاوازییەکی ئەوتۆ دەکات لەنێوان ئەم دوو زاراوەیەدا، بەڵام لە زمانی فارسییشدا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان "خاطره" و "حافظه"دا ناکرێت و هەردوو وشەکە لەجیاتیی یەکتر بەکار دەهێنرێن، ئەمەش خۆی بۆخۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی کەلێنێکی زمانەوانی لەو زمانەدا. ئەم چەمکە لە زمانی فارسیدا لە وشەی عەرەبی "خاطر"ەوە وەرگیراوە. ڕەگوڕیشەی ئەم کردارە، "خطر یخطر"ەیە (معلوف، ١٣٨٣)، کە بە واتای "بەبیری کەسێکدا هاتن، کەوتنە یادی کەسێک"، بەکار دێت. لە زمانی فارسیدا و لە یەکێک لە فەرهەنگەکاندا کە ناوی "دهخدا"یە، بەم جۆرە واتا بۆ "خاطره، طِرَ/رِ" کراوە: کۆمەڵێک حاڵەت کە بەسەر کەسێکدا هاتبێ و ئەو شوێنەوارانەی لەسەر زەین بەجێ هێشتبێت. ڕابردووەکانی مرۆڤ، ڕووداوەکانی ڕابردوو کە کەسێک پێیدا تێپەڕی بێت یان بیستبێتی دەگرێتەوە. بینینەکانی ڕابردوو یان بیستراوەکان، ج، خواطر، خاطره ها، خاطره ها، خاطرات، یادگار" (دهخدا، ١٣٨٧: ٩٣٢٣-٩٣٢٤). وشەی خاطرەیش ئەم واتایانەی خوارەوەی هەیە: ١. زەین، ڕاناو. ٢. ئەو بەشە لە ڕاناو کە ناوەندی سۆزە، دڵ. ٣. یادگە، یاد. ٤. هزر، بیر، عەزم، ئیرادە، مەبەست. ئەوەی کە بەبێ بیرکردنەوە بێتە ناو دڵەوە. هەروەها یادەوەری لە فەرهەنگی "سخن" دا بە واتای: ١. ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە و لە یادگەی کەسدا

دەمێنێتەوە. ٢. یـادبود، بەبیرهـاتنەوە. ٣. زەین و یـادگە، هـاتووە (فرهنگ فشرده سخن، ١٣٩٤: ٨٩٠). لە زمانی عەرەبییشـدا هەردوو وشـــەکە "ذاکرة" و "حـافظة" و "تـذکار" و "ذکری" بەکار هاتوون و تەنانەت لەو کتێبانەدا کە لەسـەر پۆل ڕیکۆر و مێژوونووسـی ئەڵمانی "یان ئاشمان"ی میسرناس بە زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون، لەجیاتیی چەمکی کۆیادەوەری؛ "الذاکرة الجمعیه" بەکار هاتووە.

بەڵام لە زمانی کوردیدا تا ئەو شـــوێنەی کە توێژەر بەدواداچوونی کردووە، بە شێوەیەکی وردی زانستی و لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت، هاوڕاییەک لەسەر زۆرێک وشە و چەمکی زانستی و بەتایبەت زانستە کـۆمەڵایەتـیـیەکـان بـوونـی نـییە. ئەوەتـا مـامـۆسـتـا هەژار لە "هەنبانەبۆرینە"دا جیاوازییەکی ئەوتۆ ناکات لەنێوان یاد و خاطرە و حـافظەدا. ئەو نووسـیویەتی: یاداوەری واتە بەبیرهێنـانەوە و یـاد و حـافظەشـــی بە هـاوواتـا دانـاون" (موکریـانی، ١٣٨٤: ١٠٢٦). یـان فەرهەنگی فارسـی-کوردی زانکۆی کوردسـتانیش لەژێر کاریگەریی زمانی فارسـیدا، دیسـان هەردوو چەمکەکەیان بەو یەك واتا بەکار هێناوە ، لە کاتێکدا کە ئێمە لە زمانی کوردیدا حافظە بەکار ناهێنین. لە نوێترین کتێبیشدا کە پەرژابێتە سەر یادەوەری، دکتۆر ئازاد حاجی ئاقایی نووسـیویەتی، ئەم چەمکە بە بیرەوەریی هاوبەش یان گشـتی وەرگێڕان کراوە . بەڵام دەکرێ ئاماژە بە جیاگردنەوەیەکی سـەرەتایی

[١] بڕوانە فرهنگ فارسی-کردی، ٢٠١٣، دانشگاه کردستان، جلد دوم، ج-ظ، چاپی دوم، سنندج انتشاران کردستان. ص٨٧٥ و ٩٣٢.

[٢] بڕوانە کتێبی رابردووە هاودژەکان، هوێندنەوەیەکی دیسکۆرسیڤ لە ناسیۆنالیزمی کورد، ٢٠١٥، دەزگای جەمال عیرفان.

بکەین بۆ هەردوو چەمک کە لە فارســـیشـــدا بە وردی و ڕوونی جیا نەکراونەتەوە، بۆ نموونە لە زمانی فارســـیدا بۆ حافظە و خاطرە؛ هەم بیرەوەری بەکار دێت، هەم یادەوەری، هەندێ جاریش یادگاری بە واتای "حافظە"، بەڵام لە کوردیدا ئەگەر زیاتر ئاماژە بە شـــوێنی هەڵگرتنی یادەوەرییەکان بکەین، دەتوانین یادگە بەکار بهێنین، واتە شـــوێنی یادەوەری و بیرەوەری و بۆ خاطرەش ئاماژە بە یادەوەری و بیرەوەری بکەین. بە بۆچوونی من، باشـــترین و گونجاوترین واتا بۆ چەمکی کۆلێکتیڤ میمۆری؛ کۆیادەوەرییە.

ئەگەر بەراوردی بکەین بە فەڕەنسی، لە زمانی فەڕەنسیدا کاتێک کە دەڵێین "souvenire"، واتە مەبەســـتمان واتا کۆکەیەتی، واتە "souvenir collectif"، کە لە کوردیدا دەکاتەوە کۆیادەوەری، بەڵام بۆ مێمواغ (memoire) ئەمە هەندێک قورســـە. واتای ئەم چەمکە لە زمانی کوردیدا دەبێتە "یادگە" و "ســـوڤەنیغ"یش دەبێتە یادگاری، یادەوەری و بیرەوەری. لە "دانشـــنامە بریتانیکا"دا بۆ پێناســـەی "حافظە" نووســـراوە: پاراســـتن و دۆزینەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو لە زەینی مرۆڤدا کە هـاوشـــانە لەگەڵ پڕۆســـەی بەبیرهێنـانە و بەپێچەوانەوە فەرامۆشـــکردن. پاراســـتن و دۆزینەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو لە زەینی مرۆڤدا، کە کاریگەریی ئەم ئەزموونانە لەســـەر ڕەفتارەکانی دواتر، شـــایەتێک دەبن لەســـەر کردەی بەبیرهاتنەوە . ئەگەر ســـەرنجی زمانە لاتینییەکەی چەمکی کۆلێکتڤیش بدەین، دەبینین کە وشـــەی "collective" ڕەگوڕیشـــەکەی بریتییە لە

[1] Encyclopedia Britannica (2002)(Deluxe Edited) Memory

"colligere" کە واتای کۆکردنەوە، خڕکردنەوە و کەڵەکەکردن دەگەیەنێت و بریتییە لە هەر شتێک کە لەنێوان ئەندامانی یەک گرووپدا هاوبەش بێت (بیرو، ١٣٨٠: ٥٠).

جیا لە واتا زمانەوانییەکەی ئەم چەمکە، دەگەینە واتا ناوەڕۆکییەکەی و لەم پێناوەدا گەڕانەوە بۆ هەندێک سەرچاوە و ڕەگوڕیشەی وشەکان و چەمکەکان، تێگەشتنێکی وردتر و قووڵترمان بۆ ئەم بابەتە پێ دەبەخشێت. بەتایبەت کە دەبینین بابەت و پێناسەگەلێک کە لە چەند دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی ئەم سەدەیەدا بۆ زۆر چەمک کراون، لەگەڵ ئەو چەمکانەدا کە فەیلەسووفانی کۆن خستوویانەتە ڕوو؛ جیاوازن.

بەڵام ئستوورەناسی یۆنانی ئاماژە بە خواوەندێک دەکات بە ناوی منەموزینە ، کە بە "خواوەندی[1]یادەوەرییەکان" ناسراوە و یەکێکە لە کۆنترین خواوەندەکانی سەردەمی کۆن. کتێبی بتە زەینییەکان و یادەوەرییە ئەزەلییەکان، ڕەگوڕیشەی چەمکی یادەوەری بۆ ئەفسانەکانی یۆنان دەگەڕێنێتەوە: منەموزینە، خواوەندی یادەوەری و یادگەیە و دایکی فریشتە نیگابەخشەکان واتە موزەکان ، کچی ئاسمان و زەوییە و دەزگیرانی زیۆس . یاری، سەما، مۆسیقا و هۆنراوە ٣
پەیوەستن بە یادەوەری یان منەموزینەوە، بەڵام گرنگترین ئەرکی

---

[1] Mnemosyne

[2] Muse

[3] Zeus

ئەوەیە کە بوون ەکان بگەیەنێتە ڕوۆناکی هەتاهەتایی " (شـــایگان، ۱۳۸۳: ۲۲٤).

بەگوێرەی باوەڕە ئەفسـانەییەکانی یۆنانییەکان، ڕۆحی مردووەکان لە "ڕووبـاری لەتە"ەوە، کە بە "کـانیی فەرامۆشـــی"ش نـاســـراوە، دەخۆنەوە و یـادەوەرییەکـانی دونیـای زینـدووەکـان لەبیری خۆیـان دەبەنەوە، بەڵام لەبەرامبەر ئەمـانەدا ئەوە مرۆڤە خۆشـــبەخـت و نەمرەکانن کە بە خواردنەوە لە "کـانیی یادەوەری"، یـادەوەرییەکـانی جیهانی زیندووان دووبارە بەبیر دەهێننەوە و دەگەن بە نەمری. بۆیە خواردنەوە لە ئاوی ئەم کانییە، بە واتای زیندووبوونی ناوە و نەمریی هەتاهەتایی. لە دەقە پیرۆزە ئاینییەکان و ئەســتوورەکاندا، یادەوەری بە ســـەرچاوەی ژیان و فەرامۆشـــییشـــیان بە هاوواتای مردن لێک داوەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە لەبەرامبەر منەموزینەدا، ڕووبـاری لەتە یـان کـانیی فەرامۆشـــی هەیە. ئەوە خواوەنـدی یـادەوەرییە کە ئەرکێکی دیکەی هەیە کە بریتییە لە ناونانی شتەکان. ئەو یارمەتیی مرۆڤەکان دەدات کە شـــتەکان لە یادگەی خۆیاندا بپارێزن، تا ئەو کاتەی کە بتوانن لە کاتی پێویستدا بەبیری خۆیانیان بهێننەوە. ئەگەر منەموزینە نەبووایە، کەســـەکـان نەیـانـدەزانی لە کوێوە هـاتوون و بەرەو کوێ دەڕۆن. بەبێ یـارمەتیی ئەو، مرۆڤەکـان نـاتوانن تەنـانەت ڕێگـای

---

[1] Das Gewesene

[۲] ئەبەدیەت

ماڵەوەشـــیان بدۆزنەوە، ئەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان؛ ئەوانیتر و شتەکانی تر لێک جیا بکەنەوە.

یەکێک لە گەورەترین فەیلەسـووفانی یۆنان کە پەرژاوەتە سـەر چەمکی یادەوەری، ئەفلاتوونە. ئەو لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوان "Theaitetos" و سوقراتەوە ئەرکی منەموزینە بەڕوونی بۆ ئێمە شی دەکاتەوە. ئێمەش لێرەدا دەقاودەقی گفتوگۆکەیان دەگوازینەوە:

سوقرات: ئایا دەکرێ مرۆڤ فێری ئەو شتە ببێت کە نایزانێت؟

Theaitetos: بەدڵنیاییەوە دەکرێ.

سوقرات: ئێستا بۆ ئەوەی کە بتوانین بابەتەکە بەباشی بەرجەستە بکەین، وا بزانە کە ئێمە لەناو خۆماندا لاپەڕەیەکمان (لەوحێك) هەڵگرتووە کە دەکرێت نەخشی لەسەر بکێشرێت و ئەم لەوحە لە هەندێک کەسـدا گەورەترە و لە هەندێک کەسـدا بچووکتر، لە هەندێك کەسدا ڕۆشنتر و لە هەندێکی تردا ناڕۆشن، لە هەندێکدا نەرمترە و لە هەندێکی تردا ڕەقتر.

Theaitetos: و دەڵێین کە ئەم لەوحە دیارییەکە کە منەموزینە دایکی خواوەندانی مەعریفە و هونەر بە ئێمەی بەخشـیوە و ئێمە ئەوەی دەیبینین، دەیبیسـتین، بیری لێ دەکەینەوە و دەمانەوێ؛ لە یادگەماندا هەڵیگرین و بەبیری خۆمانی بهێنینەوە، لەسـەر ئەم لەوحە وێنەی دەکێشـین. بەو واتایەی کە هەروەک چۆن پارچەیەک لە مۆم لەژێر نقێمی موسـیلەیەکدا دادەنێین تاوەکوو نەخشـی

مۆرەکەی لەسەر بکێشرێت، ئێمەش ئەو لەوحی مۆمەی کە لە ناخی خۆمـانـدا هەڵمـانگرتوون؛ لەژێر ئەوەدا کە بە هەســـت بۆمـان دەردەکەوێت یان بیری لێ دەکەینەوە، دادەنێیین و ئەوەی کە لەسـەر لەوحەکە دەکێشـرێن، تا ئەو کاتەی کە نەخشـەکە بمێنێتەوە؛ بەبیر دەهێنینەوە و دەیزانین، بەڵام پاش ئەوەی کە نەخشـەکە سـڕایەوە یان تەنانەت ئەگەر نەخشـەکە هەر دەرنەکەوتبوو، ئەوەی بینیومانە و بیســـتوومـانە و بیرمـان لێ کردۆتەوە؛ لەبیر دەکەین و نـایزانین" (افلاطون، ١٣٨٠: ١٣٤٨ و ١٣٤٩).

بەم دیالۆگەدا دەردەکەوێت کە فەلســـەفەی ئەفلاتوون بوو کە بەرگێکی فەلســـەفی و مەعریفیی کرد بە بەری چەمکی یادەوەریدا، بەڵام "ئەرەســـتۆ بە هێـنـانەخوارەوە ئەم چەمکە لە جیهـانـی خواوەنـدانەوە بۆ زەوی، بەرگەبـاڵای (اســـتعلایی)یەکەی یـادەوەری هـاڵمـاڵی و بە حـاڵەتێکی پێنـاســـە کرد کە پەیوەســـتە بە مێژووی ڕابردوویەکی تاکەکەسییەوە و سەرلەبەر دنیایی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، یادەوەری هەمان "حاڵەتی ڕابردوو"ە. یادەوەرییش جۆرێکە لە کردە و چالاکی و هەر ئەم چەمکەش لە ئیلاهیاتی "قدیس ئاگۆســتین"دا بە واتـای "چـاوەڕوانی کۆتـاییهـاتوو" بەکـار هـاتووە. هەوڵ دەدەین ڕێڕەوی گۆڕانی چەمکی یادەوەری و ئەوەی کە چۆن کەســانێک و لە چ ڕوانگەیەکەوە پەرژاونەتە ســەر ئەو چەمکە، لە بەشــی ئەدەبیاتی تیۆریـدا زیـاتر ڕوون بکەینەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە ســـەدەی بیســـتەمدا و بەتایبەت دوابەدوای شـــەڕە خوێناوییەکانی یەکەم و دووەم و جینۆســایدی هۆڵۆکۆســـت و بۆمبارانی شـــارەکانی

هیرۆشیما و ناکازاکی، ئەو شەڕانەی کە بەرۆکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرت، بابەتی کۆیادەوەری؛ بابەتێکی گەرمی جێی مشـــتومڕی کایە ئەکادیمییەکان بووە تا ئەم ساتەوەختەش.

جیاکردنەوە و وردکردنەوەی چەمکەکە بۆ چەندین چەمکی دیکەی وەک "یادەوەریی کۆمەڵایەتی"، "یادەوەریی مێژوویی"، "یادەوەریی تـاکەکەســـی"، "یـادەوەریی کولتووری"، "یـادەوەریی نەتەوەیی" و "یادەوەریی دەســـتکرد" و...؛ بەڵگەن لەســـەر ئەم گرنگیپێدانانەی زانایانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و بەتایبەت کۆمەڵناسی.

## زەمینە هزرییەکانی کۆیادەوەری: بێرگسۆن، دۆرکهایم و قوتابخانەی ئانال

ئاشکرایە کە کۆنتێکستی ژیانی هەر کەسێک، هەر نووسەرێک، یان بەرهەمهاتنی دەقێک، تەنانەت دەقێکی ئاســمانی، لەژێر کاریگەریی ئەو کۆنتێکستەدایە کە نووسەرەکە و دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە. بۆیە ئـامـاژەدانێکی کورت بە هەنـدێـک ڕەهەنـدی ژیـان و ئەو کۆنتێکسـتە کۆمەڵایەتی، ئابوری، سـیاسـییەی کە داهێنەری چەمکی کۆیادەوەریی تێدا ژیاوە، یارمەتیدەرێکی باشـــە بۆ تێگەیشـــتن لە خودی چەمک و بابەتەکە.

موریس هاڵباکس [1] لە ریمز و لە ساڵی ١٨٧٧ لە خێزانێکی کاسۆلیک و (Alsatian) لەدایک بووە. باوکی مامۆستایەکی ئەڵمانی بوو، کە لە چەند ساڵێک بەر لە لەدایکبوونی کوڕەکەی، ئەلزاسی پاش لکاندنی بە ئەڵمانیاوە و لە ئەنجامی شەڕی فەڕەنساوە بەرەو پروسیا جێ هێشتبوو. ئەو لە ژینگەیەکدا گەشەی کرد کە فەلسەفەی باو تێیدا لیبراڵ بوو. دوو ساڵ پاش لەدایکبوونی هاڵباکس، خێزانەکەی بەرەو پاریس کۆچیان کرد و هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە دنیایەکی پڕ جۆشوخرۆشی ڕووناکبیرانی پاریسیدا گەورە ببێت. لە (١٨٩٨-١٩٠١) فەلسەفەی خوێند و وەک مامۆستا کاری کرد. دواتر لە فەلسەفەوە ڕووی کردە کۆمەڵناسی. هاڵباکس لە ساڵی ١٩٠٧، یەکەم بەرهەمی خۆی بە ناونیشانی "سەبارەت بە لایبنیتز" نووسی. ساڵی ١٩١٠ ڕۆشت بو بەرلین. لە بواری ڕۆنامەگەرییشدا کاری کرد. لە ١٩١٩ بەرەو کەین باروبنەی پێچایەوە. دواتر بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لە زانکۆی ستراسبورگ مایەوە. لە مارچی ١٩٢٢ بوو بە پرۆفسیۆری کۆمەڵناسی و سەردانی زانکۆی شیکاگۆی کرد. لە ساڵی ١٩٣٥ گەڕایەوە بۆ سۆربۆن و کورسیی مێژووی ئابووریی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی مسۆگەر کرد. لە رەزبەڕی ١٩٤٤ لەلایەن گێشتاپۆوە گیرا لە پاریس و نێردرا بۆ "کەمپی بووخوم واڵد ".[٢]

[1] https://www.encyclopedia.com/people/social-sciences-and-law/sociology-biographies/maurice-halbwachs

[2] Buchenwald camp

لویس کۆزەر لە پێشـەکیی کتێبی "سـەبارەت بە کۆیادەوەری"دا کە وەرگێڕانی کتێبەکەی هاڵباکسـە لە زمانی فەڕەنسـییەوە بۆ ئینگلیزی، ئاماژەی بەوە داوە کە دوو ڕووداوی گرنگ لە بیچمگرتنی بیرکردنەوەی موریس هاڵباکسـدا ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە: یەکێکیان بریتییە لە فەلسـەفەی "هێنری بێرگسـۆن" و ئەوی تریان ئەو ئاڵۆگۆڕە هزرییەی کە لەگەڵ مێژوونووسـانی قوتابخانەی ئانالدا هەیبووە" (Halbwachs,1992:7). دواجاریش هەر لەوێ و لە (١٩٤٥/٣/١٦) و لە تەمەنی شەت و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

بەکورتی با بزانین بۆچوونەکانی بێرگسـۆن سـەبارەت بە یادەوەری چین. یەکێک لە کتێبە زۆر گرنگە فەلسـەفییەکانی بێرگسـۆن، ناوی "مادە و یادگە (١٨٩٦)"یە. ئەو لەم کتێبەدا دەپەرژێتە سەر پەیوەندیی نێوان زەین و جەسـتە. باوەڕی وایە کە مادە تەنیا ئەو شـتەیە کە وا دێتە پێش چاو. ئەو لە ڕێگەی تاووتوێی یادگەوە، لەسـەر ئەو بنەمایەی کە یادگە ڕێک و ڕاسـت خاڵی کارلێکی نێوان زەین و مادەیە، بەدوای وەڵامگەلێکدا دەگەڕێت. "ئەو لەنێوان دوو جۆر یادگەدا جیاوازی دەکات، سـەرەتا جۆرێک لە یادگە کە بریتییە لە میکانیزمە جووڵەییەکان کە زیاتر لە خوو دەچن یان خوون" (فریدمن، ١٣٧٣: ٢٢٥). بەڵام لە بەرامبەردا جۆرێکی تر لە یادگە یان یادەوەریی دەگمەن بوونی هەیە کە پێی دەگوترێت "یادگەی ناياب"[1]، کە "شـتێکە کە ڕەنگدانەوە و تۆمارکەری هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئێمەیە و هیچ شـتێکی بەشـەکی (جزئی) پشـتگوێ ناخات.

[1] pure recollection

یـادگە لەم واتـایەدا ڕۆحییە و قەبووڵی ئەمە بەو واتـایە دێـت کە بەشـێکە لە زەینی ناهوشـیار" (هەمان، ٢٢٦). ئەو یادگە بە ئاوێتەی ڕابردوو و ئێستا بە مەبەستی ئایندە لێک دەداتەوە.

بێرگسۆن سێ ڕەوت دەستنیشـان دەکات کە هیچ کامیان لە یەک جیا نین و بە جۆرێک تەواوکەری یەکترن: "یادی دانسـقە، یادگە-وێنە ، پەیپێبردن". پەیپێبردن هەرگیز بەریەککەوتنێکی ڕووتی زەین و شـتێک نییە کە ئێسـتا بوونی هەیە، بەڵکوو ئاوێزانە لەگەڵ ئەو ئیمەیج میمۆریانەی کە هەر بەو جۆرەی کە ڕاڤەیـان دەکەن، تەوایشـیان دەکەن. ئەو دەنـووسـێـت: "ئەگەر یـادگە، واتە شـوێنەوارەکانی وێنەکانی ڕابردوو بوونی هەبێت، کەواتە ئەو وێنانە (ئیمەیج) دەبێت بەردەوام ئـاوێزان بن لەگەڵ ئێسـتـای ئێمەدا و تەنانەت بتوانێت جێگایان بگرێتەوە، چونکە ئەوانە ئەگەر ماونەتەوە، بۆ ئەوەیە کە بەسـوودن و بەردەوام ئەزموونەکانی ئێسـتای ئێمە لەگەڵ ئەوانەی ڕابردوودا کامڵتر دەکەن و لەبەر ئەوەی بێ دابڕانیش ئەم ئەزموونانە لە زیادبووندان، دواجار ئەزموونەکانی ئێسـتا لەنێو خۆیاندا دەشارنەوە" (پیرسون و مولرکی، ٢٠١٠: ١٨٠).

لە بۆچوونەکـانی بێرگسـۆنەوە وا دەردەکەوێـت کە کـات بە کەڵەکەبووی ڕابردوو لە ئێسـتـادا لێـک دەداتەوە. ئەو دەیوت: "ڕابردووی من کاریگەریی لەسـەر من هەیە، چونکە من ئەو وەک ڕابردووی خـۆم بەبیری خـۆم دەهێـنمەوە، واتە ئەو ڕابـردووە بـۆ

[1] Memory-image

ئەزmوونی ئێستای خۆم بە شتێکی خاوەن واتای تایبەت دەبینم" (متیوز، ١٣٩١: ٥٣) و لێرەیەوە کە ڕێگای خۆی لە هالْباکس جیا دەکاتەوە، چونکە هالْباکس جەخت لەسەر تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی کات دەکاتەوە، بەڵام ئەوکات لەسەر بنەمای زەینی تاکەکەسی شی دەکاتەوە. هاڵباکس شوێنپێی دۆرکهایم دەگرێتە بەر و لەسەر بنەمای "کۆبوونەوەی بەکۆمەڵ" لە ڕێگەی مەراسیمەکان، یادکردنەوەکان و ئەزموونە گرووپییەکانەوە شەنوکەویان دەکات.

ئەو پاش ئەوەی سەفەرێکی بۆ ئەڵمانیا کرد و چاوی بە دۆرکهایم کەوت، داوای لێ کرد کە بۆ ڕوو وەرگێڕان لە فەلسەفەوە بۆ کۆمەڵناسی و لە تاکگەرایی بێرگسۆنییەوە بۆ گشتگەرایی و بابەتیبوونی زانستی؛ ڕێنمایی بکات. دۆرکهایم یەکێک لە کۆڵەکەکانی دامەزراندنی کۆمەڵناسی بە پێچەوانەی بێرگسۆنەوە، سەبارەت بەم بابەتە جەختی لەسەر دابونەریت، مەراسیمەکانی یادکردنەوە، درووشمە گشتییەکان و پێویستیی هەموو ئەمانە بۆ یەکڕیزی و دۆزینەوەی ناسنامەی کۆمەڵگەکان دەکاتەوە. "ئەو پێویستیی کۆمەڵگەکان بە بەردەوامیی مێژوو بە هۆکاری بەرزڕاگرتنی بۆنە بەردەوامەکان دەزانێت، کە پێکەوەبەستنی گرووپەکان لەم ڕێگەیەوە بەهێزتر دەبێت. لە واقعدا کۆمەڵگەکان بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوونی ئەو سیمبولە پیرۆزانەی کە خزمەت بە بەردەوامیی ژیانی بیروباوەڕەکان و درووشمەکانی کۆمەڵگە و تێگەشتن لیبان دەکەن، لە ڕێگەی بۆنەگەلێکەوە کە بەرز ڕایدەگرن؛ ژیانێکی نوێ بە

ســـەرەکیترین ڕەگەزەکـانی "کۆویژدان" دەبەخشـــنەوە ( Miztal, 2003, 125).

ئەم جەژن و بـۆنە پـیـرۆزانەی ڕابـردوو، هـۆکـاری ســـەرەکـیـی بەبیرهـاتنەوەی ڕابردوو و ئەو ڕووداوە گەورانە بوون کە کۆمەڵگەکـان ئەزموونیان کردوون. ســـازکردنی ئەم جەژنانە، دوو کارکردی گرنگ بەدوای خۆیـانـدا دەهێنن: یەکەم: ئەوەی کە کۆمەڵگە و تـاکەکـان لەگەڵ ڕابردووی خۆیـاندا پەیوەندییەکی بەردەوام بەرقەرار دەکەن و دووەم: ئەوەی کە ئۆتۆمـاتیکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خودی ئەو مەراســـیم و بۆنانەش بەردەوامی بە خۆیان ببەخشـــن و یەکڕیزی و یەکگرتوویی کۆمەڵگەکـانی دواجـار بەدوادا دێـت. هەروەهـا وەک دۆرکـهـایـم دەڵـێ بەرفـراوانـبـونـی پەیـوەنـدیـیەکـان، زیـادبـوونـی خۆشـــەویســـتیی نێوان ئەندامەکان و یەکگرتوویی گرووپەکـان لە دەرهاویشتەکانی ئەم دیاردەیەن.

دۆرکهایم لە "فۆرمە ســـەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی"دا هەنـدێـک گلەییئـامێز پەنجە بۆ یەکێـک لە دەرهـاویشـــتەکـانی جیهـانی نوێ ڕادەکێشـێت، کە ئەویش بریتییە لە دروســتبوونی بۆشــایی ڕووداوە گەورەکـان و یـادەوەرییەکـانمـان کە بـاوکـانی ئێمەیـان دەهێنـایە جۆشوخرۆش."  خواوەندانی کۆن پیر دەبن، یان دەمرن، هەر ئەمەیە کە هەوڵەکانی "ئۆگســـت کۆنت " بۆ ڕێکخســـتنی ڕێبازێکی نوی بە یارمەتیی "یادەوەرییە کۆنە مێژووییەکان" بێئاکام ماونەتەوە، چونکە

[1] Augest Comte

ئەم ئایینە نوێیە تەنیا لە خودی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک لە ڕابردووی مردووەوە" (دورکیم، ١٣٨٤: ٥٩٢). هەر چەندە ئەو بێهێواش نابێت و بەئومێدی ڕۆژێکەوە چاوی لە ئایندە بڕیوە، کە کۆمەڵگەکان دووبارە بۆ ئەو جۆشوخرۆشەی پێشوو و زیندووکردنەوەی ڕابردوو لە ڕێگەی بۆنەکان و یادەوەرییەکانەوە بگەڕێنەوە.

دۆرکهایم لە گۆشەنیگای "کۆویژدان"یشەوە درێژە بە تێزەکانی خۆی دەدات و باوەڕی وایە کە وێناکردنە هاوبەشەکانن کە هوشیاریی گشتییش بەرهەم دەهێنن. مەبەستی دۆرکهایم لە هوشیاریی هاوبەش، بریتییە لە زنجیرەیەک بیروباوەڕ و هەستی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگە. ئەم ئاگاییە، هەمان سەرچاوە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکەیە کە لەبەر دەستی بیرکردنەوە و هەستەکانی تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگەیە. لێرەوەیە کە هەندێک پێیان وایە کە دۆرکهایم کۆمەڵگە بە "سوبێکتێکی گشتی [یان هاوبەش] وێنا دەکات، بوونێکی واقعی و جیاواز کە بیر دەکاتەوە و کردار دەنوێنێت" (لمان، ١٣٩٠: ٤٨).

هەڵبەت هاڵباکس هەمیشە و هەردەم قوتابییەکی گوێڕاڵ نەبووە و هەندێ جار و بەتایبەت لەو شوێنانەدا کە بابەتی جۆشوخرۆشی هاوبەش دێتە کایەوە، هەوڵی داوە سنووری مامۆستاکەشی تێپەڕێنێت و پەرە بە چەمکە داهێنراوەکەی خۆی بدات. ئەو باوەڕی وایە کە وەها نییە کە تەنیا بۆن و یادەکان؛ بەبیرهاتنەوەی ڕووداوە گەورەکانی ڕابردوو بن، بەڵکوو ئەوە کۆیادەوەرییە کە وەک گۆڕاوێکی

نێوەنجی کـار دەکـات، کە هەم ڕووداوەکـان لە میـانەی بۆنەکـانی ڕۆژژمێرەوە بەرز ڕادەگرێـت و هەم لە ڕێگەیـانەوە هێزیـان پێ دەبەخشێت.

جۆرج گۆرڤیچ لە کتێبی "ئـاگـایی هـاوبەش لە کۆمەڵنـاســـیی دۆرکهایم"دا ئاماژە بەوە دەکات کە دۆرکهایم و هاڵباکس هوشــیاریی هاوبەشــیان بە کۆیادەوەری لێک داوەتەوە، کە هەمیشــە و بەتەواوی واتا لەپێش یادەوەریی تاکەکەســـییەوەیە. "هوشـــیاریی هاوبەش و گشــتی؛ دەســتکەوتە یەکلەدواییەکەکانی شــارســتانیەت پەرە پێ دەدات، گەنجینەی نەریت و بەردەوامی نەوەکانە کە تاک لە میانەی پەروەردەیەکی بەردەوام قورس و ئەســتەمدا قۆناغ بە قۆناغ ســوودی لێ وەردەگرێت، هەروەهـا بێئەنـداز دەوڵەمەنـدترە لە هوشـــیارییە تـاکەکەســـییەکـان، پـارێزەری ســـەرەکیترین یـادەوەرییەکـانە کە هوشـیاریی تاکەکەسـی تەنانەت بۆ لۆکاڵیزەکردن و بەبیرهێنانەوەیان ئەو تـوانـایەی نـیـیە و دەبـێ خـۆی یەکســـەر بە چـوارچـێـوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەڵواسێت" (گورویچ، ١٣٩١: ٥٩). لێرە بەدواوە و دوور لە تێڕوانینی دەروونناســانە بۆ خوێندنەوەی ئەم جۆرە لە دیاردە و ڕووداوەکـان، ئیـدی ئەوە خۆمـان نین کە هەین و هوشـــیـاریی تاکەکەسـی ئیدی لەبەرامبەر کۆمەڵگە و واقعیەتە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕەنگی کـاڵ دەبێتەوە. دۆرکهـایم پێیوایە کە: "پەیوەنـدیی تـاک و کۆمەڵگە، وەک پەیوەنـدیی نێوان خـانە و ئۆرگـانیزمە. یەک کەس کەمـتـر، چ بـایەخێـکـی بۆ کـۆمەڵـگە هەیە؟ خـانە و تـاکەکەس هەردووکیان هاوکات هەم "گشــت"ن، هەم "بەش [جزء]". گشــتن

سەبارەت بە بەشەکانی خۆیان و بەشن سەبارەت بە گشتێکی گەورەتر کە بە ئاوێتەبوون دروستی دەکەن..." (لمان، ١٣٩٠: ٢٨).

یەکێکیتر لەو ڕەوت و لایەنانەی کە کاریگەریی قووڵی لەسەر تێزەکانی هاڵباکس جێ هێشت، بریتییە لە قوتابخانەی ئەنال، ئەو شوێنەی کە لەو کاتەوە کە لە بەهاری (١٩٢٢)ەوە تا ١٩٣٥ لە زانکۆی سۆربۆن دەوامی دەکرد. ئەوە ستراسبۆرگ بوو کە بوو بە شوێنێکی ئایدیالی بۆ ئەم داهێنەرە گەنجە. لە سەرەتاوە بلوخ و هاوڕێکانی لە ستراسبورگ گۆڤارێکیان بە ناونیشانی "ساڵنامەی مێژووی ئابووری و کۆمەڵایەتی" دەرکرد، ئەو گۆڤارە کە هەر قوتابخانەی ئەنالەکەیە، شۆڕشێکی لە مێژوونووسی فەڕەنسادا بەرپا کرد. یەکێک لە ئامانجانەی کە ئەم قوتابخانەیە هەوڵیان بۆ دەدا، بەرقەرارکردنی پەیوەندییەکی هزری بوو لەنێوان مێژوو و بەشەکانی تردا و سوودوەرگرتن لێیان بۆ دەوڵەمەندترکردنی نووسینەوەی مێژوو. ئەوان پێشنیازی ئەوەیان بۆ هاڵباکس کرد کە لەگەڵیاندا کار بکات و لە ماوەی دە ساڵی یەکەمی چالاکیی جۆرناڵیستیدا، لە نووسینی کۆمەڵێک وتار و هەندێک بەیاننامە و پێداچوونەوەی کتێبدا هاوکارییەکی باشی کردن. ئەو هەر چەندە "بەردەوامیش ڕەخنەی لەوە دەگرت کە مێژوونووسان جەختێکی زۆر لەسەر وەسفکردن لەجیاتیی شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە دەکەنەوە و توانایەکی کەمیشیان هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرفتانەی کە پێی دەگوترێت "هۆکاریبوونی [علیت] مێژوویی" (هەمان، ١١).

# موریس هاڵباکس؛

# کۆیادەوەری و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی



(1877- 16 march 1945)

ڕەنگە هەڵە نەبین ئەگەر بڵێین کاریگەری و دەرهاویشـــتەکانی گۆڕانکارییەکانی سێ سەدەی ڕابردوو، بەتایبەت دوای ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و فەڕەنسی و هاتنی مۆدێرنیتە لەسەر کۆی گرۆی مرۆیی؛ گەورەتر و زیاتر بێت لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە

مرۆڤایەتی بەخۆوەی دیوە. هاتنی مۆدێرنیتە دووگیان بوو بەم پەیامە کە وەك لە بەرگی دەرەوەی کتێبی ئەزموونی مۆدێرنیتەدا نووســراوە کە "هەر شــتێك بتەو و ڕەگداکوتاوە، دەبێتە دووکەڵ و دەچێت بە ئاســماندا" (برمن، ١٣٧٩: ١١١). ئەوە مۆدێرنیتە کە بە درووشــمی پێشکەوتن و ڕووکردنە ئایندە، ڕۆڵی لە خێراکردنی ئەو گۆڕانکارییانەدا دەبینی. بەڵام پاش دەرکەوتنی هەندێك لەو دەرەنجامە و بەتایبەت لە نیوەی یەکەمی ســەدەی بیســتەم بەدواوە، ئیدی یەکەم لێدان لە مۆدێرنیتە و ئەقڵانیەتی مۆدێرن لەلایەن فرۆیدەوە، ئەو ئەقڵانیەتەی کە مرۆڤی مۆدێرن بانگەشەی دەکرد بە هۆیەوە هەم دەتوانێت خۆی و هەم جیهان بناسێت، بەم ڕستەیەی فرۆید کەوتە ژێر پرسیار: "من تەنانەت ئاغای ماڵەکەی خۆیشــم نیم". هەر ئەوەشــە وای لە دانیەل ئێربیۆلۆژە کرد کە لە کتێبی "دین وەک یادەوەری"دا بڵێت: کۆمەڵگە مۆدیرنەکان کۆمەڵگەی خاڵی لە یادەوەرین . مۆدێرنیتە تەنیا دڵەیەوێ بەرەو پێشەوە بڕوات، هەر بۆیە سەیری ڕابردوویشی ناکات. کەوا بوو ئەوە یادەوەرییە کە زەرەرمەندی یەکەم دەبێت. ئەوە مرۆڤی مۆدێرن بوو کە دوای ئەو هەموو کارەسات و نامرۆڤایەتییەی کە خوڵقاندی، چ لە شوێنگەی "سەرکەوتوو" و چ لە شوێنگەی "شکستخواردوو"دا، چ لە شـوێنگەی "تاوانبار" و چ "بێتاوان"دا، لە بەبیرهێنانەوەی ڕابردووی خۆی هەڵدەهات. هەر ئەمەش وای کرد کە هەندێک لە کۆمەڵناسان پەنا بۆ تێڕوانین و بیرکردنەوەی "کۆمەڵناســیی خەیاڵ" و کۆیادەوەری

---

[1] وتاری د. سارا شەریعەتی، زانکۆی مەشهەد. http://sarahshariati.blogspot.com/2011/04/blog-post_2612.html

ببەن و لەو کاتەوە کلیلی ئەم ڕزگاربوونەش کەوتە دەســـتی موریس هاڵباکس.

دوای ئەوەی کە چەمکی کۆیادەوەری لەلایەن موریس هاڵباکســەوە داهێنرا و پەرەی پێ درا، لەو کاتە بەدواوە بوو کە ئیدی ســـەرنجی زۆرێک لە بیرمەندانی کایە جیاوازەکانی زانســتە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشـــا. ئەو دوای مـاوەیەکی کەم بوو بە یەکێـک لە کۆمەڵنـاســـە درەوشـــاوەکـان و چەنـد کتێبێکی گرنگی لە بواری کۆیادەوەریدا نووسـی. بەداخەوە کە سیاسـەتی دۆگم و دیکتاتۆرانەی ئەوکاتی ئەورووپا و ئەڵمانیای دژەجوو، ڕێگەیان بە هاڵباکس نەدا کە بەردەوام بێت لە کار و بڵاوکردنەوە و نووســـینی بەرهەمە ناوازەکانی، بە ڕادەیەک کە هەتا لە ژیاندا بوو؛ نەیتوانی بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی خۆی ببنێت. لە سەردەمی ڕژێمی "Vichi"دا، خەزووری و خەسووی و خێزانەکەشـــی لەبەر جووبوونیان، بە دەســـتی گەشـــتاپۆی ئەڵمانی کوژران. ئەو نزیکەی بیســـت ســـاڵ لە تەمەنی خۆی بۆ خوێندنەوە و بیرکردنەوە ســـەبارەت بە کۆیادەوەری تەرخان کرد. ئەو هەر چەندە دژی توندوتیژی و شـەڕ بوو، لەبەر بیرکردنەوەی سـۆسـیالیسـتیانە و جوولەکەبوونی بە ڕەگەز و لەگەڵ ئەوەشـــدا کە لە بەرزترین ئاســـتی زانسـتی لە کۆلێژی دۆفرانس سـەرقاڵی کار و توێژینەوە بوو، لە جونی ١٩٤٤دا لە شـــاری پاریس لەلایەن گەشـــتاپۆوە دەســـتگیر کرا و لە

کەمپێکی نازییەکاندا کە ناوی "بوخن ووڵد " بوو، زیندانی کرا و[1] هەر لەو شوێنەی لەبەر کاری تاقەتپڕووکێن؛ گیانی سپارد.

ئەو پێیوایە کە کۆیادەوەری نە دیاریی منوموزینە، واتە "خواوەندی یادەوەرییەکان"، نە دەشتی پانوبەرینی قدیس ئەگوستین، نە لەوحی سپیی ئەزموونگەراکان، نە یادەوەریی تاکەکەسی و نایابی بێرگسۆن، نە کارلێکی کۆمەڵایەتیی جۆرج هربێرت مید، نە یادەوەریی تاکەکەسیی دەروونناسانی وەک زیگمۆند فرۆید، نە نامێژووییکردنی مرۆڤی نیچە و تەنانەت کۆهوشیاریی دۆرکهایمیشە، بەڵکوو کۆیادەوەری، واقعیەتی کۆمەڵایەتییە. ئەو بەڕوونی ڕایدەگەیەنێت کە: کۆیادەوەری دروست دەبێت و شکڵ دەگرێت لەلایەن کۆمەڵێک لە خەڵکەوە، ئەو خەڵکە ڕاستە تاکتاکن، بەڵام بە گرووپ بەبیر دەهێننەوە. هەروەها بە ئەندازەی ئەو گرووپانەی کە تاکەکان ئەندامن و بەشێکن تیایاندا، کۆیادەوەرییش لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە. چینە کۆمەڵایەتییەکان، خێزانەکان، کۆمپانیا و ئەنجوومەنەکان، سوپا، سەندیکا بازرگانییەکان، هەموویان خاوەنی یادەوەریی تایبەتن کە ئەندامەکانیان دروستی دەکەن. ئەوەش ڕاستە کە تاکەکانن کە بەبیر دەهێننەوە، نەک گرووپ و دامەزراوەکان، بەڵام ئەم تاکانە لەنێو زەمینەی دیاریکراوی گرووپەکاندان، هەر ئەم کۆنتێکستەشە کە یارمەتیی بەبیرهاتنەوە و دروستکردنی ڕابردوو دەدات" (Halbwachs, 1992 :23).

[1] Buchenwald

ڕاستە کە مرۆڤەکان یادەوەرییەکانی خۆی لەنێو گرووپگەلێکدا کە تیایاندا ئەندامە و لەناو سترەکچەرێکی کۆمەڵایەتی و گشتیدا بەبیر دەهێننەوە، بەڵام نابێت ئەوەش لەبیر بکەین کە کۆیادەوەری؛ هێزی خۆی لەناو پەیکەرێکی ڕێکخراو پێکهاتوو لە تاکەکاندا وەردەگرێت و لە ئەنجامدا "ئەوە تاکەکانن کە وەک ئەندامانی گرووپ بەبیر دەهێننەوە" (Ibid: 29). لە ڕوانگەی هاڵبواکسەوە، "مەحاڵە تاکەکان لە دەرەوەی کۆنتێکستی کۆمەڵایەتی و لە هەر دۆخێکی هوشیاری و درێژخایەندا بتوانن شتەکان بەبیر بهێننەوە، لێرەدایە کە پێوستیان بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەریی تاکەکەسیی دەبێت" (Olick, 2011: 19). هاڵباکس بۆ ڕوونکردنەوەی تیۆریاکەی، ئاماژە بە یادەوەرییەکی سەبارەت بە "بلۆندل" دەکات کە وەک یادەوەرییەکی تاکەکەسی بۆ خودی بلۆندل ماوەتەوە و نەبۆتە کۆیادەوەری. یادەوەرییەکە بریتییە لەوەی کە ڕۆژێک ئەو کاتەی کە منداڵ بووە، ڕۆشتۆتە ناو ماڵێکەوە، ماڵێکی تاریک و ترسناک. لەناوەڕاستی ماڵەکەدا چاڵێکی گەورە دیار بووە، ئەو زەندەقی چووە، بەڵام دوای ماوەیەک کە بلۆندل ئەو یادەوەرییەی بۆ هیچ کەسێک باس نەکردووە و نەیگێڕاوەتەوە، تەنیا لە یادەوەریی خۆیدا ماوەتەوە و نەبۆتە کۆیادەوەری. بۆیە هاڵباکس جەخت لەسەر پەیوەندیی نێوان من و ئەوی تر دەکاتەوە، پەیوەندیی من و ئێمە، ئەم پەیوەندییە ڕەنگە زۆر لەو پەیوەندییەوە نزیک بێت کە لە تیۆرە بەناوبانگەکەی

جۆرج هربرت میـد (١٨٦٣-١٩٣١) دا بە پەیوەنـدیی [1]"زەین، خود و کۆمەڵگە " و لە چوارچێوەی تیۆری کارلێکی[2] کۆمەڵایەتیی سیمبولیکدا خراوتە ڕوو، هەر چەندە مید جەختی زیاتر لەسـەر تاکەکەسـیبوونی یادەوەری و هوشـیاریی تاک وەک بەشـێک لە کۆمەڵگە دەکاتەوە. بە ڕای میـد، ڕەفتـاری تـاکێـک تەنیـا لە ڕێگەی تێگەشـتنی ڕەفتـاری هەمەکی (کلی)ی گرووپە کۆمەڵایەتییەکەیەوە دەسـتەبەر دەبێت، چونکە "کردە تـاکەکەسـییەکـان" بەسـتراونەتەوە بە "کردەگەلی کۆمەڵایەتی"ی بەرفراوانترەوە (کوزر، ١٣٨٢: ٤٤٤).

وەک دەزانین پرسـیاری سـەرەکی و پرۆبلمی هەر توێژەرێک، بیرمەندێک و هەر تاکێک، کواڵێتی و ئاسـۆی بیرکردنەوە و تەنانەت پانتایی کار و بەرهەمەکانیشـی دیاری دەکات. هاڵباکس لە دوو شـاکارەکەی خۆی، واتە کۆیادەوەری و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەری، هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی هەموو ئەو پرسـیارانە دەدات کە زەینی سـەبارەت بە یادەوەری سـەرقاڵ کردووە. ئەو دەیەوێ بیسـەلمێنێت کە تاک بەتەنیا ناتوانێت خاوەنی یادەوەری بێت، واتە لە ڕێگەی ژیـان لەگەڵ ئەوانیتردایە و بە یـارمەتیی ئەوانیترە کە چەمکەکـان، ڕووداوەکـان و... لە زەینمـانـدا جێگیر دەبن و ئێمە دەتوانین بەبیریان بهێنینەوە. لە واقعدا "ئەوەی کە بەتەنیا بابەتێک بەبیر بهێنینەوە کە لەبیری ئەوانیتردا نەبێت، ڕێک وەک کەسـێک وایە کە شتێکمان بینیبێت کە کەس نەیبینیوە" (نراقی، ١٣٩٠: ٤٥١).

---

1 George Herbert Mead

2 Mind,self and society

هاڵباکس پێیوایە کە یادەوەری بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕابردوو، تەنیا پەیوەســـت نییە بە زەینیەتی دەروونناســـانەی تاکەوە، بەڵکوو کۆمەڵگە و کۆنتێکســـتی کۆمەڵایەتییش وەک زەمینەی ئەو یـادەوەرییە و یـادەوەریی تـاکەکەســـی کـار دەکـات. مرۆڤەکـان یـادەوەرییەکـانی خۆیـان لەنـاو کۆمەڵگەدا فۆرمەلە دەکەن. ئەو بە مەبەستی دوورکەوتنەوە لە تێگەشتنێکی دەروونناسانە، ئاماژە بەوە دەکات کە "ئێمە پێمان وایە کە یادەوەرییەکان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵگەدا فۆرمەلە دەبن" (کنوبلاخ، ١٣٩٠: ٤٥١). "ڕوونە کە دۆرکهایم کۆمەڵگە بە ســـوبێکتێکی کۆ وێنـا دەکـات، بوونەوەرێکی واقعی و تایبەتمەند کە بیر دەکاتەوە و کار دەکات. کۆمەڵگە ســـوبێکتێکە کە دووبارە لە سیستمە دروستکەرەکەی خۆی (پانتایی گشتی، زەینی گشـــتی) بەرهەم هاتووەتەوە" (لمان، ١٣٩٠: ٤٨-٤٩). بەڵام هاڵباکس جیاواز لە دۆرکهایم، بۆچوونی وایە کە ئاوها نییە کە مەراســـیمەکان تەنیـا وەبیرهـاتنەوەی ڕووداوە گەورەکـانی ڕابردوو بن، بەڵکوو ئەوە کۆیادەوەرییە کە وەک گۆڕاوێکی نێوەنجی مامەڵە دەکات، کە هەم ڕووداوەکان لە میانەی بۆنەکانی ســـاڵنامەوە بەرز ڕابگرێت و هەم لەلایەن ئەوەوە بەهێز دەبێت. هـاڵباکس دەڵێ: "ئەگەر ورد بینەوە کە چۆن چۆنی شـتەکان بەبیر دەهێنینەوە، بەدڵنیاییەوە دەبینین کە زۆرترین ژمارەی یادەوەرییەکان ئەو کاتە دێنە زەینمانەوە کە دایبابان، هـاوڕێیـان، یـان خەڵکـانی دەوروبەرمـان بەبیرمـان دەهێننەوە. لە کۆمەڵگەدایە کە تاکەکان بە شـــێوەیەکی ئاســـایی دەســـتیان بە یـادەوەریـیەکـانـیـان دەگـات، هەروەهـا لە کـۆمەڵـگەدایە کە

یادەوەرییەکانیان بەبیر دێتەوە، دانی پێدا دەنێن و ناوخۆیی دەکەن. ئەگەر ژمارەی هەموو ئەو یادەوەرییانەی کە ڕۆژانە بەبیرمان دێنەوە؛ بهێنینەوە یادی خۆمان، بۆمان دەردەکەوێت کە لە زۆر شـــوێنگەی ڕاســتەوخۆ و ناڕاســتەوخۆی پەیوەندییەکانماندا لەگەڵ ئەوانیتر، زۆر جار تەنیا ئەو کاتانە بۆ یادەوەرییەکانمان دەگەڕێینەوە کە ئەوانیتر پـرســـــیـارمـان لـێ دەکەن، تەنـانەت ئـێـمە بـۆ وەڵامـدانەوەی پرسیارەکانیشیان خۆمان دەخەینە ئەو گۆشەنیگایەوە کە ئەوانی تێ دان و خۆمـان وەک ئەنـدام و گرووپێـک لە ئەوان و گرووپگەلی هاوشێوەی ئەوان دەبینینەوە" (Hallbwachs, 1992: 38).

یەکەمین ئەڵقەی پەیوەنـدیی نێوان یـادەوەریی تـاکەکەســـی و کۆیـادەوەری، کردەی "گێڕانەوە"یە. هـاڵـبـاکس ئـامـاژە بەو واقعیەتە دەکـات کە "ســـەرەڕای تـاکەکەســـیبوونی یـادەوەری، ئێمە لەگەڵ 'ئەوانیتر'دا هاوبەشـــیی پێ دەکەین و ئەو یادەوەرییەش مەقامێکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات. ئەگەر منی نەوعیی دەتوانم یادەوەرییەکانم بگێڕمەوە، لەبەر ئەوەیە کە گێڕانەوە کـردەیەکـی کـۆمەڵایەتـیـیە. کردەیەک کە یـادەوەری یەکێـک بە ئەوی ترەوە دەبەســـتێتەوە و شـــتێک بەرهەم دەهێنێت کە دەتوانرێت ناوی بنرێت ئاڵوگۆڕ یان گۆڕینەوەی یادەوەری" (ریکور، ١٣٧٣: ٤٩). لە ڕوانگەی هاڵباکسـەوە: "یـادەوەری بەرهەمی کردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە بەقووڵی بونیـاد دەنرێت، کارکردی لەســـەر ئەندامبوونەکانی ئێمە لەناو گرووپەکانی ئێستاماندا هەیە" (Scott, 2006: 62).

ئەم گێڕانەوەیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەکرێت گواستنەوەی یادەوەری بێت لە دایک و باوک و باپیرانەوە بێت بۆ منداڵ و نەوەکانیان، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لە کەسێکەوە بۆ کەسانێکی تر لە ڕێگەی گفتوگۆ، مەراسیم و بۆنە و کۆبوونەوە و تەنانەت میدیا و ڕاگەیاندنەوە، چونکە "گرووپ خۆی بۆخۆی خاوەنی مێشک (mind)ە و توانای بەبیرهێنانەوەشی هەیە"، (Ibid) یان تەنانەت لە ڕێگەی شوێنەکانی یادەوەرییەوە بێت، شوێنەوارەکان، وێرانییەکان، مۆزەخانە، مۆنیۆمێنت، بریندارەکان، تەنانەت مۆسیقایەک، وێنەیەک... هتد، هەموو ئەو شوێنانەی کە پییەر نۆرا ناویان دەنێت شوێنەکانی یادەوەری.

ئەوەی کە زیاتر سەرنجی شارەزایانی ئەم بوارەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، تەنیا بابەتی یادەوەری خۆی نییە، بەڵکوو نێوانبەشیبوونی یادەوەرییە کە وا دەکات ئەم بابەتە هەم قووڵ و ورد بێت، هەم چێژبەخش و هەم ڕێگایەک بێت بۆ تێگەشتن لەو ڕاستییانەی سیستمە سیاسییە تۆتالیتارەکان بۆ پەردەپۆشکردن و شەرعیەتدان بە دەسەڵاتی خۆیان و پیادەکردن و فۆرمەلەکردنی یادەوەرییەکی دیکە و هاوکات دنەدانی شێوازێکی بیرکردنەوەی دیکە و بەرهەمهێنانی گوتارێکی دیکە، بۆ مانەوەی خۆیان بەکاری دەهێنن. کۆیادەوەری دەکرێ بۆ زۆر مەبەست بەکار بهێنرێت، دەکرێت سیاسەتی بێدەنگیی یادەوەری بەکار بهێنریت، هەر ئەوەی کە مۆسۆلۆنی بەکاری هێنا. دەکرێ سیاسەتی فەرامۆشکردنی یادەوەری

---

[1] Interdisciplinary

بەکـار بهێنێـت، بۆ ئەوەی وەک کۆنـدرا دەڵێ یـادەوەرییەکی تر لە جێگای فۆرمەلە بکەیت، هەر ئەوەی کە تا هەنووکەش دەسەڵاتەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و ســوریا بەرامبەر کوردەکانی پەیڕەو دەکەن. ئەمەیە کە ئیدی بابەتی یادەوەری ئاوێزان دەکات لەگەڵ بابەتە قووڵە فەلسەفییەکانی وەک عەدالەت و ئەخلاقدا.

ئەو لە کتێبی کۆیادەوەریدا (١٩٩٢)، ڕوونی دەکاتەوە کە "هەر جۆرە کردەیەکی بەبیرهاتنەوەی ڕووداو یان ڕووداوگەلێک کە ئێمە وێنایان دەکەین، پەیوەســت بە ئەوانیتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا واتادار دەبن و لە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکـاندایە کە دروســت دەبنەوە، پێناسـە دەکرێن و دەسـتکاری (تحریف) دەکرێن. کاتی بەبیرهاتنەوە، ئەوە ئەوانیترن کە هـانمـان دەدەن و یـادەوەرییەکـانیـان فریـامـان دەکەون... هیچ شـوێنێکی مێشـک یان سـووچێکی زەین نییە کە لە لە کاتی تەنیاییدا دەســتمان پێی بگات. یادەوەرییەکان لە دەرەوەی زەین بەبیر دێنەوە و ئەو گرووپانەی کە سـەردەمانێکی جیاواز تیایاندا بەشـداریمان کردووە، بۆ دروسـتکردنەوەی یادەوەرییەکان واتامان پێ دەبەخشــن" (Halbwachs, 1992: 39). تاکەکان لە شــوێنگەی بەبیرهێنـانەوەدا؛ "دووبـارەی خـوێنـدنەوەی حـاڵەتـی ڕابردوو"، ١
فەرامۆشکردنی یادەوەرییەکانی ڕابردوو، ڕاڤە و دووبارە ڕاڤەکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوودا بەتەنیا نین. ئەوان لەنێو ئەو گرووپگەلانەدا کە دەژین و لەنـاو ســترەکچەری کۆمەڵایەتی و ئەزموونی گرووپـانەی خۆیـانـدا دەســت بە بەبیرهێنـانەوە و گێڕانەوە و گواســتنەوەی

[1] order

یادەوەرییەکان دەکەن. لێرەدایە کە کاریگەریی دۆرکهایم لەسەر تێزەکانی هاڵباکس بەزەقی هەستی پێ دەکرێت. دۆرکهایم پیشانمان دەدات کە "چۆن کۆمەڵگەکان بە ئاراستەی بەردەوامیدان بە ژیانی بیروباوەڕە ئایینییە پیرۆزەکانی کۆمەڵگە و تێگەشتن و پاراستنیان بۆ ڕێگریکردن لە لەناوچوونیان، یادی "سیمبولەکان"ی خۆیان لە مەراسیمێکدا دەکەنەوە. بەگشتی ئەوان ژیانێکی نوێ بە سەرەکیترین ڕەگەزەکانی "کۆویژدان" دەبەخشنەوە. گرنگترینی ئەو شتانەی کە کۆمەڵگەکان وەک پیرۆزییەکان دەیانپارێزن، "ڕابردوویەکی وێناکراوی هاوبەش" یان "ڕابردوویەکی ئەفسانەیی"ە کە ئاماژەیە بە "باوەڕە هاوبەشەکان"، "نەریتی هاوبەش"، یادەوەری باوباپیران و ئەو "ئایدیالە گشتی"یە کە بەرجەستەی دەکەن" (Misztal, 2003: 3).

لە کایەی کۆمەڵناسیی مەعریفەشدا، کەسانێکی وەک هوبرت کنوبلاخ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە چەمکی کۆیادەوەری نموونەی ئەو چەمکانەیە کە دەبێ لەو ڕوانگەیەوە بەدوای سەرچاوەی ئەو چەمکەدا بگەڕێین. هەروەها تیۆریستەکانی کۆمەڵناسیی مێژوویی، پێیان وایە ئەم چەمکە هێندە نزیکە لە ئەوانەوە کە هەوڵ بدەن "چەمکی کۆیادەوەری لەجیاتیی مێژوو دابنێن و هەر لێرەوەیە کە ئیدی هاڵباکس ڕێگای خۆی لەوان جیا دەکاتەوە" (کنوبلاخ، ١٣٩٠: ٤٥٢). ئەم مێژوونووسە پێیوایە کە "کۆیادەوەری بە هیچ جۆرێک 'مەخزەنێکی بەرجەستە (عەینی)' نییە، بەڵکوو تەنیا ئەو ناوەڕۆکانە دەپارێزێت کە پەیوەستە بە بەرژەوەندیگەلێکەوە و بۆ هێشتنەوەی

ئەو گرووپ و کۆمەڵە گرنگە. کەواتە پاراستن بە واتای هەڵگرتن نییە، بەڵکوو دروستکردنەوەی ڕابردووە لە گۆشەنیگای ئێستاوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە یادەوەری بە مەرجێک بۆ پارێزگاری لە گرووپ هەژمار دەکرێت" (هەمان، ٤٥١).

هاڵباکس بابەتی زیندووکردنەوەی ڕابردوو دەکاتە دەستکەلای خۆی بۆ وروژاندنی بابەتێکی گرنگ کە هاوکات یەکێک لە شاکارەکانی ئەو پێک دەهێنێت، کە ئەویش بریتییە لە "تۆپۆگرافیای ئەفسانەیی ئنجیلەکان سەبارەت بە خاکی پیرۆز ". ئەم بابەتە یەکێکە لە دەرەوشاوەترینی ئەو توێژینەوانەی کە لە مێژووی کۆمەڵناسیدا ئەنجام دراون، کە لە میانەیدا دەپەرژێتە سەر خوێندنەوەی مەراسیم و بۆنە ئایینییەکان وەک شوێنگەلێکی پەیوەست بە ژیانی مەسیح و سەرچاوەی مەسیحیەت. ئەو بەرهەمە کە دەچێتە بواری کۆمەڵناسیی مەعریفەشەوە، باس لە ژێرخانە شوێنییەکانی عەهدی نوێ (عهد جدید) دەکات کە تیایدا ڕۆڵی سەردانکارانی ئەو ئایینە لە دامەزراندنی و گۆڕینی تۆپۆگرافیایی و خاکی پیرۆزدا دەخاتە ژێر وردبینییەوە. هاڵباکس "لەم بەرهەمەدا بەڵگە دەهێنێتەوە کە باوەڕەکان، بەرژەوەندییەکان و درووشمەکانی کاتی ئێستا، دیدگاگەلێکی جیاواز سەبارەت بە ڕابردوو پێک دەهێنن کە لە هەر سەردەمێکی مێژوویيدا خۆیان دەردەخەن" (Halbwachs, 1992: 26). لێرەوەیە کە هەندێک ئاماژەی خوێندنەوەی سیاسییانە و کاریگەری و ڕۆڵی

[1] The Legendry Topography of Gospel In The Holy Land.

ســـیاســـەت لە کۆیادەوەریدا و لە تیۆرەکانی هاڵباکســـدا خۆیان دەردەخەن.

ئەم لایەنە لە تیۆرەکەی ئەو، لە تێگەشـتێنکی یەکێک لە گرنگترین تیۆریســـتە ئەڵمانییەکان نزیکمان دەکاتەوە کە پێیوایە: "مێژوو تەنیا ژمێریارێکی ســادە و تێپەڕی ڕووداوەکان نییە، بەڵکوو بەریەککەوتنی ســیاســی لەگەڵ ڕابردوو و واقعیەتبەخشــینیانە لە کاتی ئێســتادا. ڕابردوو لەبەر دەســـتی ئێمەدا نییە، بەڵام بەردەوامیی بیچمگرتنی هاوتەریبە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی کاتی ئێستادا" (بنیامین، ١٣٩٠: ١٤٢). هــاڵبــاکســـیش بەڵگە دەهێنێتەوە کە "بــاوەڕەکــان، حەز و ئارەزووەکانی کاتی ئێســـتا، کایە جیاوازەکانی تێڕوانینەکانی ڕابردوو، لەو ڕووەوە کە [ڕاڤەکاران]ی هەر ســـەردەمێکی مێژوویی باســـیان کردووە؛ فۆرمەلە دەکەن. بۆیە ئەزموونکارانی هەر قۆناغێکی مێژوویی دیـاریکراو، وێنەگەلێکی زۆر جیـاوازیـان بە بەراورد بە ئەزموونکـارانی قۆنـاغەکـانی دیکە خوڵقـانـدووە" (Halbwachs, 1992: 25-26). هاڵباکس دەنووســـێت: "لە کاتێکدا کە تێگەشـــتن و وێنەی خاکی پیرۆز بۆ مەسـیحییەکان و جووەکان بەگوێرەی ناسـنامەی ئێسـتایان لێـک جیـاوازە، بەڵام لانی کەمێکی هـارمۆنی لەم وێنەیەدا تێبینی دەکرێت و هەر ئەم هارمۆنییەیە کە بەردەوامیی مێژوو دەپارێزێت... ئەمە دەتوانێت مێژوو وەک زنجیرەیەک لە وێنەی خێرا بکات، کە لە ســـەردەمە جیاوازەکاندا گیراون و دیدگاگەلێکی جیاواز دەخاتە ڕوو. بۆیە وێنەی خاکی پیرۆز لە گۆشـــەنیگای مەســـیحییەکانەوە دەبێت

تەواو جیاواز بێت لەو وێنەیەی کە لە زەینی شـوێنەوارناسـێکی مۆدێرنی ئیسرائیلیدا کێشراوە" (Ibid: 34).

هـاڵبـاکس لە بەشـێکی دیکەی بابەتەکانی خۆیدا، هەوڵی ئەوە دەدات کە کۆیـادەوەری لە یـادەوەرییەکـانی ژیـاننـامەیی یـان ئۆتۆبیوگرافی و یادەوەریی مێژوویی جیا بکاتەوە. ئەو باوەڕی وایە کە " یـادەوەریی ژیـاننـامەیی، یـادەوەریی ڕووداوگەلێکە کە تـاک خۆی بەتەنیا لە ڕابردوودا ئەزموونی کردوون" (Halbwachs, 1992: 38). وەک یادەوەریی ساڵیادی هاوسەرگیری. هەروەها کۆیادەوەری لەگەڵ یادەوەریی مێژووییشـدا جیاوازیی هەیە. یادەوەریی مێژوویی، واتە دروسـتکردنەوە یان زیندووکردنەوەی ڕابردووی خێزانێک، گرووپێک، حزبێک، میللەتێک یان پەیڕەوانی ئایینێک، لەلایەن نەوەکانیانەوە کە هەرگیز ئەو ڕابردووەیان پەی پێ نەبردووە و بۆ تێگەیشـتن لێی، ناچارن پەنا بۆ نەریت و مۆدێلە بۆماوەکان یان نوێیەکان ببەن. ئەو لە کتێبی کۆیادەوەریدا بەبیرمان دەهێنێتەوە کە یادەوەریی مێژوویی، ئەو جۆرە لە یـادەوەرییە کە تـاکەکـان بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ بەبیریان نایەتەوە و "تەنیا لە ڕێگەی پێشـینەی نووسـراو و یان پێشینەکانی وەک وێنەوە دەگاتەوە دەست بکەری کۆمەڵایەتی، بەڵام لە ڕێگەی بۆنەکاتی بەرزڕاگرتن، جەژن و ئەوانەوە زیندوو دەکرێنەوە" (Ibid,29). یادەوەریی ژیاننامەیی، هەمیشـە ڕەگوڕیشـەکەی بۆ تـاکەکـان دەگەڕێتەوە و لە ڕێگەی گێڕانەوە و گواسـتنەوەی یـادەوەرییەکەوە دەبێت. یـادەوەریی مـێژووییش بەرهەمی

[1] Historic memory

بەبیرهێنـانەوەی ڕووداوگەلێکە پەیوەســـت بە ئەزموونەکـانی ڕابردوومان و یان بە هۆی بەڵگەنامە مێژووییەکانەوە کە کەوتۆتە بەر دەســتمان. بەگوێرەی پێناسـەکەی هاڵباکس، مێژوو بریتی دەبێت لە ڕابردووەی قابیلی بەبیرهێنانەوە، کە خۆمان دەســـتمان پێ ناگات و ئەم ڕابردووە لە ژیانی ئێســـتای ئێمەدا ڕۆڵێکی کاریگەر و ناوەندی نـابینێـت. لە کـاتێکـدا کە کۆیـادەوەری، ڕابردوویەکی چـالاکە کە ناسنامەی ئێمە فۆرمەلە دەکات.

هاڵباکس بە پەیوەســتکردنی کۆیادەوەری و مێژوو، بەنیاز بوو بگات بە ڕاڤەیەکی دروســـتتر و واقعیتر بۆ بابەتی زیندووکردنەوەی دۆخی ڕابردوو و پەیوەنـدیی ئەو ڕابردووە بە کـاتی ئێســـتـاوە، چونکە ئەو پێیوایە کە کۆیادەوەری لە بنەڕەتدا دروســـتکردنەوە و بونیادنانەوەی ڕابردووە لەژێر ڕۆشنایی ئێستادا.

چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکـانی یـادەوەری، یەکێکیترە لە ئـایـدیـا ســـەرەکییەکـانی تیۆرەکەی هـاڵبـاکس. ئەو پێیوایە کە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەری، ڕێکوڕاست ئەو ئامرازانەن کە لە ڕێگەی کۆیادەوەرییەوە لە هەر ســـەردەمێکدا وێنەی ڕابردوو، گونجاو لەگەڵ بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگە دووبارە دروست دەکەنەوە، واتە لۆکالیی دەکەنەوە. ئەو بە توێژینەوەکانی ســـەبارەت بە یادەوەرییەکان لەلای جووەکان و مەسـیحییەکان، هەوڵی سـەلماندنی ئەوە دەدات کە ئەم یـادەوەریـیـانە لە ئـینـجـیـلەکـانـدا لەســـەر بنەمـای چـوارچـێـوە کـۆمەڵایەتـیـیەکـانی یـادەوەری واتـا پەیـدا دەکەن. تـاکەکـان بۆ

هێنانەوەیادی یادەوەرییەکانی ڕابردوو، خاوەنی ئیرادەن و بە شێوەی هەڵبژاردنی ئەو کارە ئەنجام دەدەن. هەمان ئەو کارەی کە مێژوونووسێک دەیکات سەبارەت بە ڕووداوگەلێکی مێژوویی. ئەم مێژوونووسەش تەنیا ئەو ڕووداوانە دەنووسێتەوە کە بۆ ئەو سەرنجڕاکێش و گرنگن. ئەو ئاماژە بە چەند جۆرێک لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی یادەوەری دەکات، گرنگترینیان بریتین لە: زمان، خێزان، ئایین و چینە کۆمەڵایەتییەکان...

سەبارەت بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیی زمان، ئەو پێیوایە کە ئەوە زمانە کە ئێمە بە ڕابردووە دوورەکانەوە دەبەستێتەوە. "ئێمە پێش ئەوەی یادەوەرییەک بەبیر بهێنینەوە، دەربارەی قسە دەکەین. بە واتایەکی تر: بە یارمەتیی زمان و ڕێککەوتنە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە زمانە، کە دەتوانین هەر ساتێک لە ساتەکان ڕابردووی خۆمان دروست بکەینەوە" (Halbwachs, 1992: 279). هەر چەندە "ئەوە کۆمەڵگەیە کە ئامرازگەلێک دەخاتە بەر دەستی ئێمە، کە بتوانین لەم بیرەوەرییانە تێبگەین" (استوتزل، ١٣٧٤: ١٦٠). ئەوە زمانە کە وەك چوارچێوەیەك، کۆیادەوەرییەکانی گرووپێك لە خەڵکی دیاری دەکات. بنیامین سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان یادەوەری و زمان دەڵێ: "زمان بەڕوونی پیشانی دەدات کە یادەوەری ئامرازی
کەشفی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئامرازی نمایشیەتی . یادەوەری ١
هەروەک زەمین کە میدیایەکە کە شارە مردووەکانی تێدا بە نێژراوی دەمێنێتەوە، میدیای ئەزموونی ڕابردووە. ئەو کەسەی کە هەوڵ

[1] Theater

دەدات لە ڕابردووە نێژراوەکەی خۆی نزیک بێتەوە، دەبێ وەک ئەو پیاوە بێت کە زەوی دەکێڵێت" (Jay, 1999: 6) یان (Jay, 1999: 230).

یەکێکیتر لە چوارچێوەکان، بریتییە لە خێزان. هەر خێزانێک، مێژوو و یادەوەریگەلێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تەنیا ئەو خێزانە دەتوانێت پارێزگارییان لێ بکات، وەک: بۆنەکان، رێوڕەسمی هاوسەرگیری و مردن.

کۆیادەوەری ئایینی، یەکێکیترە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکانی یادەوەری. بیروباوەڕە ئایینییەکان هەمیشە بۆ گرووپێکی دیاریکراو لە خەڵکی هاوبەشن. گرووپێک کە وەفاداریی خۆیان بۆ ئەم باوەڕانە و درووشمەکانی ڕادەگەیەنن. ئەم بیروباوەڕانە تەنیا بە شێوەیەکی تاکەکەسی لەلایەن ئەندامەکانەوە بەدەست نایەن، بەڵکوو ئەم بیروباوەڕانە شتانێکن کە بە گرووپ و ڕابردوویانەوە بەستراوەتەوە و هۆکاری یەکگرتووییشیانن.

چینە کۆمەڵایەتییەکانیش، چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیی دیکەیە. ئەو دەڵێت: "چینەکان حەزیان لەوەیە کە سەربەخۆ و جیاواز لە بەڵگەیەک و لەژێر ڕۆشنایی کۆیادەوەرییەکی تایبەت بە خۆیاندا بمێننەوە" (گورویچ، ١٣٧٥: ١٦٣). وەک دەبینین چینەکانی کۆمەڵگە زۆر کات خاوەنی یادەوەریگەلێکن، کە لە چینێکی دیکەیان جیا دەکاتەوە.

# پۆل ڕیکۆر



**(1913-2005)**

## یادەوەری و گێڕانەوە

ڕیکۆر یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسووفان و هێرمۆنۆتیکسەکان و کۆڵەکەیەک بۆ بابەتەکانی تایبەت بە یادەوەری. ئێمە با سـەرەتا لە ڕوانگەی گێڕانەوەوە بپەرژێینە سـەر باسـی یادەوەری. "لە هزری فەلسـەفیی ڕیکۆردا، هێرمۆنۆتیکی سـوبێکـت خـاوەنی ڕۆڵێکی پەیوەندیسازە لەنێوان تیۆری کردە و تیۆری ئەخلاقدا. بە واتایەکی تر: باسـوخواسـت لەسـەر (ناسـنامەیی گێڕانەوەیی)، هەتا قەڵەمڕەویی تاک پەرە دەسێنێت و ئێمە بەرەو داوەریکردنی بەهایانەی خەسڵەتی خێر و شەڕی کارەکتەرە مێژوویی و چیرۆکییەکان بانگهێشت دەکات" (جهانبگلو، ۱۳۹۰: ۱۲۷). ئەو سـەرنج لەسـەر ڕۆڵی گێڕانەوەیی مێژوو چـڕ دەکـاتەوە، تـاوەکـوو لەو ڕێـگەیەوە بـابەتـی دادپەروەری لە بەبیرهێنانەوە و لەبیرکردندا بورووژێنێت. بۆیە دەبێ سـەرەتا بزانین چۆن دەڕوانێتە مێژوو. ئەو لەژێر کاریگەریی هاڵباکسـدا، لە وتارێکدا ئـامـاژە بەوە دەکـات کە "نیشـانەگەلێکی تر لە یـادەوەری وەک حاڵەتێکی گشـتی بوونی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر یادەوەرییەکانی ئێمە تـاکەکەسـی نین، بەشـێک لەم یـادەوەرییـانەمـان لە ئەوانیترەوە بیسـتووە و یـان لەنێو خێزانـدا فێریـان بووین. ئەم یـادەوەرییـانە، پەیوەسـتن بە 'چیرۆکی مێژوویی'ی ئەم کۆمەڵگەیەوە کە من ئەندامێک دەبم تیایاندا. کەواتە لێرەدا مامەڵە لەگەڵ سـیسـتمێکی

---

[1] hermeneutics

کۆمەڵایەتیدا دەکەین، کە سەرچاوەگەلێکمان دەخەنە بەردەست کە هەڵگری چوارچێوەی ئەو یادەوەرییانەن" (ریکور، ١٣٧٣: ٥٠).

ڕیکۆر ئاماژە بە فەکتێک سەبارەت بە مێژوو دەکات: "لە زمانی ئینگلیزی، فەڕەنسی و ئەڵمانیدا، وشەی مێژوو بۆ ئاماژەکردن بە دوو دیاردە بەکار دێت، لە لایەکەوە مێژوو بریتییە لەوەی کە ڕووی داوە، واتە زنجیرەی ڕووداوەکان و لە لایەکی ترەوە بە واتای قسەکردن دێت سەبارەت بەم ڕووداوانە" (هەمان، ٥٣). مەبەستی ئەو لە مێژوو لێرەدا، هەم مێژووسازییە و هەم مێژوونووسی. لەم ڕێگەیەشەوە ناخونەکێکیش لە ڕۆڵی ڕەخنەگرانە و گێڕانەوەیی مێژوو دەدات. ئەو پێیوایە کە یادەوەری خۆی گێڕانەوەیەکە، چونکە ئێمە هەمیشە خەریکی گێڕانەوەی یادەوەرییەکانمانین. ئەو هەروەها پێیوایە کە "ئەگەر مێژوو پەیوەندیی بە تواناکانی ئێمەوە نەبووایە بۆ بەدواداچوونی چیرۆکێک، ئیدی لە مێژووییبوون دەکەوت. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە تێگەشتنی مێژوویی و بەدواداچوونی چیرۆکێک، هەردووکیان پێویستیان بە پرۆسەیەکی مەعریفیی یەکگرتوو هەیە (استنفورد، ١٣٩٠: ٤٣٢).

کەواتە ئاخاوتن، خاوەنی کارکردێکی گێڕانەوەییە کە پەیوەندییەک لەنێوان پێگەی گێڕانەوەیی لەگەڵ پێگەی یادەوەریدا بەرقەرار دەکات. "لەم ڕووەوە، کرۆکی ڕەخنەگرانەی کاری مێژوویی لەناو چوارچێوەی کارکردی گێڕانەوەییدا فۆرمەلە دەبێت" (ریکور، ١٣٧٣: ٥٣). ڕیکۆر لە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی دیکەیدا کە ناوی

"کـات و حەکـایەت "ە، دەیەوێـت بڵێـت کە گێڕانەوە و مێژوو؛ تەواوکەری یەکترن. "ئەگەر مێژوو هەر جۆرە پەیوەنـدییەک لەگەڵ گێڕانەوەدا بپچڕێنێت، تایبەتمەندییە مێژووییەکەی خۆی لەدەســت دەدات" (ریکور، ١٣٨٣: ٢٩٥). ئەو وەک چیرۆک ســەیری مێژوو دەکـات و لە شــوێنێکی دیکەی کتێبەکەیـدا، بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی "گالی " ئاماژە بەوە دەکات کە " هەر مێژوویەک وەک حەکایەت، دەربارەی سەرکەوتن یان شکستی سەرەکیی مرۆڤگەلێکە پێکەوە لە کۆمەڵگە یان وڵاتان یان هەر گرووپێکی ڕێکخراوی دیکە بە شێوەیەکی جاویدان دەژین و بەردەوامن" (همان، ٢٥١). کە وا بوو دەکرێ وەها لە بۆچوونەکەی ریکۆرەوە هەڵێنجان بکرێت کە مێژوو شــیکردنەوەی کردەیە و ئەنجامەکانی، بەڵام چیرۆک چییە؟ چیرۆک لە ڕوانگەی ئەرەســتۆوە دەربڕی کردەکـانە لە یەک "plot"دا و "plot"یش ڕێکخســتنی ڕووداوەکـانە، مێژووش هەروەک چیرۆک لەگەڵ کردەگەلێکی یەکلەدواییەکی مرۆڤەکاندا دەســتوپەنجە نەرم دەکـات. هەر جۆرە شــیکردنەوەیەکی بەردەوامیی ئەو کردانە، گێـڕانەوەیە و لێـرەوەیە کە لەبەر لاربـوونەوەی ڕیـکۆر بەرەو لای ئەرەستۆ، وەک بڵێی خەریکە لەگەڵ ئەو ئایدیایەی "مەکینتایەر "دا کە تاک ئاژەڵێکی چیرۆکبێژە، هاوئاواز دەبێت.

[1] ریکور زمان و حکایت پیرنگ و حکایت تاریخی، ترجمه م. نونهالی، تهران، ١٣٨٣.

[2] W.B. Gallie

[3] MacIntter

ڕیکۆر لە دەیەی (١٩٨٠)وە جەخـت لەســەر ڕۆڵی گـێڕانەوە لە تێگەشـــتنی مرۆڤ بۆ ژیـانی ئـاڵۆزی خۆی دەکـاتەوە. ئەو "بەڵگەی هێنانەوە کە ئێمە لە ژیاننامەکانی خۆمان و ئەوانیتر بە هەمان ئەو میـکـانـیـزمـانە تـێـدەگەیـن کە لە چـیـرۆکەکـان تـێـدەگەیـن، بە بەدواداچوونی ئەم "plot" و پاڵەوانە زەقکراوەکەی نـاوی. دیـدگـای گێڕانەوەیی ڕیکۆر زیاتر لەســەر بوتیقای ئەرەســتۆ ڕاوەســتاوە، کە لێیەوە ئەو وێنایە وەردەگرێت کە کارەکتەرەکان لەلایەن کردەکان و ئەزموونەکـانیـانەوە فۆرمەلە دەبن" (رتوا، ١٣٩٢: ٢١٧). ڕیکۆر ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیـادا گێڕانەوە مردوو بێـت، بە کۆمەڵگەیەک دەزانێت کە تیایدا تاکەکان توانای ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانی خۆیان نییە و پێکەوە لە ئەزموونێکی هاوبەشـدا بەشــدار نین. ئەو جەخت لەســەر ئەوە دەکاتەوە کە "گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خەڵک بۆیان، واتای ئەوەشی هەیە کە ئایندەیان بە خۆیان بسپێرینەوە، هێنانەوەی ئەوانە بۆ نـاو کـات و ڕزگـارکردنیـانە لە زەینی کـاتی و ســـاتی –ئەو[1] زاراوەیەشـــی لە لایبنیتســـەوە قەرز کردووە" (ریکور، ١٣٧١: ٨٦). ئەو پێیوایە کە "گێڕانەوە سـیسـتمێکی داینامیکییە کە لەنێو کاتدا درێژە بە خۆی دەدات و بە شـێوەیەکی شـانبەشـان پەیوەندیی بە ڕوودانی جیهـانەوە هەیە... هەروەهـا پێی وا بوو کە گێڕانەوە مێژووییەکـان، خۆیـان کردەگەلێکی مێژوویین کە لە ڕوودانی جیهـاندا بەشـــدارن" (ریکور، ٢٠١٨: ٣٣٥).

[1] mens instance

یەکێک لە پرۆبلماتیکە سەرەکییەکانی ڕیکۆر، مەودای نێوان مێژوو و گێڕانەوەی یادەوەرییە. ئەو دەڵێ ئێمە لە سێ قۆناغی جۆراوجۆردا بیر لە مێژوو دەکەینەوە: لە قۆناغی یەکەمدا مێژوو بریتییە لە کۆمەڵێک داتا، کە هەر ئەوەیە کە پێی دەگوترێت ئەرشیف. لە قۆناغی دووەمدا مێژوونووس هەوڵ دەدات تاوەکوو ئەو داتایانەی کە کۆی کردوونەتەوە، ڕوونیان بکاتەوە. لە قۆناغی سێیەمدا، شێوازی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مەبەستە. کەواتە ڕاجیایی هەمیشە لەنێو مێژوونووساندا بوونی هەیە. لە کاتی ئێستادا کۆمەڵێک مێژوونووس لە وڵاتی فەڕەنسا لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکدا کە ناوی "دامەزراوەی مێژووی سەردەمی ئێستایە"، جەخت لەسەر دوو سەردەمی مێژووی دەکەنەوە: یەکێکیان جەنگی جیهانیی دووەم و ئەوی تر لە ساڵی ١٩٨٩ بەدواوە. ئەمانە پێیان وایە کە ئەو خەڵکانەی کە مێژووی خۆیان ناناسن، مەحکوومن بە دووبارەکردنەوە. ریکۆر لە مەقالەیەکدا بە ناونیشانی "یادەوەری و فەرامۆشی"، ئاماژە بە یەکێک لە گرنگترین تێزەکانی خۆی سەبارەت بە بەبیرهێنانەوەی ڕابردوو و ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان کۆیادەوەری و مێژوو، سیاسەت، ئەخلاق و دادپەروەریدا هەیە؛ دەکات. لە خوارەوە زیاتر دەپەرژێینە سەر ئەم سێ چەمکە و پەیوەندیی نێوانیان.

---

[1] ئەو بابەتەی ریکۆر لە بەشی یەکەمی کتێبێکدا بە ناونیشانی " contemporary debates in philosophy questioning ethics" ئاماژەی پێ کراوە و کتێبەکەش لەلایەن "Mark Dooley" و " Richard Keanley"یەوە نووسراوە.

## مێژوو، یادەوەری، فەرامۆشی لە ڕوانگەی ریکۆرەوە

پەیوەندی و ئاڵۆسکانی مێژوو و یادەوەری، هێندە نزیکن پێکەوە کە تا حەفتاکانی سەدەی ڕابردووش لە ئەدەبیاتی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەئەستەم لێك دەکرانەوە. ئەم چەمکە و ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ چەمکی مێژوودا هەیەتی، وەک کامێن - یەکێک لە توێژەرانی کایەی یادەوەری- دەڵێت: "هۆکارێک بووە بۆ گەشە و پەرەسەندنی یادەوەری لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، زیاتریش لەبەر سەرهەڵدانی فرەڕەهەندگەرایی کولتووری، پاشەکشێی کۆمۆنیزم و سیاسەتی قوربانیکردن و دەربڕینی داخ و پەشیمانی سەبارەت بە ڕووداوەکانی ڕابردوو" (داودی، ١٣٩١: ٥). پەندێکی ئەڵمانی هەیە دەڵێ: ئەو کەسەی دەچێ بۆ سەفەر، هەمیشە چیرۆکێکی بۆ وتن هەیە. چەمک و ڕێبازی گێڕانەوە، خۆی بۆخۆی مێژوویەکی پڕ کێشمەکێش و قووڵی هەیە. وەک گارسیا مارکێز لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆمانی "زیندووم هەتا بیگێڕمەوە"دا دەنووسێت: ژیان ئەوەی کە ژیاوین نییە، بەڵکوو هەمان ئەو شتە کە لە یادەوەریماندا ماوەتەوە و بەو چەشنەیە کە بەبیری خۆمانی دەهێنینەوە تاوەکوو بیگێڕینەوە" (مارکز، ١٣٨٣: ٧).

پۆل ڕیکۆر؛ فەیلەسووفی فەڕەنسی، یەکێکە لە فەیلەسووفانی ڕێبازی گێڕانەوە و هاوکات تیۆریستی پەیوەندیی نێوان ئەخلاق و یادەوەری، ئەگەرچی فەلسەفەکەی "ناچێتە نێو هیچ قوتابخانەیەکی

---

[1] M.Kammen

دياريكراوەوە، ئەو ئەگزيستانسياليستێكە وەک سارتە، دياردەناسێكە وەک مێرلۆپۆنتی، ستـرەكچراليسـتێكە وەک بـارت يـان پۆسـت سترەكچەراليستێكی وەک فۆكۆ، بەڵام لەنێو سيستمی هزريی ئەودا، ڕەگی هەموو ئەمانە بەرچاو دەكەوێت" (محمدپور، ٢٠١٨: ٣٣٥).

ڕيكۆر سـەبارەت بە يادەوەری، باوەڕی وايە كە يادەوەری خۆی گێڕانەوەيە، چونكە ئێمە هەميشـە دەتوانين يادەوەرييە تاكەكەسييەكانمان بۆ ئەوانيتر بگێڕينەوە. وا دەردەكەوێت كە يەكێک لە پرسـيارە سـەرەكييەكانی ڕيكۆر لە كايەی يادەوەريدا و پەيوەنديی بە مێژووەوە بە پشـتبەسـتن بە ميتۆدی هێرمۆنۆتيک، بريتييە لە پرسـيار لە ڕابردوو، لە دادپەروەری لە ڕابردوودا، يان بە واتايەكی تر: پرسـيار سـەبارەت بە دادپەروەری لە بەبيرهێنانەوە و فەرامۆشـيدا. چ شـتێک لە ڕابردوو بۆ ئێمە بەجێ ماوە؟ ڕۆڵی يادەوەری و گێڕانەوەی يادەوەری لە دروسـتكردنەوەی ڕابردوودا چييە؟ چ پەيوەندييەک هەيە لەنێوان گێڕانەوە و مێژوو، گێڕانەوە و يادەوەری و يادەوەری و مێژوودا هەيە؟ بەرپرسـيارێتيی هەريەكە لەمانە چييە؟ بۆ وەڵامدانەوە و تێگەشتن لە هەموو ئەم پەيوەندييانە، چ كەسـێک لە فەيلەسـووف و هێرمۆنۆتيكی فەڕەنسـی، واتە "پۆل ڕيكۆر" باشتر.

ڕيكۆر لە شـوێنگەی فەيلەسـووفێكدا كە پەيوەندييەكی سـێلايەنانە لەنێوان مێژوو، يادەوەری و فەرامۆشيدا بەرقەرار دەكات و دەيەوێ بە شـێوازە تايبەتەكەی خۆی كە هێرمۆنۆتيكی گێڕانەوەيە، تێۆريايەكی

ڕێڕۆشـنکەرەوە بۆ چارەسـەری کێشـەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، ئەو ململانێیەی کە لە نێوانیـانـدا هەیە لە لایەک و لەنێوان ئێســتـا و ڕابردوویـانـدا هەیە لە لایەکی ترەوە بخـاتە ڕوو. کرۆکی تیۆریـاکەی بریتییە لە دادپەروەری لە وەبیرهێنانەوە و فەرامۆشـکردندا. ئەو خۆی لە زنجیرە سیمینارێکیدا پەردە لەسەر ئەو هەموو پاڵنەر و سەرنجانە لا دەبات کە خسـتوویەتیە سـەر ئەم بابەتە. ڕیکۆر دەڵێ ئەو هۆکارە تـاکەکەسـییەی کە وای لێ کرد بەقووڵی بپەرژێتە سـەر بـابەتە یادەوەری، لەوەوە سـەرچاوە دەگرێت کە ئەو خۆی سـەر بە نەوەیەکە کە بینەری کـارەسـاتبارترین تـاوانەکـانی مێژووی مرۆڤـایەتی بووە، تاوانەکانی نێوان سـاڵی ١٩٣٢ تا ١٩٤٥ لە ئەورووپا، ئەو نەوەیەی کە لە کاتی ئێسـتادا مشـتێک لە خەرمانیان لە ژیاندا ماون و هەر ئەو پەیوەندییە کە لەنێوان مێژوو و یادەوەریدا هەیە؛ گرنگترین کێشـە و بـابەتە بۆ ئەم نەوەیە. هەروەهـا پەیوەنـدی و مـلـمـلانێـی نێـوان یـادەوەرییەکـانی ئەوان و ئەو کەسـانەی کە پێیـان دەگوترێـت مێژوونووسـان. ئەو داوای مێژوویەکی مرۆڤکرد دەکات کە بناغەکەی لەسەر بنەمای "یادەوەریی زیندوو" ڕاوەستابێت و لە توانایدا بێت کە لەنێوان خەڵک و بەڵگەنامەکاندا بگات بە زەمینەگەلێک، بۆ ئەمەش ڕێگای خۆی لەو ڕاڤەیە جیا دەکاتەوە کە هەندێک کایەی مێژوونووسی دەیانگرنە بەر.

ڕیکۆر بۆ دەسـتپێکی خوێندنەوەکانی خۆی سـەبارەت بە یادەوەری، پەنـا بۆ موریس هـاڵبـاکس دەبـات و وەک سـەرەتـا یـادەوەریی تاکەکەسی و کۆیادەوەری لێک جیا دەکاتەوە. ئەو هەروەها ئاماژەش

بەوە دەکات کە کۆیادەوەری، چەمکێکی هەر وا سادە نییە و لە ڕووی تیۆری و پرەکتیکییەوە ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە ئەستەمە. یادەوەری تەنیا تاکەکەسی نییە، بەڵکوو هاوبەش یان کۆیشی هەیە. ئەو دووانەیەک بۆ یادەوەری قایلە کە "یادەوەری لە بنەڕەتدا تاکەکەسییە و یادەوەریی هەر کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکەدا جیاوازە" (ریکور، ١٣٨٣: ٤٨). ئەمە یەکێکە لە ڕەهەندەکانی "تاکەکەسیبوون"ی یادەوەری و بەڵگەی دووەم بۆ تاکەکەسیبوونی یادەوەری ئەوەیە کە "تەنیا یادەوەرییە کە هەستی تیپەڕبوونی کات، مەودای کات و باشتر بڵێم قووڵایی کات بە ئێمە دەبەخشێت" (همان). هەر لێرەشەوە دەچێتە نێو کارکردەکانی یادەوەرییەوە. ئەو پێیوایە کە یادەوەری خاوەنی سێ کارکردی تایبەت بە خۆیەتی: تاکەکەسیبوون، تیگەشتن لە چەمکی مەودا و قووڵایی کات و دواجار هەستی پێکەوەبەستن. "چەمکی کات لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی کارکردی پەیوەستبوونی تاک بە ڕابردوو و پەیوەندیی ئەم ڕابردووە بە یادەوەری لە لایەک و لە لایەکی ترەوە پەیوەستبوونی تاک بە ئایندە و توانای ئەو بۆ دیاریکردنی بارودۆخی خۆی لە ئایندەدا ڕاوەستاوە... و مەبەست لە 'هەستی پێکەوەبەستن' بەرقەرارکردنی پەیوەندیی نێوان تافی گەنجی و پیرییە... و دەکرێ بڵێین کە مێژوو هەمان ئەو پێکەوەبەستنە لەودیو یادەوەری و یادە تاکەکەسییەکانەوە دەهۆنێتەوە" (همان: ٤٩).

ئەو هەڵبەت یادەوەریی تاکەکەسی وەک دەروازە و دەسکەلایەک بۆ چوونەناو جۆری دووەمی یادەوەری کە کۆیادەوەرییە، بەکار

دەهێنێت. هەمان ئەو کارکردانەی کە بۆ یادەوەریی تاکەکەسی قایل دەبێت، بۆ کۆیادەوەرییشیان ڕەوا دەبینێت. ئەو لە وتاری "مێژوو، یادەوەری، فەرامۆشی (١٩٩٤)"، ئاماژە بەوە دەدات کە ئێمە دەتوانین هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەیاندەینە پاڵ یادەوەریی تاکەکەسی، بۆ کۆیادەوەرییشیان هەژمار بکەین. ڕێکۆر بە نیگاوەرگرتن لە هالْباکس، ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان یادەوەریی تاکەکەسی و کۆیادەوەری بە ئاڵوگۆڕی یادەوەری دەزانێت. ئەو ئاماژە بە یەکێک لە گرنگترین بۆچوونەکانی هالْباکس دەکات کە "سەرەڕای تاکەکەسیبوونی یادەوەریی ئێمە، یادەوەرییەکان لەگەڵ ئەوانیتردا دابەش دەکەین. ئەو یادەوەرییەی کە هاوبەشیی پێ دەکرێت، شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکات. ئەگەر منی نەوعی دەتوانم یادەوەرییەکانم بگێڕمەوە، لەبەر ئەوەیە کە گێڕانەوە کردەیەکی کۆمەڵایەتییە. کردەیەکی کۆمەڵایەتی کە یادەوەریی یەکێک لە ئەوی ترەوە دەبەستێتەوە و شتێک بەرهەم دەهێنێت کە دەتوانرێت پێی بوترێت ئاڵوگۆڕی یادەوەری" (هەمان، ٤٩). ڕەنگە ئەو یادەوەرییە هەر ئەوە بێت کە "بەختیار عەلی"یش لە ڕۆمانی "کەشتی فریشەکان"دا زۆر بە ناسکی و قووڵی باسی دەکات. بۆ نموونە لە زاری نەغەدەوە بە چەنگیز دەڵێ: "یادەوەری شتێکی تایبەت نییە، بەڵکوو بەشێکە لە مرۆڤ، بەڵکوو بەشێکە لە مرۆڤ کە خۆی خاوەنی نییە. ئەوەی لە ئەقڵماندا دەگوزەرێت؛ خاوەندارێتییەکەی هیی خۆمانە، ئەوەش دێت بە خەیاڵماندا؛ دیسانەوە هیی خۆمانە و بۆ خۆمانە و کەس هەقی نییە بەسەریەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بە

یـادەوەرییەکـانمـانەوە هەیە، نـا... براکەم چەنگیز، ئەمە تەنیـا هیی خۆمان نییە" (عەلی، ٢٠١١: ١٢٧).

ڕیــکــۆر لە هەمــان دەرچەوە دەگــات بە مەقــولەی نەوە یەکـلەدوایـیەکەکـان. ئەو بـاوەڕی وایە کە یـادەوەری لە ڕێـگەی گێڕانەوەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. لەنێوان ڕابردوو، ئێســـتا و ئایندەدا پەیوەندیی بەرقەرار دەکات و پێیوایە کە ئەگەر دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، لەبەر ئەوەیە کە یادەوەرییە تاکەکەسییەکان پێشوەخت بوونیان هەبووە و بۆ ئەوەی کە ئەو کۆیـادەوەرییـانە ببنە خـاوەنی هـارمۆنی، تـاکەکـان دەســتیان داوەتە ئاڵوگۆڕ. "یادەوەری، واتە ئەوەی کە وادەردەکەوێت کە پەیـوەســـــتە بە ڕابـردووە دوورەکـانەوە، بە هـۆی ئەو ئەڵـقەی پەیوەنـدییە لەگەڵ ئـاینـدە و ئێســـتـا، ڕۆڵی ئـاڕاســـتەکەر بە کـات دەگێڕێت. کات هەڵگری ئاڕاســـتەیەکە لە ڕابردووەوە بەرەو ئاینده و یادەوەری، گەرەنتیی ئاڕاستەکردنی کات لە ڕابردوو بەرەو ئایندە لەناو خۆیدا هەڵدەگرێت" (هەمان، ٥٠).

### یادەوەری و فەرامۆشی

ڕیکۆر دەڵێت کارکردی ڕەخنەگرانەی مێژووە کە دەتوانێت دووریی مەودای ڕابردوو بپارێزێت، بەڵام ئەو پاراســتنی دوورییە و "ئەوەی کە بڵێین ڕابردوو ڕابردووە، واتای فەرامۆشــــکردن ناگەیەنێت، بەڵکوو بە واتای ئەوە دێت کە پەیوەندیی ڕابردوو بە کاتی ئێســـتاوە لە مەقامی

ڕابردوودایە و نەک لە شـــێوەی 'معلول'ێکی کاتی ئێســـتا" (ریکور، ١٣٨٣: ٥٦). وەك "ئیڤـان کلیمـا" لە کتێبی "ڕۆحی پراگ"دا دەنووســێت: "ئەم هەســتە کە مردن نابێت کۆتایی هەموو شــتێک بێت، یەکێکە لە هەســـتە بنەڕەتییەکانی ئێمە. ئێمە بە بەرگریکردن لەبەرامبەر فەرامۆشیدا دەوەستین و بەپێچەوانەشەوە لە ڕاوەستان لەبەردەم فەرامۆشیدا لەبەردەم مردنیشدا ڕادەوەستین... فەرامۆشی یەکێکە لە نیشـــانەکانی مردن. ئێمە بەبێ یادەوەری و یادگە، چیتر مرۆڤ نین" (کلیما، ١٣٩٠: ٤٥).

ڕیکۆر پێیوایە کە "ڕەگوڕیشـەی سـەرەکیی یادەوەری، مەعریفەی مرۆڤ بۆ ڕووداوەکانی ڕابردووە و یان ئەودیو ڕابردوویەتی ڕووداوەکانی ڕابردوو. بەگوێرەی ئەو ڕوانینە بێت، یادەوەری هەمیشـــە پابەندە بە 'حەقیقەت'ەوە، تەنانەت ئەو کاتەی کە ڕاستگۆش نەبێت لەگەڵ ئەو ڕابردووە ڕاســـتەقینەیە" (Kearney & Dooley, 2002 :5). ئەو هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "یادەوەری هەمیشـــە پابەندە بە حەقیقەتەوە، تەنانەت ئەو کاتەی کە پەیوەندییەکەی بە ڕابردووەوە؛ حەقیقی یان ڕاســـتگۆیانەش نەبێت. لەبەر ئەو دوو بنەما دژیەکە: واتە پـابەنـدی یـادەوەری بە حەقیقەت و پەیوەنـدیی نـاحەقیقی بە ڕابردووەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە یادەوەری هەمیشـــە بانگەشـــەی حەقیقەت دەکـات، یـادەوەرییەکـان دەتوانن بخرێنە بەر تۆمەتی نەبوونی وەفاداری بۆ بانگەشـەی خۆیان. کەوا بوو چۆن دەکرێ باسـی ئەخلاق یان بنەماکانی "بەبیرهێنانەوە" بکرێت؟ بە ڕای من ئەم کارە دەکرێت، چونکە یادەوەری دوو جۆرە پەیوەندیی بە ڕابردووەوە هەیە:

یەکەم: پەیوەندیی مەعریفی و دووەم: پەیوەندی کردەیی. پەیوەندیی کردەیی یادەوەرییەکان لەگەڵ ڕابردوو، هەمان ئەو کردەیەیە کە نەک تەنیا قسە، بەڵکوو زەینیشمان ئەنجامی دەدات. مرۆڤەکان بە بەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکان، ڕاهێنان لەسەر زەینی قابیلی یادکردنەوە دەکەن، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە کردە (Ibid).

ئەو پێیوایە کە مێژوونووس لەم قۆناغەدا بۆ چارەسەری برینەکانی یادەوەری لە ڕووداوەکان دوور دەکەوێتەوە. مێژوونووس ڕۆڵی "دروستکردنی جیاکارییە لەناو کاتی ئێستادا و ئیدی کاتی ئەزموونی تاکەکەسیی ئەو نییە، بەڵکوو کاتێکە کە ئەو لە دوورەوە سەیری دەکات. هەر لەبەر ئەوە وەک ڕابردوو سەیری ڕابردوو دەکات، نەک وەک شەبەحێک کە سێبەری بەسەر کاتی ئێستاوە ماوە" (ریکور، ١٣٨٣: ٥٥) و ئەو ڕابردووە کە وەک ئەڵمانەکان دەڵێن: ڕابردوویەکە کە نایەوێ تێپەڕێت، ئەم ڕابردووە لە هەموو شوێنێک هەیە و لە هیچ شوێنێک نییە. نە بەڕاستی بەشێکە لە ڕابردوو و نە بەڕاستی بەشێکە لە ئەمڕۆ. ئەم هەژموونی ڕابردووە بەسەر ئێستاوە، ڕێک هەمان ئەو واتایەیە کە فرۆید لە چەمکی ناچاربوون بە دووبارکردنەوە و مامەڵەکردن و خۆگونجان لەگەڵی هەڵێنجانی کردبوو و ڕیکۆریش ئەو تیۆرییایەی کردۆتە دەسکەلا بۆ بابەتی ڕەهەندی چارەسەری بەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکانی ڕابردوو.

ڕیکۆر لێرەدایە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە "ئێمە دوو هەڵبژارنمان هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یادەوەرییەکان: یان بە

دووبارەکردنەوەیان، یان ئەوەتا بیانکەینە سەرمەشق بۆ دروستکردنی ئایندەمان. زیندووکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ترۆمای ڕابردووە، تەنیا خزمەت بە گەڕانەوەی هەمیشەیی دەکات بۆ دواوە، ئەمە لە کاتێکدا کە پشتبەستن بە سەرمەشق بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێت و ڕێگا بەرەو دادپەروەرییش تەخت دەکات" (Duffy, 2009 :54). بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێمە دەتوانین خۆمان لە ناچاربوون بە دووبارەکردنەوە ڕزگار بکەین و ئەوە ڕێک لەبەرامبەر "کردەی یادەوەری"دا خۆی دەبینێتەوە و ئەوە مێژوونووسە کە بۆ ئەم دەرفەتی بەرهەمهێنانەی یادەوەرییە دەڕەخسێنێت، چونکە "دووبارەبوونەوە کاتێک ڕوو دەدات کە هزرە سەرکوتکراوەکان دەگەڕێنەوە و سوبێکت دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و دەبنە هۆی ئەوەی کە خۆنەویستانە کردەیەک دووبارە بکەنەوە" (مالپاس، ١٣٩٠: ١٥٨). ڕیکۆر باوەڕی وایە کە ئەم لایەنە پێویستی بە سەرنجدانێکی جددییە.

ڕیکۆر ئاماژە بە سێ ئاستی گرنگ دەکات، کە کرۆکی تێزەکەی سەبارەت بە یادەوەری و فەرامۆشی دەکات پێک دەهێنن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- ڕەهەندی چارەسەری[١]
- ڕەهەندی کردەیی[٢]

[1] Pathological therapeutic level

[2] Pragmatic level

- ڕەهەندی بنەڕەتی، ئەخلاقی، سیاسی[1]

ڕیکۆر لە پەرژانە سەر بابەتی مێژوودا، لە دەروازەی "نەخۆشییەکانی یادەوەری"یەوە یان "پاسۆلۆجی "یەوە، درێژەی بە بیرکردنەوەکانی[2] دەدات. ئەو نەخۆشییانەی کە زیاتر لە هەر سەردەم و نەوەیەک، نەوەی سەردەمی ئەوی گیرۆدە کردووە. یەکێک لە سەرەکیترین چەمکەکانی ئەو، بریتییە لە چەمکی "برین". ڕیکۆر ئەم چەمکەی لە کایەی دەروونناسی و لە کانیاوی تیۆرەکانی زیگمۆند فرۆیدەوە قەرز کردووە و بەدیاریکراوی سوود لە دوو وتاری بەناوبانگی فرۆید بە ناونیشانەکانی "یادەکان، ناچاربوون بە دووبارەکردنەوە و مامەڵەکردن"، کە لە ساڵی ١٩١٤دا بڵاو کرایەوە و هەروەها "ماتەم و مالیخۆلیا " وەردەگرێت. لە وتاری یەکەمدا[3]، فرۆید سەبارەت بە نەخۆشگەلێک قسە دەکات کە بە دووبارەکردنەوەی یادەوەرییە تاکەکەسییەکانیان لەمەڕ تافی منداڵیی خۆیان، خۆیان لە چارەسەربوون بەدوور دەگرت، "وەک بڵێی ئەو دووبارەکردنەوەیە ئەوانی لە بەرپرسیارێتیی ژیان وەک تاکێکی ئازاد بێبەری دەکرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئەزموونەیە کە فرۆید ئاماژە بە دژیەکیی نێوان دوو چەمکی ناچاربوون بە دووبارەکردنەوە و یادەوەری دەکات" (ریکور، ١٣٨٣: ٥١).

---

[1] Ethical political

[2] Pathology

[3] Mourning and Melancholia

لەم بارەیەوە، ئەو ئاماژە بە نموونەیەکی ڕوون دەکات لە مێژووی ئێستادا. مەبەستی زیادبوونی یادەوەرییە لە هەندێک شوێنی ئەورووپای ئێستا و کەمییەتی لە هەندێ ناوچەی دیکە. پرسارێک کە زەینی من هەندێک بەخۆیەوە سەرقاڵ دەکات، ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان خراپ بەکارهێنانی یادەوەرییەکان و بەبیرهێنانەوەیان و فەرامۆشکردنی یادەوەرییەکاندا هەیە. بۆ نموونە؛ ڕیکۆر خۆی ئاماژە بە کەمیی یادەوەریی شەڕی جەزایر دەکات -هەر ئەو بابەتەی کە "ئانتوان پروست " لە وتارێکدا لەژێر[1] ناوی "شەڕی جەزایر لە کۆیادەوەریی فەڕەنسییەکاندا " کاری جددیی لەسەر کردووە[2]. پرسیار ئەوەیە کە پەیوەندی چییە لەنێوان یادەوەرییەکان و توانای مرۆڤدا بۆ پاراستنی یادەوەری؟ چونکە دەستدرێژیکردسەر یادەوەرییەکان و خراپ بەکارهێنانیان زیاتر لەم کایەیەدایە کە ڕوو دەدات. دەستکاریکردنی یادەوەرییەکان گەلێک هۆکاریان لەپشتە، لەوانە فەرامۆشی و بەبیرهێنانەوەی خۆویستانە، کاریگەریی مەعریفەی پێشوو، هۆکاری ژینگەیی، بیرچوونەوە، لێدان و بەرکەوتەیەکی ڕۆحی و دەروونی و کارکردەکانی خەیاڵکردن. ڕیکۆر دەڵێت من بۆ پاڵپشتی لەو بانگەشەیەی کە دەیکەم، دەمەوێ لە دوو وتاری گرنگی فرۆیدەوە یارمەتی وەربگرم. یەکەمیان وتاری "بەبیرهێنانەوە، دووبارەکردنەوە و کارکردن  یان ستراتیج (١٩١٤)"، ئەم وتارە[3] دەربارەی ئەو نەخۆشانەیە کە بە شێوەیەکی بەردەوام کاریگەرییەکان "نەخۆشی"یەکەی خۆیان

[1] Antoine prost

[2] The Algerian war in French collective Memory.Cambridge University.1999

[3] Remembering, repetition, working through

خۆنەویستانە دووبارە دەکەنەوە و لە ئەنجامدا توانای بەبیرهێنانەوە و دووبارەکردنەوەی ڕابردووی خۆیان نییە، بەو شێوەیەی کە ڕەزامەندیی بەدوادا بـێـت (Cearney & Dooley, 2002 :6). کەواتە دووبـارەکردنەوەی بەردەوامی لێکەوتەکـانی نەخۆشـــییەکە نەک چارەســەر نییە، بەڵکوو دەبێتە بەربەســت لەبەردەم بەبیرهێنانەوەی یادەوەرییەکاندا و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ "بەرگری" و "ســەرکوت"دا کە دوو مەقولەی زۆر گرنگی دەروونشـیکارین. بۆیە فرۆید دەڵێ هەم نەخۆش و هەم پزیشـــک، دەبێ لەبەرامبەر ئەم هەموو دووبارەکردنەوەی نەخۆشـــەکەدا پشـــوو بەخەرج بدەن. ئەو دەڵێ چارەســەر هەمان ئەو چەمکەیە کە لە ناونیشـانەکەدا هاتووە: "working".

فرۆید بۆ ئەو مەبەســتە زاراوەی "بەبیرهێنانەوە وەک کردە" دەخاتە ڕوو. بۆیە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، خودی بەیرهێنانەوە جۆرێکە لە کار و کردە. ڕیکۆر ئـامـاژە بە دووەم وتـاری فرۆیـد بە نـاوی "پرســـە و مـالیخولیا " دەکـات، ئەم وتـاڕە یەکێکیترە لە هەنگاوە زۆر گرنـگ و کـاریگەرەکـانی فرۆیـد بۆ جیـاکردنەوەی ئەو دوو حـاڵەتە. پرســـە لە ڕوانگەی فرۆیدەوە کارێکی جددییە. "کردەی بەبیرهێنانەوە جۆرێکە لە پرســەدانان، هەروەها پرســە ڕاهێنانێکی بەئازارە کە لە یادەوەریدا ڕوو دەدات. پرسەدانانیش هەمان سارێژبوون و ئاشتبوونەوەیە، بەڵام ئـاشـــتبوونەوە لەگەڵ چی؟ لەگەڵ واقعیەتی لەدەســـترۆشـــتووی ئۆبجێگەلێک کە خۆشــمان ویســتوون و یان هێشــتاش خۆشــمان

[1] Mourning and Melancholia

دەوێن. ئەم ئۆبجێیە دەکرێ کەسێکی تریش بێت کە لەدەستمان داوە... هەروەها دەکرێ چەمکگەلێکی ئەبسترەکتی وەک نیشتمانی باوکی، ئازادی و یان هەر جۆرە ئایدیالێکی دیکەش بێت... شتێک کە دەکرێ لە کردەی پرسەدانادا بپارێزرێت و بێتە دی، بەڵام لە مالیخولیا یان ماتەم و خەمۆکیدا لەدەست دەچێت، هەمان ئەو شتەیە کە پێی دەگوترێت ئیعتیباری تاکەکەسی یان هەستی مرۆڤ سەبارەت بە ناسنامەی خۆی (Cearney & Dooley, 2002: 6&7). فرۆید لە وتارەکەیدا نووسیویەتی: "پرسە یان ماتەم، بەردەوام هاوواتای پەرچەکردارێک بۆ لەدەستدانی خۆشەویستێک، یان لەدەستچوونی ئایدیایەکی ئەبسترەکتێکە کە جێگای ئەوی گرتۆتەوە، وەک ئایدیای سەرزەمینی باوکی، ئازادی، درووشم و... و لە هەندێک کەسدا هەمان ئەو کاریگەرییانە لەجیاتیی پرسە و ماتەم، دەبێتە هۆی مالیخۆلیا" (فروید، ١٣٩٠: ٨٤).

بە بۆچوونی فرۆید، ئەم تایبەتمەندییەی کە بەئاشکرا دۆخی پرسە و مالیخۆلیا لێک جیا دەکاتەوە، هەستیار و چارەنووسسازە. خەسڵەتە زەینییەکانی نەخۆشیی مالیخۆلیا بریتین لە: "جۆرێک هەستی قووڵ و بەئازار، پچڕاندنی پەیوەندی و گرنگیدان بە جیهانی دەرەوە، لەدەستدانی توانای خۆشەویستی دەربڕین، وەستانی هەر جۆرە چالاکییەک و لاوازبوونی هەستی ڕێزگرتن لە خود تا ڕادەی دەربڕینی سەرزەنشتکردنی خود، بێڕیزی و خۆبەکەمزانین، کە دواجار لە چاوەڕوانییەکی خەیاڵی و تەمومژاویدا بۆ سزادان دەگاتە لوتکە" (ریکور، ١٣٨٣: ٥١).

ئەم حاڵەتە جۆرێکە لە ونبوونی ناســـنامە. هۆکاری ئەم ونبوونی ناسـنامەیە ئەوەیە کە لە مالیخۆلیادا هەسـتی نائومێدی و لاربوونەوە بەرەو دووبارە ئاوێزانبوونەوە لەگەڵ ئۆبجێی لەدەســـتچوودا بەجددی بوونی هەیە، ئۆبجەیەک کە بۆ هەمیشـــە نەماوە و هیچ هیوایەکیش بە دووبارە گەشـــتنەوە پێی؛ بوونی نییە. فرۆید دەڵێ ئەرکی گرنگی نەخۆش ئەوەیە کە دەبێ هەموو ئەو کۆتوبەندانەی "چ ئاگایانە و چ نائاگایانە" کە ئەو بە ئۆبجێی لە دەسـترۆشـتووە دەبەسـتنەوە، لەناو ببات." ئەمە ئەو قۆناغەیەک کە فرۆید ناوی دەنێت "ناوەکیبوونی ئۆبجێی لەدەسـتچوو" (هەمان: ٧). لێرەدا ئۆبجێی لەدەسـتچوو ئیدی دەبێتە بەشێک لە ناخ و دەروونی کەسی خاوەن پرسە و ئیدی کردەی پرســـەدانان مرۆڤەکە لە لێژبوونەوە بەرەو مالیخۆلیا دەپارێزێت، چونکە "نەخۆش" دەبێ باجێکی هیلاککەری زۆر بدات و هێدی هێـدی واقعیەتەکە قبووڵ بکـات. ڕیکۆر دەڵێ ئەو بەرامبەرکێیە، بەرامبەرکێی واقعیەتگەرایی و چێژگەراییە، چونکە مـالیخۆلیـا بە جۆرێک لە جۆرەکان، داواکردنی بەردەوامی بنەمای چێژگەراییە. "ئەم وتارەی فرۆید ڕێگە بە ئێمە دەدات کە دوو مەقولە بخەینە پاڵ یەک: کردەی بەبیرهێنانەوە و کردەی پرســـەدانان. کردەی بەبیرهێنانەوە لەبەرامبەر دووبارەکردنەوەی بەردەوام و کردەی پرسەدانان لەبەرامبەر مالیخولیا" (هەمان).

ڕیکۆر لە تێڕامانەکانیدا فەرامۆشـــکردن بە گرانترینی ئەو بابەتانە لەقەڵەم دەدات کە دەبێ بە وردبوونەوەیەکی زیـاترەوە کێومـاڵی بکات. ئەو باوەڕی وایە کە فەرامۆشـــی؛ حاڵەتێکی حەتمی و تەنانەت

زەروورییە، چونکە یادەوەرییەک کە تایبەتمەندیی فەرامۆشـــکردنی لەنـاو خۆیـدا هەڵنەگرتبێـت، یـادەوەرییەکە کە توانـای گێڕانەوەی ڕووداوەکـانی نییە. بۆیە بۆ ئەوەی کە بگێڕینەوە، دەبێـت توانـای فەرامۆشـــکردنیشـــمـان هەبێـت. هەمـان ئەو مەقوولەیەی کە بۆ قســـەکردن دەربارەی چار نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ فردریچ نیچە، چونکە ڕیکۆر وتەنی: نیچە فەیلەســـووفی فەرامۆشـــییە. "نیچە، لەبارچوون و ناشـــادبوونی ژیانی مرۆیی لەژێر باری هوشـــیارییەکی مێژوویی تێکشـــکـاودا هـاوتەریـب لەگەڵ وێنەی ڕانێـکـدا کە بەخۆشـــحـاڵییەوە لە کێڵگەیەکـدا دەلەوەڕێـت، وێنـا دەکـات. ئەو دەپرسێت کە بۆچی ئێمە سـەرەڕای ئاسـتبەرزیی جۆرایەتیمان، وەک 'بەهەشـــتێکی ونبوو' ئیرەیی بەم دڵخۆشـــییەی ئـاژەڵان دەبەین" (اسپینکر، ١٣٩٠: ١٢٣).

نیچە لە کتێبی "ســـوودمەندی و ناســـوودمەندی مێژوو"دا پێمان دەڵێت: "بیر لەو ڕانە بکەنەوە کە لەبەر چاوتـاندا دەلەوەڕێت. ئەم ئاژەڵانە هیچ تێگەشتنێکیان بۆ ئەمڕۆ و سبەی نییە، جگە لەوەی کە بەملاولادا دەڕۆن، دەخۆن، پشـوو دەدەن، سـەرف دەکەن و دووبارە دەست بە جووڵە دەکەنەوە و لە ڕۆژ و شەو و لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی تر هەر بەم چەشنە بەردەوام دەبن... سەرمەستی ساتن، هەر لەبەر ئەوەش نە غەمگینن و نە دڵتەنـگ. بینینی ئەم دیمەنە بۆ مرۆڤ ئاسان نییە، چونکە ئەم لەبەر ئەوەی کە مرۆڤە و ئاژەڵ نییە، شانازی بە خۆیەوە دەکات" (نیچە، ١٣٧٧: ١٤). بەڵام مرۆڤیش لە حاڵی خۆی ڕاما و لە خۆی پرسی کە بۆچی توانای فەرامۆشکردنی نییە و هەمیشە

بەستراوەتەوە بە ڕابردووەوە؟ نیچە سەیری فەلسەفە و مێژوو وەک زانست دەکات، نەک وەکوو یادەوەری. لەم دەقەدا ئەو ڕەخنە لە میتۆدی هیگڵ دەگرێت کە مێژووی وەک زانست لێک دەدایەوە. بابەتی نیچە ڕێکوڕاست سەبارەت بە سوودوەرگرتنی نادروستە لە یادەوەرییەکان و قورسایی باری هوشیاریی مێژوویی کە لەسەر شانی مرۆڤە، لە هەمان شوێندایە کە ئەو هەمووان بەرەو "نامێژوویی‌بوون" بانگهێشت دەکات.

دەکرێ وەها هەڵێنجان بکرێت کە نیچە بەرامبەر بە یادەوەری و یان کردە زۆر ڕەشبینە. ئەو بچووکترین و گەورەترین خۆشبەختییەکانی مرۆڤ لە یەک شتی هاوبەشدا دەدۆزێتەوە و ئەویش توانای فەرامۆشکردن و بە واتایەکی تر: نامێژوویی ژیان و بە زمانی خۆی: "فەرامۆشی چالاک"ە. نیچە وەک هەمان شەبەحی ڕابردوو باسی بەرپرسیارێتیی ئاگایی مێژوویی دەکات و یادەوەرییش وەک ڕەگەزێک کە ڕێگرە لەبەردەم بەرنامەڕێژی بۆ ئایندەماندا. "ڕێکوڕاست ئەو کاتەی کە یادەوەری ڕێگەی وێناکردنی ئایندە بە ئێمە نادات، فەرامۆشی زەرووره" (ریکور، ١٣٨٤: ٥٧). ڕەنگە ڕێک لە خاڵی بەرامبەری نیچە، وۆڵتەر بنیامین ڕاوەستابێت، ئەو نەیاری فەرامۆشی بوو کە پێی وا بوو کە نابێت فەرامۆش بکرێت، ئەگەر دووچاری مالیخۆلیاش بووبین. وا دیارە کە پەیبردن بە بابەتی پرسەدانان، لە ڕوانگەی بنیامینەوە زۆر گرنگە. ئەو نەیاری فەرامۆشی بوو، چونکە دەترسا دۆسیەی خۆکوشتنی دوو کەس لە نزیکترین هاوڕێکانی بۆ هەمیشە دابخرێت. بنیامین باوەڕی وایە کە "زمان

بەباشـــی پیشـــانی دەدات کە یادەوەری ئامرازی دۆزینەوەی ڕابردوو نییە، بەڵکوو ئـامرازی نمـایشـــیەتی. یـادەوەری هەروەک زەمین، گەیەنەرێکە کە شـــارە مردووەکان تیایدا بەشـــاراوەیی دەمێننەوە، گەیەنەری ئەزموونی ڕابردووە. کەسێک کە هەوڵ دەدات لە ڕابردووی داپۆشـــراوی خۆی نزیک بێتەوە، دەبێ وەک پیاوێک ڕەفتار بکات کە زەوی دەکێڵێت" (Kelly,2008: 18). ئامانجی ئەو لە نکۆڵیکردن لە پرســەدانان و ڕەتکردنەوەی فەرامۆشـــیی نکۆڵێکردن نەبوو لە بەڵا، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ ئەوەی کە دۆســیەی خۆکوشــتنی هاوڕێکانی دانەخرێت، تاوەکوو لەم ڕێگەیەوە بتوانێت پەی بە ڕیشـــە و هۆکاری ڕوودانی ببات.

ڕیکۆر پێش ئەوەی بگـاتە ڕەهەنـدی "کردەیی" بەبیرهێنـانەوەی یادەوەری، بابەتەکە پەیوەست دەکاتەوە بە کایەی سیاسییەوە. وەک وتمان لە هەندێک شـــوێن "زیادبوونی یادەوەری" بوونی هەیە و لە هەندێ شـــوێن "کەمبوونی یادەوەری"، هەردووکیشـــیان دوو ڕووی یەک دراون، چونکە "هەڵکشـانی یادەوەری هەمان دووبارەکردنەوەی بەردەوامی یادەوەرییەکانە و کەمبوونی یادەوەری هەمان مالیخولیا. لە حـاڵەتی مـالیخولیـادا برینەکـان و ڕووداوە مێژووییەکـان خۆیـان دووبـارە دەکەنەوە، بۆیە بۆ خۆگونجـان و ئـاشـــتبوونەوە لەگەڵ یادەوەرییەکان، پرسەدانان و کارکردن لەسەر یادەوەرییەکانی بەدوادا دێت و هاوکات ڕوو دەدەن. یادەوەرییەکان نەک تەنیا دەبێ قابیلی تێگەشتن بن، بەڵکوو دەبێ لەگەڵیشیاندا بگونجێنرێن" (Cearney & Dooley, 2002: 7).

بۆ ڕەهەندی پراگماتیکی، ڕیکۆر دەڵێ نیشـــانەی ســـەرکەوتنی "کـردەی بەبـیرهـێـنـانەوە" و "پـرســـەدانـان"، خـۆگـونجـانـدن (ئاشتەواییکردن)ە لەگەڵ ڕابردوو: هەردووکیان بە جۆرێک سارێژبوون و دەســـتلەملانکردنی ڕابردووە. ئەو بۆچوونی وا بوو کە لەم ڕەهەندە کردەییەدایە کە بەبیرهێنـانەوەی یـادەوەرییەکـان ڕووبەڕووی خراب پەکارهێنان دەبنەوە. بەڵام دەبێ بپرســـین کە بۆچی وایە؟ ئەو خۆی لە وەڵامـدا دەڵێ کە "هۆکـاری ئەوە خراپ بەکـارهێنـانی پەیوەنـدیی یـادەوەرییەکـانە لەگەڵ بـابەتی 'نـاســـنـامە'دا (lid:7). لە واقعـدا[1]، نەخۆشـییەکان و کێشـەکانی یادەوەری نەخۆشـیگەلێکی ناسـنامەیین. ئەوە یادەوەرییەکانی ڕابردوون کە ناســـنامەی میللەتێک دروســـت دەکەن.

ڕیکۆر بۆ ڕوونکردنەوەی زیـاتری لایەنی نـاســـنامە و پەیوەنـدیی بە یادەوەرییەوە، ئاماژە بە ســـێ خاڵ دەکات: یەکەم: ئەوەی کە "ئەو پرســـیارە بەردەوامەی کە لەپشـــت بابەتی ناســـنامەوە خۆی حەشـــار داوە، "پرســـیاری من کێم"ە. بە واتایەکی تر: ئێمە هەوڵ دەدەین کە بە گەشتن بە حاڵەتی "تێربوون" و شیکردنەوەی هەموو پرسیارەکانی تایبەت بە "من چیم"، وەڵامی ئەو پرســـیارە بدەینەوە. ســـەرچاوەی هەموو خراپ بەکـارهێنـانەکـان، بە یەک چـاو ســـەیرکردنی ئەو دوو پرســـیارەیە" (Cearney & Dooley, 2002: 8). ئەو ئاماژە بە دوو جۆر ناسـنامە دەکات: ناسـنامەیەک کە بە درێژایی کات و تێپەڕبوونی

[1] http://avangardsite.ir/1392/01/16/%D8%AE%D8%A7%D8%B7%D8%B1%D9%87-%D9%88-%D9%81%D8%B1%D8%A7%D9%85%D9%88%D8%B4%D9%8A/

کـات هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، نـاسـنـامەکەی تر بریتییە لە ناسنامەیەکی دوولایەنە. ناسنامەی "منی گۆڕاو"، کە ناسنامەیەکە بۆ گونجان لەگەڵ بارودۆخ.

خاڵی دووەم، بریتییە لە بابەتێکی سـەرنجڕاکێش کە ڕیکۆر ناوی دەنێت "ئەوی تر". مرۆڤەکان کاتێک "ڕووبەڕووی کەسـانێکی دیکە دەبنەوە و مامەڵەیان لەگەڵ زۆر جاران ئەو مرۆڤانەی تر خاوەنی بەها و سـتانداردی ژیانیی جیاوازن، بۆیە ئەوانیش هەسـت بە جۆرێك ترس و هەڕەشـە دەکەن. هەستی بە کەم سـەیرکردن، چ واقعی و چ خەیـاڵی، پەیوەنـدییەکی ڕاسـتەوخۆی بەم هەسـتەوە هەیە. ئەم هەستەیە کە وا دەکات مرۆڤەکان هەوڵی کردنەدەرەوەی "ئەوی تر" بدەن، بۆ ئەوەی بەسەر ئەو ترسەدا زاڵ ببن.

خـاڵی سـێیەم "هەمـان ئەو تونـدوتیژییەیە کە بە هۆی جۆرە هەمیشەییەکانی پەیوەندی و تێکەڵاویی نێوان مرۆڤەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ڕیکۆر دەڵێ ئەگەر سـەیری دروسـتبوونی کۆمەڵگەکان بـکەیـن، دەبـیـنـیـن کە "زۆربەی ئەو ڕووداوانەی کە دەبـنە هـۆی ڕەنگرێژیبوونی کۆمەڵەکـان، ڕووداوە تونـدوتیژئـامێزەکـانن. کەواتە دەتوانین بڵێین ناسـنامەی کۆمەڵایەتی، ڕەگوڕیشـەکەی بەناو ئەو ڕووداوە بنەڕەتییانەدا ڕۆشـتۆتە خوارەوە کە بەگشـتی توندوتیژئامێز بوون و هەن. بە واتایەکی تر: یادەوەرییە کۆمەڵایەتییەکان، مەخزەنی ئەو جۆرە برین و بەرکەوتە توندوتیژانەن" (هەمان).

ڕیکۆر لێرەوە دەیەوێ بگاتەوە بەوەی کە لە ڕێگەی گێڕانەوەوەیە کە جۆرێکی دیاریکراو لە پەروەردەی یادەوەری دەکرێت دابڕێژرێت، بۆ ئەمەش لە پەیوەندیی نێوان یادەوەری و فەرامۆشـــییەوە دەســـت پێ دەکات. ئەو دەڵێت ئێمە بۆ ئەوەی گێڕانەوەیەک (روایت) دروست بکەین، دەبێ هەنـدێـک لە ڕووداوەکـان کە بە ئـاڕاســـتەی پلانە گشـــتییەکەی گێڕانەوەی ئێمە هەنگاو نانێن؛ بیـانســـڕینەوە. ئەو چەمکی "کـانـاڵیزەکردن" بۆ ئەم مەبەســـتە بەکـار دەهێنێت، کە مەبەســـت لێی کاناڵیزەکردنی ئەو چیرۆکانەیە کە زەینی خوێنەر بە ئاڕاســـتەیەکی دیاریکراو ڕێنوێنی دەکەن و دەبنە شـــوێنێکیش کە سـەرچاوەی سارێژبوونی یادەوەرییەکان بن. "یەک لەو جێگایانەی کە ڕووبەڕووی دەســـتبۆبردن دەبێتەوە، هەر ئەو زیادەڕەوییانەیە کە لە جۆرەکانی مەراســـیم و بۆنەکان و فیســـتیڤاڵەکاندا ســـاز دەکرێن؛ دەبینرێن. ئەم جۆرە مەراســـیمانە لە واقعدا هەوڵگەلێکن بۆ ئەوەی پارێزگاری لە پەیوەندیی ملکەچانەی یادەوەری لەگەڵ ڕابردوودا بە شـــێوەیەکی نەگۆڕ بکات. کەواتە خراپ بەکارهێنانێک کە بەرامبەر بەم مەراســـیمانەی بەرزڕاگرتن و بۆنەکان دەکرێت، هەر ئەو خراپ بەکارهێنانەی یادەوەرییە" (هەمان: ٩).

گێڕانەوە چ پەیوەندییەکی بە بنەما ئەخلاقییەکانەوە هەیە؟ ڕیکۆر بە وەڵامێکی کورت پێمـان دەڵێـت، لەبەر ئەوەی کە دەکرێ بە جۆرێکی دیکەش گێڕانەوە (روایـت) بگێڕدرێتەوە، ئەخلاقیبوونی گێڕانەوە ئەوکات زیاتر بەرجەســـتە دەبێت کە ســـیســـتمەکانی دەسـەڵات هەر جۆرێک کە بیانەوێت دەست بۆ گێڕانەوەکان دەبەن

و ئاڕاستەیان دەکەن. ئایا هەمووان ڕێگەیان پێ دەدرێت بەو جۆرەی کە خۆیـان دەیـانەوێ، بگێڕنەوە؟ لێرەوەیە کە ڕیکۆر ئـامـاژە بەوە دەکات کە لەجیاتیی ئەوەی کە ڕێگە بدەین ئەو ژیاننامانەی کە بە هۆی برینەکانی ڕابردووەوە بە شـێوەیەکی هەمیشـەیی ئێمە بەرەو ڕابردوو ڕادەکێشـنەوە، پێشـەنگبوونی ئەو ڕووداوانە بەرەو ئایندە، دەتوانن وەک "تۆدۆرۆف" دەڵێ ڕێنوێنیکەر بن بەرەو دادپەروەری. "ئێمە تەنیا ڕەنگە لە یەک ڕێگەوە بتوانین لە هێزی دادپەروەری بۆ دادپەروەربوون سەبارەت بە نەک تەنیا ستەملێکراوان، بەڵکوو لەمەڕ براوەکانیش یارمەتی وەربگرین. کەواتە بەرپرسیارێتییەک کە لەسـەر شـانی ئێمەیە لە واقعـدا، گەڕانەوەی دیـدی یـادەوەرییەکـانە لە ڕابـردووەوە بەرەو ئـایـنـدە. لە ڕێـگەی دیـاریـکـردنی مۆدیـلەکـان (سەرمەشقەکان)ی ڕابردووەوە، ئەم سوڕانەوەیە دەستەبەر دەبێت" (هەمان).

١ ئاسـتی سـێیەم بریتییە لە ڕەهەندی ئەخلاقی-سـیاسـی . ڕیکۆر دەپرسێت تا چ ڕادەیەک: "ئەرکی لەبیرنەکردن" بەسەر شانمانەوەیە؟ ئەم پرسیارە یەکێکە لە پرسیارە ئەخلاقی-سیاسییەکان کە تەنیا لە ئەسـتۆی مێژوو و مێژوونووسـاندا نییە. مەبەسـت لە لەبیرنەکردن چییە، مەبەسـت دەسـتکارینەکردنی یادەوەرییە و گەیاندنیەتی بە نەوەی ئایندە. کەواتە وەک گەیاندنی یادەوەرییەکان بە نەوەی ئایندە، خۆی بۆخۆی یەکێکە لە هۆکـارەکـانی بەرجەسـتەکردنی عەدالەت. "ئەرکی لەبیرنەکردن نەک تەنیا بریتییە لە هەسـتی قووڵی ئێمە بۆ

[1] Ethico-political level

ڕابردوو، بەڵکوو گواستنەوەی واتاکانی ڕووداوەکانی ڕابردووشە بۆ نەوەی ئایندەش. کەواتە ئاستی بنچینەیی ئەخلاقیی یادەوەری، ڕووی لە ئایندەیە... تا ئەو کاتەی کە ئێمە لە دۆخی ترۆمای ڕووداوەکان و بەرکەوتە مێژووییەکاندا ژیان بەسەر بەرین، جووڵەمان ڕێکوڕاست بە ئاڕاستەی ڕەوتی سەرەوە هەنگاو دەنێت. کەواتە گێڕانەوە، ئەرک و بەپرسیارێتییە. [بەڵام] بۆچی؟" (Cearney & Dooley, 2002: 9). یەکەم هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە بە گێڕانەوە، ڕێگە لە سڕانەوەی شوێنپێی ڕابردوومان دەگرین. لێرەوەیە کە ئێمە پێمان وایە کە تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگەیەک نەتوانێت لەنێوان یادەوەرییە ورد ورد، پارچەپارچە و پەرتەوازەکاندا کە وەک کۆمەڵە دوورگەیەک بڵاو بوونەتەوە، پەیوەندییەک بەرقەرار بکات و نەتوانێت ئەم دوورگانە پێکەوە ببەستێتەوە، ناشتوانێت گفتوگۆیەک لە نێوانیاندا بەرقەرار بکات و دواجار بگاتە قۆناغی دواتری ئاگایی کۆمەڵایەتی. لە ئەنجامدا یادەوەری کوژاوە، یادەوەرییەک کە ڕێگەی دەربڕینی پێ نەدراوە یان فەرامۆش کراوە، وەک برینێکی قووڵ لە کۆمەڵگەدا دەمێنێتەوە و هەمیشە ئامادەی خوێنچکانە. هاڵباکس دەڵێ کۆمەڵناسان دەزانن کە بۆ ئەوەی یادەوەرییەکان خوێنیان لێ نەتکێ، دەبێ حەقیقەت بەرقەرار بێت. ئەم دۆخەیە کە بە قازانجی دەسەڵات تەواو دەبێ و دەیەوێ لەبیر بکات و لە بەرامبەردا خەڵک ناتوانن لەبیر بکەن.

ڕیکۆر بۆ تەواوکردنی باسەکەی سەبارەت بە ئاستی ئەخلاقی-سیاسی، بەم پرسیارە دەست پێ دەکات کە تا چەندە دەتوانین

بڵێین کە هێشتا ئەرکی لەبیرنەکردن لەسەر شانمانە؟ ئەم ئەرکە، کێشەیەکی گەورەی ئەخلاقی سیاسییە لە ڕوانگەی ریکۆرەوە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ دروستکردنی ئایندەدا. ئەرکی لەبیرنەکردنی ڕابردوو تەنیا پەیوەست نییە بە هەستی قووڵی ئێمە بە ڕابردوومانەوە، بەڵکوو گواستنەوە و گێڕانەوەی واتاکانی ڕووداوەکانی ڕابردووش بۆ نەوەی دوای خۆمانیش لەخۆ دەگرێت. کەواتە لایەنی بنچینەیی-ئەخلاقیی یادەوەری، ڕووی لە ئایندەیە . ئەو پێیوایە کە دەبێ ڕووداوەکانی ڕابردوو لەبیر نەکەین و یەکێك لە گرنگترین ڕێچارەکان بریتییە لە گێڕانەوە، بۆیە گێڕانەوە دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی، چونکە لە ڕێگەی گێڕانەوەوە لەگەڵ لەناوچوونی جێپێی ڕابردوومانـدا دەجەنگین. ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ڕابردوو و ئایندە، زۆر بەجوانی لە تێزەکانی ئارێنتی فەیلەسووفیشدا ڕەنگی داوەتەوە. ئەویش دەڵێ "ئەوە ڕابردووە کە لە سەرتاپای ڕێڕەوەی پێشوودا ئێمە نەک بەرەو دواوە ڕاناکێشێت، بەڵکوو بۆ پێشەوەشمان دەبات و بە پێچەوانەی ئەوەی کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات، ئەوە ئایندەیە کە ئێمە بەرەو ڕابردوو پاڵ پێوە دەنێت" (آرنت، ۱۳۹۰: ۲۲). ریکۆر بە یارمەتیوەرگرتن لە ئارێنت، دەپرسێت ئەوە چۆنە کە هاوتەریب لەگەڵ مردنی هێدی هێدی ئاسەوارەکانی ڕابردوودا هێشتا جووڵە و بزوتن هەر بەردەوامیی هەیە؟ ئارێنت دوو مەرج بۆ ئەمە دادەنێت: یەکەمیان لێبوردن و ئەوی دی بەڵێندانە. لێبوردن واتە خۆڕزگارکردن لە

1 http://prospect.blogfa.com/post/78

قورسـایی ڕووداوەکانی پێشـتر و بەڵێندان واتە پابەندبوون لە بەڵێن و پەیمان.

تیۆرەکەی ڕیکۆر بە سـەرەکیترین و گرنگترین هۆکاری سـەیرکردنی یـادەوەری وەک ئەرکێکی ئەخلاقی کۆتـایی پێ دەهێنم، کە ئەویش بریتییە لە "زینـدووڕاگرتنی یـادی ڕەنج و ئـازار"، ڕەنج و ئـازاری قوربـانیـان. ریکۆر دەڵێـت مێژوو تـا ئەمڕۆش زیـاتر مەیلی بەرەو لای بەرزڕاگرتنی براوەکـان و سـەرکەوتووەکـان و براوەکـانە. "ئەوەی کە فەلسـەفەی مێژوو (بەتایبەت بە واتا هیگڵییەکەی) هەمیشـە دڵی بۆی لێیـداوە، بریتییە لە کەڵەکەبوونی هەرچی زیـاتری پلە (امتیـاز)، پێشـکەوتن و سـەرکەوتنەکان. بۆیە ئێمە پێویسـتمان بە جۆرێکی دیکەی مێژووش هەیە، گێڕانەوەیەکی دیکەی مێژوویی. "ڕێگەم پێ بـدەن بڵێم کە گێڕانەوەی قوربـانییـان، فەوتـاوان و بەجێمـاوانە کە ڕووبەڕووی سەرکەوتن دەبێتەوە. لە کۆتایی ئەم سەدەیەدا [مەبەستی ڕیکۆر سـەدەی بیسـتەم بوو]، زینـدووڕاگرتنی یـادی قوربـانییـان، ئـازارچێژان، بە کەم سـەیرکراوان و فەرامۆشـکراوانی مێژوو؛ دەبێ ئەرکی هەمووومان بێت" ((Cearney & Dooley, 2002: 11) ).

مەبەستی ڕیکۆر لەم پرسیارە ئاڵۆزە چییە کە دەپرسێت: ئایا شتێک هەیە بە ناوی "ئەرکی فەرامۆشکردن"؟ ئەو بۆ ئەم مەبەستە نموونەی زۆرێک لە شـارەکانی یۆنانی کۆن دەهێنێتەوە کە تیایاندا لێبوردنی گشـتی دەردەکرا. لە یەکێک لە شـارەکاندا یاسـایەک هەبوو کە بەگوێرەی ئەو یاسـایە، هاوڵاتیانی ئەو شـارە بە هیچ جۆرێک بۆیان

نەبوو بیرەوەرییەکانی ڕابردوویان بەبیری خۆیان بهێننەوە، مەبەست یادەوەرییە خراپ و شەڕەکان بوو. بە ڕای ئەو، "ئەرکی فەرامۆشنەکردن" و "ئەرکی فەرامۆشکردن" هاوشان نین، چونکە فەرامۆشنەکردن واتە پابەندبوون بە پەروەردە و فێرکردن و فەرامۆشکردن واتە پابەندبوون بە گەشتنە ئەودیوی تووڕەیی و ڕق و قین (Ibid).

ڕیکۆر ئەم تیۆرییایەی داڕشت بۆ ئەوەی بگات بەم ڕێگاچارەیەی کە یادەوەری و فەرامۆشی، هەردووکیان یارمەتیمان دەدەن کە باشتر لە مەقولەی 'بزاوت و جووڵە'ی ئاڕێنت تێبگەین. بۆ درێژەدان بە بزاوت و جووڵەی مرۆیی، پێوستە بتوانین سەیری شوێنپێیەکانی ڕابردوو بکەین، لەگەڵ ڕابردوودا بگونجێین و خۆمان لە ڕق و قین ڕزگار بکەین. "دادپەروەری" ئاسۆی هەردووکیانە. دەبێ لەم سەردەمە مێژووییەدا ئێمە عەودالی بڵاوکردنەوەی کولتوورێک بین کە ئەو ناوی دەنێت "یادەوەریی دادپەروەرانە " و چوارچێوەیەک لۆ گرفتەکانی کە دێنە سەر ڕێگای ئەم ئامانجە.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئێمە لە ڕێگەی تیۆری مێژوو، یادەوەری و فەرامۆشکردنەوە، دەمانەوێ بزانین لەم کێشمەکێش و ڕاکێشان و پاڵپێوەنانەی ڕابردوو و ئایندەدا، لەنێوان لەبیرکردن و لەبیرنەکردندا، لەنێوان قوربانی و جەلاددا، هەڵەبجەییەکان لە کوێدا خۆیان دەبیننەوە. ئایا لە ڕابردوودا تیا

[1] Culture of just memory

ماونەتەوە و تواناى هەنگاونانیان  بەرەو ئاســـۆ نییە، یان ڕوویان لە ئایندەیە و ڕابردوویان لەبیر کردووە.

# پییێر نۆرا: شوێنەکانی یادەوەری



یەکێکیتر لە چەمکە سەرەکییەکانی یادەوەری، بریتییە لە تیۆری "شوێنەکانی یادەوەری "، "پییێر نۆرا ". شوێنەکان[1]، وێنەکان،[2] دیمەنەکان، دەنگەکان و سیمبولەکان...؛ ئەمانە هەموویان کاریگەرییان لەسەر بیچمگرتنی یادەوەرییەکانی مرۆڤەکان هەیە، تەنانەت هەندێک جار مرۆڤەکان ئەم شوێنانە بە ناسنامەی خۆیان

---

[1] Places of memory

[2] Pieer Nora (1931-    )

دەزانن. بوونی نازناو خۆی بۆخۆی یەکێکە لەو نموونانە. ئەگەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی، نەتەوەکان و ئایینزاکان بکەین، دیار و بەرچاوە کە خوێنی ملیۆنـان کەس لە مەدەنی و سەربـاز و جەنگاوەران و پیاوانی ئایینی و سەرکردەکان لەسەر و لەبر و لە پێناو شوێنەکانی یادەوەری یان ئەوەی کە پێیان دەگوترێت شوێنە پیرۆزەکان؛ ڕژاوە. زۆر جـار ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نۆرا؛ ئـاڵای وڵاتێکیش، سـرووددێکی نیشـتمانی، تەنانەت فەرهەنگێکی وشـە یان جۆرێك چێشـت و خواردنی کولتووری دەبێتە شوێنی یادەوەری.

به دروسـتبوون و دامەزرانی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکان کە خۆشـیان لە دەرەنجامەکانی مۆدێرنیتە بوون، ئەو شوێنەوارانەی کە شوێنەکانی یـادەوەرییـان لە زمـانـدا بەرهەم دەهێنـایەوە، مۆنۆمێنتەکـان و ئەرشـیفەکان بوون. ئیدی ڕابردوو و شـوێنەکانی ڕابردوو، کارکردی جارانیان نەمابوو. بە کۆتاییهاتنی جەنگەکانی یەکەم و دووەم و شەڕی سـارد، زیندووکردنەوەی هەندێک بابەتی تایبەت بە هۆلۆکۆسـت و کۆمەڵکوژییەکان، سـەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی پاراسـتنی کەلەپووری ڕابردووە و دواجـار پـارچەپـارچەبوونی هەنـدێـک وڵاتی زلهێز و دروسـتبوونی دەوڵەت-نەتەوەکان، ئیدی گرووپ و هێزە نەتەوەیی و ئایینییەکان کەوتنە خۆیان بۆ زیندووکردنەوە ڕابردوویان و پاراسـتنی شـوێنەکانی یادەوەرییان کە دواجار پاراسـتنی ناسـنامەشـیانن. وەک دەبینین ڕیشـەی زۆر ململانێ و شـەڕەکـانی چەنـدین سـەدەی ڕابردووی نێوان موسـوڵمـانـان و یەهوودییەکـانیش لەسـەر بەیتولموقەدەس، هەر دەچنە چوارچێوەی شـەڕەکانی شـوێنەکانی

یادەوەرییەوە. جەی وینتەر دەڵێ: "کۆتاییهاتنی ژیانی لادێیی، کۆتایی کۆمەڵگە-یادەوەرییە... یادەوەریی لەدەستچووە، یادەوەرییەکی تاکەکەسیی نییە، کۆیادەوەرییش نییە، بەڵکوو یادەوەرییەکە لە فۆرمی شاراوەدا: مێژوو پیرۆزە، چونکە میللەت پیرۆزە. یادەوەری-نەتەوە، کۆتا بەرجەستەبوونی یادەوەری-مێژووە" (Winter, 1997: 2).

لە ڕوانگەی نۆراوە شوێنەکانی یادەوەری بەشێکن لە ڕابردوو و ناسنامە و کاریگەرییشیان لەسەر ئایندەش دەبێت، تەنانەت بۆ کەسانێک کە لە شوێنێکی دیاریکراو، شار و گەڕەک و کۆڵانێکی دیاریکراودا ژیاون، گۆڕینی ئەو شوێنە کە بەشێکی گرنگی یادەوەرییەکانی ژیانیانی پێوە بەستراوە، یەکێک دەبێ لە ئەستەمترین بڕیارەکانی ژیانیان. هەر بۆیە کۆچکردنەکان، چ بە شێوەیەکی خۆویستانە و چ بەزۆرەملێ، کاریگەرییەکی زۆر گەورەی دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئەخلاقی و کولتووری لەسەر ئەو خەڵکانە جێ دەهێڵێت. بۆیە هەندێک جار دەبینین لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شوێن و ناوچەیەکەوە تا گۆڕینی تەنانەت یەک پەیکەر یان دیواری بینایەک کە بۆ خەڵکانێک شوێنی یادەوەرییە، ڕەنگە کارەسات و شۆڕشی لێ بکەوێتەوە. وەک ویلمسان؛ دامەزرێنەری ڕۆژنامەی "فیگارۆ" دەیوت: "بۆ خوێنەرانی ڕۆژنامەیەک، هەواڵی ئاگرکەوتنەوە لە یەکێک لە ژوورەکانی 'کارتیە لاتن'، لە هەواڵی شۆڕشێک لە مەدرید گرنگترە" (بنیامین، ١٣٩٠: ٣٢٩).

یادەوەرییەکان، لە زۆرێک لە شـوێنەکاندا -لە زمان، گۆرانییەکان، درووشـــم و بۆنەکان، جەســتە و کردەی جەســتەیی، شــوێنەکان و شـــتەکاندا بوونیان هەیە. یادەوەرییەکان پەیوەندییان بە شـــتی بێگیانیشـەوە هەیە، بە شتگەلێکی وەک کەلوپەلی ئاسایی لە ماڵەوە کە واتای تاکەکەسییان بۆ کەسەکان هەیە، تا بەرهەمە هونەرییەکان، مۆزەخانەکان و زۆر شـــوێنی دیکە کە شـــوێنی گشـــتین، تەنانەت خواردنەکانیش کە لە کارلێکە کولتوورییەکان و یادەوەریدا پێگەیەکی گرنگیان هەیە. با دوور نەڕۆین و سەیری ئەو هەموو ململانێیانەی کە هەردوو جەمسـەری ئاینیی شـیعە و سوونەی واتە وڵاتانی سعودیە و ئێران لەســـەر شـــوێنە پیرۆزەکانیان دەیکەن، تەنانەت ئەو شـــکۆ و دەســـەڵات و هەژموونەی کە بە هۆی ئەو شــوێنانەوە هەم بەرهەمی دەهێنن، هەم وەك ئامرازی فشـــار و ســـیاســـەت بەکاری دەهێنن، ئەمانە سیمبولەکانن و دواجار شوێنەکانی یادەوەرین.

ئێستا با بزانین مەبەستی پییێر نۆرا لە شوێنەکانی یادەوەری چییە. ئەو بە بڵاوکردنەوەی یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی خۆی سەبارەت بە سترەکچەری کۆیادەوەریی فەڕەنسییەکان، ڕۆحێکی تازەی کرد بە بەری ئەو کایەیەدا کە پێی دەگوترێت کۆیادەوەری. ئەو لە کارەکانیدا بەدوای تێگەشـــتنی لقە جۆراوجۆر و جیـاوازەکـانی یـادەوەری لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا دەگەڕا. شیکردنەوەکانی بە سوودوەرگرتن لە مەقولەکانی وەک "کۆمار"، "میللەت" و فەڕەنسا بەرەو پێشەوە برد.

دەتوانین بڵێین کە کاری نۆرا لە بنەمادا، مێژوویيکردنی دیاردەی یـادەوەرییە و هەر ئەمەش خـاڵی جیـاوازیی ئەوە لەگەڵ موریس هاڵباکسـدا کە زیاتر سـەرنجی لەسـەر کۆمەڵایەتیبوونی یادەوەرییە. نۆرا بـانگەشـەی ئەوەی دەکرد کە "ڕابردوو بەبێ وابەسـتەبوونی ڕێکخراو بە مێژووەوە، دەبێتە میراتێکی تەواوەتی... ئاگایی مێژوویی نەتەوە، جێگەی خۆی بۆ ئاگایی کۆمەڵایەتی لێژ دەکات، دواجاریش مێژوو وەک چیرۆکێکی تەواو شـوێنی خۆی بە مێژوو وەک چیرۆکێکی کامڵ دەدات" (Winter, 2006: 285). هەر چەندە دەتوانن سێبەری کـارەکـانی هـاڵبـاکس بەتـایبەت کتێبی "تۆپۆگرافیـای ئەفسـانەیی ئەناجیل سـەبارەت بە نیشـتمانی پیرۆز" لەسـەر تیۆرەکەشـی تێبینی بکەین، چونکە وەک دەزانین ئەو دەیویسـت ئەوە پیشـان بدات کە "چۆن شـوێنی ناسـێنراو لە پێکهاتنی کۆناسـنامەی مەسـیحییەکاندا کـاریگەریـی هەیە. واتە کـۆیـادەوەری لە بـنـچـینـەدا جـۆرێـکە لە دروسـتکردنەوەی ڕابردوو، کە وێنەی ڕووداوە کۆنەکان لەگەڵ باوەڕ و نیازە مەعنەوییەکانی کاتی ئێسـتادا دەگونجێنێت" (فیالکوف، ١٣٨٩: ٤٠).

نۆرا تێزەکەی خۆی لەژێر ناوی "یادەوەری و مێژوودا" (١٩٨٤)، بە دروسـتکردنی سـنوورێک لەنێوان ئەم دوو چەمکەدا دەسـت پێ دەکـات. ئـامـاژە بە جیـاوازی دەکـات لەنێوان "یـادەوەریی زینـدوو" و "مێژووی مردوودا". ئەو پێیوایە کە دووانەی مێژوو و یـادەوەری لە کـاتێکدا کە سـەردەمانێک شـانبەشـانی یەکتر دەجووڵان، بە تێپەڕبوونی کـات لە یەکتر دوور کەوتنەوە و ئەو جیـاوازییەش لە

هەرسێ قۆناغی مۆدێلی مێژوونووسی ئەورووپاسەنتەر، واتە پێشمۆدێرن، مۆدێرن و پۆستمۆدێرندا بەڕوونی خۆی پیشان دەدات. مرۆڤەکان زیاتر گرنگییان بە سروشت، مانەوە و ژیان لە کاتی ئێستادا بۆ بەردەوامیی خۆیان دەدا. بە دەرکەوتنی جیهانی مۆدێرن، پیشەسازیبوون و مۆدێرنیزەبوونی کۆمەڵایەتی کە بەرهەمی سەدەی نۆزدەیەم بوو، گۆڕانکاری و ڕووداوی گەورە سەرتاپای جیهانی تەنی، کە نۆرا پێیوایە ئەم گۆڕانکارییانە بووە هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵک لە یادەوەرییەکان. ئەو پێیوایە کە مرۆڤەکان لە سەردەمی کۆندا لە دۆخێکدا دەژیان کە زۆر پێویستیان بە شوێنەکانی یادەوەری نەبوو، چونکە ژیان خۆی لە ژێر سێبەری ڕابردوو و بەردەوامیی ڕێوڕەسمەکان و مەراسیم و بۆنەکاندا نغرۆ بووبوو. ئەوان هەستیان بە دووری لەگەڵ ڕابردووی خۆیان و باوباپیرانیاندا نەدەکرد و پێویستیان بە نێوەنجییەک نەبوو. ئەوە مرۆڤی هاوچەرخە کە دەبێ بۆ کەمترکردنەوەی ئەو مەودایە لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا، شتێک وەک شوێنەکانی یادەوەری دروست بکات. "ژیان بە خێراییەکی هەر چی زیاتر، بەرەو پیشەسازی و مۆدێرنە دەبزوا. نەریتەکان و وابەستەییەکان واتای خۆیان لەدەست دا و پەیوەندیی نێوان خەڵک و ڕابردوویان بەرهەم هاتەوە " (هەمان).[1]

نۆرا باوەڕی بە دابڕان و جیاوازیی نێوان مێژوو و یادەوەرییە، لە هەمان کاتدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوە مێژووە کە یادەوەری هەڵدەسەنگێنێت. مێژوو و یادەوەری، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان

---

[1] reconstructed

پێکەوە هەیە، لە هەمان کاتیشـــدا جیاوازیشـــن. "یادەوەری و مێژوو جیـا لە هـاوتەریـبـیـیەکەیـان، وا دەردەکەوێـت کە دژیەکـیـیەکـی بنەڕەتییان هەبێت. یادەوەری ژیانە، بە هۆی ژیانی کۆمەڵگەکانەوە ئەم نـاوەی وەرگرتووە. هەر دەمێنێتەوە... مێژوو بە واتـایەکی تر: لە حاڵی دووبارە دروسـتبوونەوەیە و هەمیشـە ئاڵۆز و ناکامڵە. یادەوەری دیاردەیەکی ڕاسـتەقینەی هەمیشـەییە. یادەوەری، بەبیرهێناوە لەنێو چوارچێوەیەکی تایبەتدا ڕێک دەخات. مێژوو، هەمیشـــە هیلاککەرە" (Nora, 1989: 8). هەروەها ئاماژەی زیاتر بە تایبەتمەندییەکانی یادەوەری دەکات. "یادەوەری، یەناگەی هەمووانە، بەڵام لە کۆتوبەندی گرووپدایە... خاوەنی سروشتێک فرەچەشن و تایبەت، گشتی، پلۆرال و هێشـــتاش تاکەکەســـییە. مێژوو بە واتایەکی تر: هیی هەمووانە و هیی هیچ کەسیش نییە" (هەمان: ٩). یادەوەری سـەرچاوەی مێژووە. مێژوویەک کە لەجیاتیی یادەوەری، دەقە مێژووییەکان و ڕووداوەکان شـــی دەکـاتەوە، مێژوو نییە، بەڵکوو مێژووی مێژووە. "یـادەوەری دیـاردەیەکی هەمیشـــە واقعییە، پەیوەنـدیی نێوان ژیـان و کـاتی ئێسـتایە، بەڵام مێژوو نوێنەرایەتیی ڕابردوو دەکات. یادەوەری ڕەهایە و مێژوو هەمیشە ڕێژەییی" (Ricoeur, 2004: 402).

نۆرا بەڵگە دەهێنێتەوە کە یـادەوەرییەکـان، بەڵگەن لەســـەر ڕووداوگەلێک کە لە واقعدا بە ڕابردووی شـــوێنەوە دەبەســـترێنەوە. "لەو شـــوێنەوە کە مێژووەکان نوێنەرایەتیی ئەو گوتارانە دەکەن کە مێژوونووســـان پێیان وایە ئێمە دەبێ بەبیریان بهێنینەوە" (Hoorn & Creed: 224). ئەو دەڵێ، مێژوو دەتوانێت لە ڕێگەی شـوێنەکانی

یـادەوەریـیەوە کە بـریـتـیـن لە مـۆزەخـانەکـان، بەڵـگەنـامەکـان، یـادکردنەوەکـان، فیسـتیڤـاڵەکـان، پرسـەکـان، ڕێککەوتنەکـان، شایەتیدانەکان، مۆنۆمێنتەکان، شوێنە پیرۆزەکان، ئاڵای سێ ڕەنگ، کتێبخـانەکـان، بینـا کۆنەکـان، سـاڵیـادە نەتەوەییەکـان و جەژنە ئایینییەکان و تەنانەت مەدالیای شـانازییەوە دروسـت ببێتەوە و بخرێتەوە ژێر توێژینەوەوە. واتە شـوێنەکـانی یـادەوەری دەکرێ سیمبولەکانیش بن.

نۆرا وەک شـتگەلێکی سـیمبولیک یان بەشـێک لە کەلەپوور بۆ کۆمەڵگەیەکی تـایبەت، سـەیری شـوێنەکـانی یـادەوەری دەکـات. ژمارەیەکی زۆر لە شـتە جیاوازەکان و یان باڵەخانەکان کە دەتوانرێت وەک شـوێنی یادەوەری لەبەرچاو بگیرێن. دەکرێ بوترێ کە ئایدیای سـەرەکیی شـوێنەکانی یادەوەری لە ڕوانگەی نۆراوە، دروسـتکردنی شـوێنەکانی یادەوەری و ڕۆڵ و کارکردی ئەو شـوێنانەیە لە ژیانی ئێستای گرووپەکان و کۆمەڵگەکاندا. گرنگترین کارکردی ئەو شوێنانە، جۆرێک لە ئـاسـوودەیی و دڵنیـاییە. کۆمەڵگە و گرووپەکـان بۆ ئەم مەبەستە دەست بە دروستکردنی ئەو شوێنانە دەکەن، تا وەک برین و ئەو ئازارانەی کە لە ڕابردوودا لەبەر هەر هۆکارێک دووچاری هاتوون، هێندە ئازاریان نەدات. ئەم شـوێنانە ڕۆڵی هێمنکەرەوەیەک دەبینن، کە هەر کات تاکەکان و گرووپەکان ئەم شوێنانە ببینن، هەم ڕابردووی خۆیـان بیر بکەوێتەوە و هەم دڵنیـا ببنەوە کە ڕابردووی ئەوان بەفەرمی ناسـێنراوە. گرنگیی ئەم شـوێنانەی یادەوەری کاتێک زیاتر دەردەکەوێت، گرووپێـک لە خەڵـک کە کـارەسـاتێکیـان ئەزموون

کردووە، یـان سـتەمێکیـان بەرامبەر کراوە، شـوێنێکیـان بۆ فەرامۆشنەکردنیان و ئەو ستەمانەی لێیان کراوە؛ هەبێت.

شوێنەکانی یادەوەری، لە بانگەشەکردنی حەقیقەت، ناسنامە و زۆر لایەنی تری ژیانی مرۆڤەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. ئەم شـوێنانە کە نۆرا ئاماژەیان پێ دەکات، هەڵگری سـێ واتای گرنگن و هەسـتیارن کە ئەوانیش بریتین لە "ماتریالی، سـیمبولیك و کارکردی" (Nora, 1989, 19). ئەو لەو بەرهەمە حەوت نوسـخەییەی کە لەنێوان سـاڵانی ١٩٨٤ و ١٩٩٢دا بە ناونیشـانی "*Les lieux de memoire*" بڵاوی کردەوە، ویسـتی جەخت لەسـەر یەك تێزی سـەرەکی بکاتەوە کە ئەویش بریتی بوو لەوەی کە "یـادەوەری بەبەردەوامی لەسـەر لێومانە (زارمانە)"، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە پشـتی لە مەراسـیم و نەریتەکانی کردووە و وازی لە یادەوەرییەکان هێناوە، هەموو خەڵك هاوار بۆ دروسـتکراوەکان و سـیمبولە ئەلتەرناتیڤەکان دەکەن بۆ ئەو شـتانەی کە هێدی هێدی کۆمەڵگە دەگۆڕێت کە ئەوان بەهەندی وەردەگرن (Winter & Sivan, 1999: 1).

لە ڕوانگەی نۆراوە، ئەوە مرۆڤی مۆدێرنە کە زیاتر و زیاتر بە هۆی نغرۆبوونی لەنێو مۆدێرنیتە و پیشـەسـازیدا لە ڕابردووی خۆی دوور دەکەوێتەوە. بەپێچەوانەوە مرۆڤ لە سـەردەمی کۆندا ئاوێزان بوو لەگەڵ دۆخی ژیانی ڕابردوویشـیدا و بەردەوامیی سـێبەری ڕابردووی خۆی لە ژیانی هەنووکەیدا هەسـت پێ دەکرد. ئیدی ئەم جۆرە لە مرۆڤ، پێویسـتی بەوە نەبوو ڕابردووی خۆی لە ڕێگەی نێوەنجییەوە

بەبیر بهێنێتەوە. هەر بۆیە ئەو پێویســـتی بە بوونی یـادەوەری وەك خاڵی پێکەوەبەســـتنی ڕابردوو و ئێســـتا لێك دەداتەوە. واتە دواجار دەگـات بەو خـاڵەی کە یـادەوەری دیـاردەیەکی واقعییە و مێژوو نوێنەرایەتی و ڕەنگدانەوەی ڕابردووە.

# بەشی سێیەم: میتۆدۆلۆجی

## میتۆدی توێژینەوە

پێش ئەوەی بڕۆمە نێو بابەتی ڕێبازی توێژینەوەوە، تەنیا خوێنەر لەو بابەتە ئاگادار دەکەمەوە کە لە توێژینەوەکاندا پێویست ناکات لە ڕووی میتۆدۆلۆجییەوە هێندە ئەو شێوازەی من پەیڕەوم کردووە، جیهانبینی، فەلسەفە و تەکنیکەکانی میتۆدەکە ڕوون بکرێتەوە، بەڵام من ئەو کارەم کردووە لەبەر ئەوەی کە ئەگەر توێژەرێك بەنیاز بوو کە ئەم میتۆدە بەکار بهێنێت کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە، بتوانێت وەك سەرچاوەیەکی میتۆدۆلۆجییش بەکاری بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە من زۆربەی سەرچاوە بەناوبانگەکانی بواری میتۆدۆلۆجیام بەکار هێناوە.

### میتۆدەکانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، دوو جۆری سەرەکیی میتۆد و ڕێبازی توێژینەوە بوونی هەیە: چەندێتی و چۆنایەتی . هۆکارگەلێکی زۆریش هەن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی چۆنایەتی. وەک "ئاسنلم شتراوس " و "جولێت کۆربین" دەڵێن، ڕەنگە کاریگەرترین هۆکار بۆ دیاریکردنی ٢

[1] Quantitative

[2] Qualitative

[3] Anselm Strauss

ڕێبازی توێژینەوە؛ چییەتیی ئەو پرسیارە بێت، ئەو پرۆبلێماتیکە بێت کە توێژینەوەکە دەیخاتە ڕوو یان زەینی لێکۆڵەری بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. هەندێک لە کایە و بەشەکانیش لە بنەڕەتدا لەبەر ئاڕاستە فەلسەفییەکەیان، وەک دیاردەناسی (فینۆمینۆلۆجی) و...، بەرەو ڕێبازی چۆنایەتی لار دەبنەوە. ئەم بابەتی دیاریکردنی ڕێبازە، خۆی بۆخۆی مێژوویەکی پڕکێشمەکێشی هەیە. تەنانەت وای لێ هاتووە کە لەنێو کایەی توێژینەوە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا کار بگاتە ئەوەی کە لایەنگرانی هەریەکە لەم ڕێبازانە، ڕەخنەی توند و هەندێ جار گاڵتەئامێز لە یەکتر بگرن. سەرچاوەی شڵەقانی ئەم گۆمە لە سەرەتاوە بە کارەکانی ماکس ڤێبەر دەستی پێ کرد. تا ئەو کاتەی کە ڤێبەر باسی ڕاڤەگەرایی هێنایە ئاراوە، فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازی توێژینەوە، پشتئەستوور بە ڕێبازی پۆزیتیڤیسمی دۆرکیمی باڵی بەسەر زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا کێشابوو. ڕەخنەکان لە دۆرکیم و ڕێبازەکەی، لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە لێکۆڵەر لە کاتی توێژینەوە و کۆکردنەوەی زانیارییەکانیدا بە بیانووی پاراستنی بابەتیبوون و لەژێر کاریگەریی فەلسەفە و جیهانبینیی زانستە سروشتییەکاندا، هەم وەک "شت" سەیری نموونە (سەمپڵ، کەیس یان کەسی توێژینەوەلەسەرکراو)ەکانی توێژینەوەی دەکرد، هەم خۆیشی لە دوورەوە سەیری مەیدانی توێژینەوە دەکات. واتە لێکۆڵەر نەدەبوو بە بەشێک لە مەیدانی توێژینەوە، بەڵام لە ڕاڤەگەرایی ڤێبەریدا بەپێچەوانەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لە زەینی لێکۆڵەردا چی دەگوزەرێت. لێکۆڵەر خۆی دەبێتە

بەشـێک لە مەیدانی توێژینەوە، هەروەها وەک "شـت" سـەیری نموونەی توێژینەوەکە ناکات، بەڵکوو ئەوەی لە زەینی نموونەکاندا دەگوزەرێت، دەبێتە مادەی خامی توێژینەوەکە و تەنانەت لە هەندێک میتۆدی وەک "تیۆری مەیدانی"دا کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ دەبەستین، نموونەکان و زەینییەت و جیهانبینییان خۆی دەبێتە تیۆری توێژینەوە. ئیدی لەو کاتەوە لایەنگربوون و بێلایەنی لە توێژینەوەکانیشدا هاتە نێو باسان، بۆیە هەندێک جار ئەزموون و ئاراستەی خودی لێکۆڵەر دەکرێت یەکێک بێت لە هۆکارەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەی پشتئەستوور بە ڕێبازی چۆنایەتی[1]، یان هەندێک بابەتی توێژینەوەکەش بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە دەچنە چوارچێوەی توێژینەوەکانی تایبەت بە کۆیادەوەرییەوە.

شتراوس و کۆربین[2] لە کتێبی "بنەماکانی توێژینەوەی چۆنایەتی" (١٣٩١)دا، لە ستیم[3]ەوە دەیگوازنەوە، کە میتۆدە چۆنایەتییەکان دەکرێ بۆ دۆزینەوەی ئەو بوارانەی ژیان بەگەڕ بخرێن کە هیچ شتێک دەربارەیان نازانین، یان ئەو بوارانەی کە زۆر شت لە بارەیانەوە دەزانین، بەڵام دەمانەوێ تێگەشتنێکی نوێ دەربارەیان بەدەست بخەین. دیاردە و بابەتگەلێک لە ژیانی مرۆڤەکاندا بوونی هەیە، کە ئەگەر هەر لێکۆڵەریک بەنیازی ئەوە بێت کە پەی بە واتا و چییەتیی

[1] Qualitative

[2] Juliet Corbin

[3] Stem

ئەزموونی ئەو کەسانە ببات کە گیرۆدەی ئەو بابەتانەن، ناچار دەبێت کە خۆی بێتە مەیدانی ژیانی واقعییەوە و لەو شـــتانە ڕابمێنێت کە خودی ئەو کەســـــانە دەریـدەبڕن و هەر ئەمەیە کە بریتییە لە تـوێـژیـنـەوەی چـۆنـایـەتـی. "تـوێـژیـنـەوەی چـۆنـایـەتـی، هەر جـۆرە توێژینەوەیەکە کە بگات بە کۆمەڵێک دۆزینەوە و داتای نوێ کە تەنیا پشـــتئەســـتوور نەبن بە پڕۆســـەی ئاماری یان میتۆدە ژمارەییەکانی دیکە. بـابەتی توێژینەوەی چۆنـایەتی دەکرێ ژیـانی کەســـەکـان، ئەزموونەکانی ژیان، ڕەفتارەکان، هەڵچوونەکان، هەســـتەکان و کارە ڕێـکـخـراوەیـیەکـان، بـزووتـنەوە کـۆمەڵایەتـیـیەکـان، دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی نێوان میللەتەکان بێت" (اشـــتراوس و کربین، ١٣٩١: ٣٢).

ئەگەر بمـانەوێ بگەڕێینەوە بۆ مێژووی توێژینەوەی چۆنـایەتی، دەبینین کە دەروونناســـی و زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان بەگشـــتی لە بەکارهێنانی میتۆدەکانی چۆنایەتیدا پێشـــینەیەکی دووروودرێژیان هەیە. ئەوە ویلهلم ڤۆنت بوو کە لە ســـاڵی ١٩٢٨دا توێژینەوەیەکی سەبارەت بە دەروونناسی ئەنجام دا و سەرەڕای بەکارهێنانی میتۆدە ئەزموونگەراکانی دەروونناسیی گشتی، سوودی لە میتۆدە وەسفی و تێگەشـتنییەکان وەرگرت. "هەر لەو دەمەدا بوو کە لە کۆمەڵناسـیی ئەڵمانیدا گفتوگۆیەکی نێوانبەشـیی زیاتر مۆنۆگرافیک[1] سـەبارەت بە زانســـت کە تێڕوانینێکی پۆزیتیڤیســـتی بەســـەردا زاڵ بوو، لەگەڵ ڕوانینی ئەزموونی و ئاماریدا دەســـتی پێ کردبوو. لە کۆمەڵناســـیی

[1] interdisciplinary

ئەمەریکیـدا، میتۆدەکـانی ژیـاننـامەگەری، خوێنـدنەوەی حـاڵەت و میتۆده وەسفییەکان تا دەیەی ١٩٤٠؛ پێگە و متمانەیەکی گرنگیان بۆ خۆیان پەیدا کردبوو... بەڵام لە ماوەی ســەقامگیربوونی ئەم دوو زانســـتەدا، تێڕوانینە گرانە ئەزموونی، ســـتاندارد و چەندێتییەکان، لەبەرامبەر ســـتراتیجە نەرم و کراوەکـانـدا، کە لەســـەر بنەمـانی تێگەشتن، وەسف و چۆنایەتی دامەزرابوون، عەرزی عەزەڵاتیان کرد. بەڵام ڕەخنەگرتن لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی ستاندارد و چەندێتی، تـاوەکوو پێش دەیەی (١٩٧٠)ش نەخرایە ڕوو... ئەم ڕەخنەیە دواجار بـووە هـۆی لەدایـکـبوونـی تـوێـژیـنەوەی چـۆنـایەتـی لە زانســـتە کۆمەڵایەتییەکاندا" (فلیک، ١٣٩١: ١٨-١٩).

ئەنجامی هەموو ئەم گۆڕانکارییانە، پێشـــکەوتنەکانی ئەم دواییەی توێژینەوەی چۆنـایەتی بوو کە لە کـایە جۆراوجۆرەکـانـدا ڕووی دا: کـایەگەلێـک کە هەریەکە خـاوەنی پێشـــزەمینە و بەرنـامەگەلی میتۆدۆلۆجیی تـایبەتن و هەر کـام لە گۆشـــەنیگـای دیـاریکراوەوە ســـەیری واقعیەتە کۆمەڵایەتییەکـان دەکەن. "بۆ نموونە دەکرێـت ئـامـاژە بە میتۆدۆلۆجیی ئیتنۆگرافیـانە وەک بەرنـامەیەکی تیۆری بکرێت، کە لە ســەرەتادا شــیکردنەوەی گفتوگۆ و پاشــان کۆمەڵێک ڕوانینی نوێتری وەک شـــیکردنەوەی گوتاری لێ بووەوە. نموونەگەلێ لەو چەشـــنە بریتین لە هێرمۆنۆتیکی بـابەتی[1]، ژیـاننـامەگەریی

[1] Objective hermeneutics

پشـــتئەســـتوور بە گێڕانەوە و دواتر ئیتنۆگرافی و خوێنـدنەوە کولتوورییەکان" (هەمان).

تۆلمین گەشـــەی ڕوانینە ڕەخنەئـامێز و پۆســـتمۆدێرنەکـان لە توێژینەوە چۆنایەتییەکاندا بەگشـتی بۆ پەرچەکرداری ناکارامەییبوونی میتۆدە کۆنەکانی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و پشـــتگوێخســـتنی پەیوەنـدی و پەرچەکرداری بەشـــداربووان بەرامبەر بە توێژینەوە، مامەڵەی نەگونجاوی نێوان توێژەر و بەشـــداربووان و گرنگینەدان بە جیهانبینی ئەوان بەرامبەر بە جیهانی کۆمەڵایەتی دەزانێت، باوەڕی وایە کە بۆ چـاککردنەوەی ئەو کەموکورتیـانە، توێژینەوە ئەزموونییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ ســـەرنجی خۆیان لەســـەر ئەم چوار کایە و لایەنەی خوارەوە چڕ بکەنەوە:

- گەڕانەوە بۆ داتـا زارەکـیـیەکـان کە لەنـێـو تـیـۆر و تـوێـژیـنـەوە ئەزموونییەکان لە بواری فەلســـەفە، زمانناســـی، ئەدەبیات و پەیوەندییەکاندا خۆیان دەردەخەن.
- گەڕانەوە بۆ پرســـیارگەلی تایبەت، کە نیشـــانەکەی بریتییە لە گرنگیدان بە ڕێکخســـتنی تیۆرەکان و جێبەجێکردنی توێژینەوە ئەزموونییەکان.
- گەڕانەوە بۆ دۆخ و نەریتە لۆکـاڵییەکـان. ئعتیبـاری جیهـانیی تیۆرەکان و میتۆدەکان چیتر پێوەر نین.

- گەڕانەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پابەندن بە کاتەوە و لەسەر ئەو بناغانە ئەو کێشانەی کە کاریان لەسەر دەکرێت و ڕێچارەکانیان بەگوێرەی زەمینەی کاتی یان مێژوویی خۆیان سەیر دەکرێن و لە وەها زەمینەیەکدا وەسف دەکرێن (ذکایی، ١٣٨١: ٥٣-٥٤).

لە ڕوانگەی فلیکەوە، دەکرێ دیدگا توێژینەوەییەکانی نێو ڕێبازی چۆنایەتی لە سێ دیدگای سەرەکیدا کورت بکرێنەوە: سەرچاوەی تیۆریی یەکەم دیدگا، کارلێکی سیمبولیک و دیاردەناسییە. دووەم دیدگا، لە ڕووی تیۆرییەوە ڕەگوڕیشەی ئیتنۆگرافیانە و کۆنستەرەکشنانەیان[1] هەیە و گرنگی بە کاروباری ڕۆژانە و شێوازی دروستکردنی واقعیەتی کۆمەڵایەتی دەدەن. سێیەم سەرچاوەی تیۆرییش، ستەرەکچرالیزم (بونیادگەرایی) یان دەروونشیکارییە، کە بوونی ستەرەکچەر و میکانیزمەکانی نائاگای دەروونی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە شاراوەکان گریمانە دەکەن. خەسڵەتی تێڕوانینی سێیەم، بریتییە لە دروستکردنەوەی (زیاتر هێرمۆنۆتیکی)، "ستەرەکچەرە قووڵەکانی بەرهەمهێنی کردە و واتا"، بە واتای دەروونشیکارانە یان عەینی-هێرمۆنۆتیکی.

مەودای میتۆدەکان بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان، دەکرێت بەم شێوەیە لەنێو ئەم دیدگایانەدا دابەش بکرێن: میتۆدی زاڵ بەسەر دیدگای یەکەمدا، بریتییە لە چاوپێکەوتنە نیوەبونیادییەکان

---

[1] Construction

یـان گێڕانەوەییەکـان و میتۆدەکـانی کۆددانـان و شـــیکردنەوەی ناوەڕۆک. لە تێڕوانینی توێژینەوەیی دووەمـدا، داتـاکـان لە ڕێگەی گرووپە چڕبووەکان، ئیتنۆگرافیا یان تێبینی و تۆمارکردن بە دەنگ و وێنە کۆ دەکرێنەوە. بەم شـێوەیە، ئەم داتایانە بە سـوودوەرگرتن لە میتۆدی شـــیکردنەوەی گوتـار یـان گفتوگۆ شـــی دەکرێنەوە و لە کۆتاییدا، دیدگای سێیەم داتاکان لە ڕێگەی تۆمارکردنی مامەڵەکردن و ســـوودوەرگرتن لە زانیـارییە بە چـاو بینراوەکـان (فیلم و وێنە) کۆ دەکـاتەوە کە لەســـەر بنەمـای یەکێـک لە جۆرە جیـاوازەکـانی شـــیکردنەوەی هێرمۆنۆتیکی، دابەش و شـــیتەڵ دەکرێن" (همان، ٢٣).

گرنگترین قوتـابخـانەکـانی توێژینەوە کە پێشـــکەوتنی تیۆری و میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەی چۆنـایەتی لە بوارەکەیـانـدا ڕووی داوە، لە ڕوانگەی فلیکەوە بۆ شەش قوتابخانە دابەش دەبن: ١. تیۆریزەکردنی داتـاســـەنتەر یـان مەیـدانی، ٢. میتۆدۆلۆجیی ئیتنۆگرافی، ٣. شـــیکردنەوەی گێڕانەوە و ژیـاننـامەگەرایی، ٤. ئیتنۆگرافی، ٥. خوێنـدنەوەی کولتووری، ٦.توێژینەوەی جێنـدەری" (همـان، ٢٥). توێژینەوە لە چوارچێوەی قوتابخانەی یەکەمدا، واتە ئەو ڕێبازەی کە گلیزەر و شـــتراوس لە ســـاڵی ١٩٦٧دا دایانهێنا، جەخت لەســـەر دروســـتکردنی تیۆر لەســـەر بناغەی داتاکان دەکەنەوە. دواتر زیاتر لەسەر ئەو ڕێبازە دەوەستین.

---

[1] Observation

[2] Glaser

شـــتراوس و کۆربین، میتۆد و میتۆدۆلۆجی بەم شـــێوەیە پێناســـە دەکەن: "میتۆدۆلۆجی بریتییە لە شـــێوازی بیرکردنەوە ســـەبارەت بە واقعیەتێـک و دیـاردەی کۆمەڵایەتی و میتۆدیش واتە کۆمەڵێـک لە ڕێوشـوێنەکان و تەکنیکەکان بۆ کۆکردنەوە و شـیکردنەوەی داتاکان. بۆیە میتۆدۆلۆجی چوارچێوەیەکی گشتگیرە، کە خاڵی بەیەکگەشتنی زانسـتی مەعریفە و بوونگەرایی سـەبارەت بە کایەیەک لە توێژینەوە فەراهەم دەکـات. لە واقعـدا، هەر میـتۆدۆلۆجییەک دەتوانێـت کۆمەڵێک لە میتۆدەکان بۆ تاووتوێکردنی بەشـــێک لە واقعیەتەکان بەکـار بهێنێـت" (محمـدپور، ١٣٩٢: ٨١). شـــتراوس هەروەهـا لە کتێبێکـدا کە لەگەڵ کۆربین بڵاوی کردۆتەوە، بـاوەڕیـان وایە کە توێژینەوەی چۆنایەتی؛ سێ بەش یان خەسڵەتی هەیە: "یەکەمیان داتاکانە، کە دەکرێ لە سەرچاوەگەلی جیاوازەوە، وەک: چاوپێکەوتن، تێبینی، بەڵگەنامە و فیلمەوە بەدەست بخرێن. دووەم: هەنگاوگەلی کردەیین، کە توێژەران دەتوانن لێیانەوە بۆ ڕاڤە و ڕێکخستنی داتاکان ســـوودیـان لێ وەربگرن. ئەم هەنگـاوانە زیـاتر لەمـانە پێـک دێن: چەمکســـازی ، ڕوونکردنەوەی داتاکان، دیاریکردنی مەقولەکان بە ســـوودوەرگرتن لە تایبەتمەندی و ڕەهەند و دواجار پەیوەســـتکردنی یـان دانەپـاڵی مەقولەکـان پێکەوە لە ڕێگەی ژمـارەیەک گوزارەی هەواڵییەوە" (اشـــتراوس و کربین، ١٣٩١: ٣٣). ئەم پرۆســـەیە پێی

[1] Procedurces
[2] Conceptualizing

دەگوترێت کۆددانان . سـێیەمین بەشـ[1]ـی توێژینەوە چۆنایەتییەکان، ڕاپۆرتگەلی دەقی و زارەکین.

میتۆدی توێژینەوەی چۆنایەتی، کە میتۆدۆلۆجیای سـەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەخۆ دەگرێـت، لە چەنـد ڕوویەکەوە جیـاوازە لەگەڵ توێژینەوەی چەندێتی. لە میتۆدی چەندێتیدا مرۆڤ وەک شـت یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی/سروشتی سەیر دەکرێت، بەڵام لە میتۆدی توێژینەوەی چۆنـایەتیـدا، مرۆڤ بوونەوەرێکی داهێنەر، چـالاک و بەهرەمەندە، کە خۆی دروسـتکەری جیهانی کۆمەڵایەتیی خۆیەتی. لەسـەر بنەمای ئەو میتۆدە، هەر جۆرە تاووتوێکردنێک سـەبارەت بە واقعیەتی کۆمەڵایەتی، ڕەگوڕیشەی بەنێو واقعیەتی ژیانی مرۆڤەکاندا ڕۆچووە. بۆیە بە پشتبەستن بە میتۆدۆلۆجیی توێژینەوەی چۆنایەتی، مرۆڤ؛ سـەنتەر و سـەرچـاوەی زانیـارییەکـانە... لەم مۆدێلەی توێژینەوەدا، توێژەران پرسـیار لە دیدگا، واتاکان و میکانیزمەکانی ژیانی ئەوان دەکەن، وەها پرسـیار لە خەڵکی دەکەن کە بتوانن بە زمان و وشەی تایبەت بە خۆیان وەڵام بدەنەوە، چونکە واتای ڕەفتاری مرۆڤەکان؛ زۆر جار ئاڵۆز و بە ڕواڵەت ئاشـکرایە. بۆیە پرسـیارگەلی قووڵ لە چوارچێوەی چـاوپێکەوتی کراوە، نـاوەکی و سـەنتەری ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت (هەمان، ٨٢).

توێژینەوەی چۆنایەتی و زانسـتیی پۆزەیتیڤیسـتی پشـتئەسـتوور بە کۆمەڵێـک بنەمـا و گریمـانەی گەردوونـاسـی، مەعریفەنـاسـی و

[1] Coding

میتۆدۆلۆجی پێکەوە جیاوازییەکی سەرەکییان هەیە. ئەم جیاوازییانە بەتایبەت لە گریمانەگەلێکی بنچینەیی وەک چییەتیی مرۆڤ، چییەتیی واقعیەت، چییەتیی میتۆد و مەعریفەی زانستی و هەروەها ئامانجی توێژینەوەی زانستیی خۆیان بەرجەستە دەکەن... بۆ نموونە؛ لە تێڕوانینی پۆزیتیڤیستیدا، پڕۆسەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی زانست لە پڕۆسەی مەعریفەی ئەزموونی-ئەبستڕەکت یان "قیاسی-ئستقرایی"ەوە، سەرچاوە دەگرێت، کە لەژێر ناوی میتۆدی ئەندازەیی-گریمانەییدا دەخرێتە ڕوو (محمدپور، ١٣٩٢: ٨٣). کە وا بوو زانستی پۆزیتیڤیستی زیاتر بەدوای دۆزینەوەی بەڵگەگەلێکی ئەزموونیدا بووە و ئەوەی کە گریمانەکان و تیۆرەکانی پێشوو پشتڕاست دەکاتەوە و دەیخاتە ژێر تێستەوە و "تەنیا شوێن دۆزینەوەی ڕێسا گەردوونی و هۆییەکان دەکەوێت کە لە سەرووی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانەوەن" (هەمان، ٨٤). لەم توێژینەوەیەدا تیۆر لە داتاکانەوە بەدەست دێت، نەک لەپێش پەیپێبردنی تیۆری و زەینیی توێژەر... توێژەرانی چۆنایەتی سەبارەت بە ئەنجامەکانی خوێندنەوەکانی خۆیان مەعریفەیەکی پێشینەیان نییە و هەر ساتێک ڕەنگە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک هەڵێنجانی کتوپڕ ببنەوە و لەم ڕووەوەیە کە پێیان دەگوترێت دۆزینەوەیی [1] (هەمان).

[1] اکتشافی

دنزین و لینکلن جەخت[1] لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە " توێژینەوەی چۆنایەتی و میتۆدۆلۆجیی چۆنایەتی، بەگشتی خەسڵەتێکی نێوانبەشیان هەیە و سنوورە بەشییەکان، کایەکان و بابەتییەکان دەبڕێت. توێژینەوەی چۆنایەتی، پێکهێنەری پەکێجێکی ئاڵۆز و پێکەوەبەستراوی زاراوەکان، چەمکەکان و گریمانەکانە" (ذکایی، ١٣٨١: ٩). توێژینەوە چۆنایەتییەکان خاوەنی تایبەتمەندیگەلێکن، کە هەر ئەم تایبەتمەندییانە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەوانیش لەگەڵ توێژینەوە چەندێتییەکان جیا دەکەنەوە. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: "هەڵبژاردنی دروستی تیۆرەکان و میتۆدە گونجاوەکان، بەفەرمی ناساندن و شیکردنەوەی دیدگا جیاوازەکان، کاریگەریی توێژەران لەسەر توێژینەوەکان وەک بەشێک لە پڕۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفە و فرەچەشنیی ڕێباز و میتۆدەکان" (فلیک، ١٣٩١: ١٥).

به لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئامانجی ئەو توێژینەوەیە دروستکردنەوەی واتاکانی یادەوەری و کۆیادەوەرییە لەنێو خەڵکی هەڵەبجەدا و توێژینەوە ئەتنۆگرافییەکان "دەپەرژێنە سەر تێگەشتن و پەیبردنی زەمینەیی پڕۆسە کۆمەڵایەتییەکان و چییەتیی زەینی و نێوانزەینیی مرۆڤەکان، گەشتن بە ڕاڤە، واتا و چەمکەکانی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەزموونی سوبێکتەکاندا" (رضوی زادە، محمدپور، ١٣٨٩: ٤٧). لەم ڕووەوەیە کە سەرەتا هەوڵ دەدەم

---

[1] Denzin

[2] Lincoln

میتۆدی ئیتنۆگرافی بە کورتی و کوردی ڕوون بکەمەوە و دواتر سەرنج لەسەر میتۆدی "تیۆری مەیدانی " پشتئەستوور[1] بە داتاکان چڕ دەکەمەوە، کە توێژەران دەتوانن لە توێژینەوە ئیتنۆگرافییەکاندا پشتی ببەستن.

## ئیتنۆمیتۆدۆلۆجی[2]

یەکێکە لە شارەزایانی ئەو بوارە کە "میربام"ە، لە پێناسەی میتۆدی ئیتنۆگرافیدا دەنووسێت: "ئیتنۆگرافی، بریتییە لە خوێندنەوەی خەڵک لە ژینگەی کۆمەڵایەتیی سروشتیدا، لە ڕێگەی ئامراز و میتۆدگەلێکەوە کە بتوانرێت بگات بە واتا کۆمەڵایەتییەکان و چالاکیی تاکەکان. لەم میتۆدەدا توێژەر ڕاستەوخۆ بەشداری دەکات لە مەیدانی توێژینەوەکەدا (واتە ئەو مەیدانەی توێژینەوەکەی تێدا دەکات)... و هۆلڤی لە پێناسەیەکی دیکەدا ئەم میتۆدە بە پشتبەستن بە مەعریفەی باو (عامیانە)، بە تاووتوێکردنی واتاکانی ناو دیاردەیەک لەقەڵەم دەدات. ئەم جۆرە لە توێژینەوە، فۆرمێکە لە خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی کە جەخت لەسەر ڕاڤەی خەڵک بۆ جیهانێک کە تیایدا دەژین؛ دەکاتەوە. ئەم میتۆدە بە توێژینەوەی سروشتگەرا، توێژینەوەی مەیدانی، خوێندنەوەی حاڵەت و توێژینەوەی ڕاڤەییش پێناسە دەکرێت. ئەم میتۆدە ڕێگە بە

[1] Grounded Theory

[2] Ethnomethodology

سـوبێکتەکان دەدات قسـە بکەن و هەموو واقعیەتێک لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەگوازێتەوە" (محمدپور، ١٣٩٢: ٨٨).

دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە، "هارۆڵد گارفینگل"ە. پرسیاری جێی سەرنجی ئەم دیدگایە ئەوەیە کە مرۆڤەکان چۆن لە ماوە و لە ڕێگەی پرۆسەکانی مامەڵەکردنیاندا واقعیەتی کۆمەڵایەتی[١] دروست دەکەن. سەرقاڵی ئەو ڕوانینە، خوێندنەوەی ئەو میتۆدانەیە کە ئەندامەکان بۆ دروستکردنی واقعیەت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکار دەبەن. گارفینگل کایەکانی توێژینەوەی ئیتنۆگرافی بەم جۆرەی خوارەوە دەخاتە ڕوو:

ئیتنۆمیتۆدۆلۆجیی"چالاکییەکانی ڕۆژانە وەک میتۆدگەلێک شی دەکاتەوە و شەنوکەو دەکات، کە ئەندامەکان بۆ ئەقڵانی و شیاوی باسکردنی ئەو چالاکییانە بۆ مەبەستگەلی کردەیی بەکاری دەهێنن" (فلیک، ١٣٩١: ٧٦). ئەم میتۆدە هەوڵ دەدات لە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆنتێکستی خۆیاندا تێبگات. ئەم میتۆدە ئەمرۆکە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کێشانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی دنیای مۆدێرن و پۆستمۆدێرن بەر نادات، زۆر بەکار و گرنگە. "بەم میتۆدە دەتوانین بپەرژێینە سەر کۆمەڵێک لە دیاردە کۆمەڵایەتییە ورد و گەورەکان. ئیتنۆمیتۆدۆلۆجی جۆرێک چڕکردنەوەی توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵناسیی واتا، کە لە ڕێگەی تێبینیی نزیک، ورد و باشتری دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانەوە دەستەبەر دەبێت... سەرنج لەسەر کۆمەڵ یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو و سنوردار چڕ

---

[1] Social fact

دەکاتەوە... ئەم میتۆدە بەنیازی ڕاڤە و شیکردنەوەی واتاکان و چەمکەکانی پەیوەست بە ڕووداو و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ ئەو گرووپانە لە خەڵک، کە ئەم ڕووداوانەیان ئەزموون کردووە، یان دەستوپەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن" (محمدپور، ١٣٩٢: ٨٩).

## لۆجیکی نموونەوەرگرتن

گلاسەر و شتراوس وەک دوو لە داهێنەرانی ستراتیجەکانی نموونەوەرگرتن، باوەڕیان وایە کە لە خوێندنەوە چۆنایەتییەکاندا دەکرێت سوود لە دوو جۆر نموونەگیری بە شێوەیەکی هاوکات وەربگرین، یەکێکیان "نموونەوەرگرتنی ئامانجدار " و ئەوی دی ١
"نموونەوەرگرتنی تیۆری "یە. "لە نموونەوەرگرتنی ئ[2]امانجدار بۆ هەڵبژاردنی ئەو تاکانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێ و لە نموونەوەرگرتنی تیۆری بۆ دیاریکردنی ژمارەی تاکەکان، شوێنی داتاکان و دۆزینەوەی ڕێڕەوی توێژینەوەکە سوود وەردەگیرێت" (محمدپور، ١٣٩٢: ٩٠). ئەوان دەڵێن "نموونەوەرگرتنی تیۆری، بریتییە لە پڕۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان بۆ تیۆریزەکردن کە لەم ڕێگەیەوە توێژەر بە شێوەیەکی هاوکات داتاکان کۆدبەندی و شی دەکاتەوە و بڕیار دەدات کە چ داتاگەلێک لە قۆناغی دواتردا کۆ بکرێنەوە و لە کوێ پەیدایان بکات و بەم ڕێگەیە بۆچوونەکانی خۆی لە ساتی

[1] - Purposive Sampling

[2] Theoretical Sampling

بیچمگرتنیاندا ڕێک بخات. تیۆری لە حاڵەتی ڕێکخستندا، پڕۆسەی کۆکردنەوەی داتاکانیش کۆنترۆڵ دەکات" (فلیک، ١٣٩١: ١٣٨).

"ئامانجی نموونەوەرگرتنی تیۆری، نموونەوەرگرتنی تاکەکان نییە، بەڵکوو نموونەوەرگرتنە لە سیستمی واتایی کەسەکان" (رضوی زادە و محمدپور، ١٣٨٩: ٤٧). ئەو تاک و گرووپانەی کە هەڵدەبژێردرێن، لەسەر بناغەی ئەندازەی ڕێڕۆشنکەرەوەییان بۆ ئەو تیۆرەی کە لە حاڵی ڕەنگرێژیبووندایە؛ دیاری دەکرێن. هەروەها ئەم نموونەوەرگرتنە کاتێک کۆتایی دێت کە "تێربوونی تیۆری ". لەم هەنگاوەدا،[1] واتە ئیدی شتێکی نوێ بەدەست نەیەت و بگاتە حاڵەتی دووبارەبوونەوە، بگاتە حاڵەتی تێربوون، حاڵەتێك کە هەست بەوە بکرێت داتاکان و وەڵامەکان ئیدی شتی نوێی تێدا نییە. شتراوس و کۆربین باوەڕیان وایە کە "ژمارەی ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت، واتە قەبارەی نموونەکە بەستراوەتەوە بە تێربوونی تیۆریی ئەو پرسیارانەوە کە توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت. بۆیە تێربوونی تیۆری بە قۆناغێک لە کۆکردنەوەی داتا چۆنایەتییەکان دەگوترێت کە وەڵامە دراوەکان سەبارەت بە پرسیارەکانی توێژینەوە یان چاوپێکەوتنە ئەنجامدراوەکان گەشتبنە ڕادەی پێویست، چونکە داتا کۆکراوەکان دەگەنە حاڵەتی لێکچوون و دووبارە دەبنەوە" (محمدپور، ١٣٩٢: ٩٠).

---

[1] Theoretical Saturation

بەڵام مەبەست لە نموونەوەرگرتنی ئامانجدار چییە؟ چ کاتێک بەکەڵکی توێژەر دێت؟ "بە سودوەرگرتن لە نموونەوەرگرتنی ئامانجدار، توێژەری چۆنایەتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا گفتوگۆ دەکات کە لە بواری بابەتی توێژینەوەلەسەرکراودا یان لە هەندێک لایەنیەوە زانیاریی تەواوەتی و مەعریفەیەکی گونجاو و پێویستیان هەبێت. ئەو کەسانە پێیان دەگوترێتت "ئاگادارەکان ". لە واقعدا ئاگادار[1] کەسێکە کە توێژەر لە ڕێگەی ئەوەوە بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی دەتوانێت دەستی بە مەیدانی توێژینەوەکەی بگات، هەروەها دەتوانێت کەسێکی نەوجەوان، پیاو، ژن، گەورە و... بێت. نیومەن ئاماژە دەکات بە چوار پێوەری سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە توێژەر وەک نموونەی ئاگادار دیارییان دەکات:

- "کەسی ئاگادار دەبێ شارەزای کولتوور و بەگشتی ئەو کۆمەڵگەیە بێت کە توێژینەوەکەی لەسەر دەکرێت و لە دۆخێکدا بێت کە ئاگای لە ڕووداو و بابەتە گرنگەکان بێت.
- کەسی ئاگادار دەبێ لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانیدا، لەو کۆمەڵگەی توێژینەوەیەدا ئامادە بێت یان بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی پێوە هەبێت.
- کەسی ئاگادار دەبێ کاتی پێویستی بۆ هاوڕێیەتی، گفتوگۆ و بەرقەرارکردنی پەیوەندیی لەگەڵ توێژەر هەبێت.

[1] Informants

- کەسی ئاگادار دەبێ کەسێك بێت کە خاوەنی زینێکی شیکەرەوە نەبێت، واتە بە زمانی خۆمانە و مەعریفەیەکی باو قســـە بکات و خاوەنی شیکردنەوەی تاکەکەسیی خۆی بۆ بابەتی جێی توێژینەوە نەبێت" (هەمان، ۱۳۹۲:۹۱).

توێژینەوەی بەردەســـتیش هەوڵی داوە کە بە پەیڕەویکردن لە نیومەن، پـابەنـد بێـت بەم چوار پێوەرە ســـەرەکی و گرنگەوە، بۆ هەڵبژاردنی ئـاگـادارەکـانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە کە خەڵکی هەڵەبجەن. هەر بۆیە نموونەوەرگرتنەکەی ئەم توێژینەوەیە، پێـک دێن لە ۲۲ کەســـی ئاگادار، کە پێك دێن لە (۱۱) کەس لە گرووپی یەکەم و (۱۱) کەس لە گرووپی دووەم. یـانزەی یەکەم، ئەو کەســـە ئاگادارانەن کە ئەزموونی ڕاســـتەوخۆیان ســـەبارەت بە جینۆســـایدی هەڵەبجە هەیە، واتە خـاوەنی یادەوەرییەکی ڕاســـتەوخۆن. گرووپی دووەم لە واقعدا، ئەو گرووپە یانزە کەســـییەن کە خاوەنی ئەزموون و یادەوەریی ناڕاســـتەوخۆن ســـەبارەت بە کارەســـات و جینۆســـایدی کەسـوکار و خەڵکی شـارەکەیان. ئەم گرووپەی دووەم، نەوەی دەیەی نەوەد بەدواوەن یان هەر لە ســـاڵی (۱۹۸۸)ەوە لەدایک بوون و هیچ یـادەوەرییەکی ڕاســـتەوخۆیـان لە زەینـدا نییە. گرووپی یەکەمیش بە پێچەوانەوە، گرووپی نەوەی خوار دەیەی نەوەدەکـانن، ئەمـانە ئەوکـات ۱۰ تـا ۳۰ ســـاڵ تەمەنیان هەبووە. لە ۱۱ کەســـی گرووپی یەکەم، ٤ کەسـیان مێ و حەوتیان نێرن. گرووپی دوومیش بریتین لە پێنج نێر و شـــەش مێ. لەنێو ئەو دوو گروپەدا کە چـاوپێکەوتنی قووڵمان لەگەڵ کردوون، چواریان خێزاندار و دووانیان سەڵتن.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەی سەرەوە و بۆ ئەوەی فرەچەشنی لە هەڵبژاردنی چاوپێکەوتنکراوەکاندا بێتە دی، هەوڵمان دا کەمترینی ئەو کەسانە و ئەو قوربانییانە وەک نموونە هەڵبژێرین کە لە ماوەی ئەم دوو دەیەیەی ڕابردوودا هێندە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و لە ڕێگەی میدیا و ڕۆژنامەکانەوە ناسێنراون کە ئیدی خۆیان بوونەتە کەسی خاوەن زەینی شیکەرەوە.

## ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان

"نۆرمەن بلەیکی " بە شێوەیەکی گشتی، تێبینی و چاوپێکەوتن وەک باوترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی داتا چۆنایەتییەکان دەناسێنێت. ئەو هاوکات لەگەڵ تێبینیکردنی بەشداریکەرانە، جەخت لەسەر چاوپێکەوتنی سەنتەری و قووڵ، مێژووی ژیان/زارەکی، چاوپێکەوتنی گرووپی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان دەکاتەوە. "یەک لە بەکارهێنانە تایبەتەکانی چاوپێکەوتنی نارێکخراو، مێژووی زارەکییە. لە یەک تا چەند کەسێک، داوا دەکرێت کە ڕەهەندەکانی ژیانی خۆیان و هاوچەرخەکانیان بڵێنەوە و دەربارەی وێناکردن و تێگەشتنەکانی خۆی بۆ پرسە هەنووکەییەکان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە تێبینییان کردووە، گفتوگۆ بکەن. چیرۆکە تاکەکەسییە

---

[1] Norman Blaikie

بەدەستهاتووەکان لەو میتۆدەوە دەتوانێت بخرێتە ژێر شیکردنەوەی چۆنایەتییەوە" (بلیکی، ١٣٩٠: ٣٠٤).

جۆرێکی تر لە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان لە توێژینەوەی چۆنایەتی و ئیتنۆگرافیدا، بریتییە لە چاوپێکەوتنی ڕێکنەخراو و کراوە. "لەو شوێنەوە کە لە چاوپێکەوتنە ڕێکنەخراوەکاندا، هەم توێژەر و هەم وەڵامدەرەوە ئازادییەکی کردە و دەربڕینی زیاتریان هەیە، بۆیە ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن؛ گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە" (محمدپور، ١٣٩٢: ٩٣).

سێیەمین ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان، بریتییە لە تاووتوێکردنی بەڵگەنامەکان. ئەتکینسۆن و هامرسلی ، ئەوە ئاشکرا دەکەن کە " [٢]
بەڵگەنامەکان دەبێ وەک بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان کاریان لەسەر بکرێت... هەروەها دەبێ وەک سەرچاوەگەلی توێژینەوەیی بە شێوازێکی ڕەخنەئامێز تاووتوێ بکرێن... چوارەم تەکنیک و ئامرازیش، "بەکارهێنانی ئامرازە گونجاوەکانی وەک تۆمارکەر یان ڕیکۆردە، کامێرای وێنەگرتن و ڤیدیۆگرتن و ئامێری دیکەی پێویستە" (هەمان). دوا ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان بریتییە لە یادداشتکردنی هەموو ئەو تێبینی و خاڵە گرنگ و جێی سەرنجانەی کە دوای سەردانی هەندێک لە مۆزەخانە و مۆنۆمێنتەکان و شوێنەکانی یادەوەری بەدەست هاتوون.

---

1 Atkinson

2 Hammersly

لەم توێژینەوەیەدا ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن توێژەرەوە ئاڕاستەی نموونەکانی توێژینەوە کراون، بەدەوری چوار بابەتی سەرەکیدا دەسووڕێنەوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

- ئایا شتێکە بە ناوی کۆیادەوەریی "کارەسات و جینۆسایدی هەڵەبجە" لەلای هەڵەبجەییەکان فۆرمەلە بووە؟
- ڕەهەندەکانی گێڕانەوە و ئاڵوگۆڕی یادەوەریی هەڵەبجەییەکان، لەکوێ و لەگەڵ کێ ئەنجام دەدرێن؟
- شوێنەکانی یادەوەری کامانەن و ڕۆڵیان چییە؟
- ڕەهەندەکانی یادەوەریی کارەساتی هەڵەبجە کامانەن؟

هەر لە ڕێگەی ئەم پرسیارە سەرەکییانەوە کە زەینی توێژەری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، دەکرێ پێشبینیی دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانیش بکرێت، کە لە قۆناغی سەرەتادا بریتین لەمانە:

- تێبینیی بەشداریکەرانە، چونکە توێژەر خۆی بەشێکە لە مەیدان و کۆمەڵگەی توێژینەوە.
- چاوپێکەوتنی ڕێکنەخراو و کراوە.
- تاووتوێی بەڵگەنامەکان و ڤیدۆیۆ و بەرنامە دۆکیۆمێنتارییەکانی میدیای کوردی و ئێرانی و تۆمارە ڤیدیۆییەکان.

- بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک ڕیکۆردەر بۆ تۆمارکردنی هەموو ئەو گفتوگۆیانەی کە لە چوارچێوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتاکان و چاوپێکەوتنەکاندا ڕوو دەدەن، هەروەها کامێرا.
- یاداشتنووسین.

## چاوپێکەوتنی قووڵ

چاوپێکەوتن "بە دەربڕینێکی گشتگیرتر: یەکێکە لە شێوازە کۆنەکانی دەستڕاگەشتن بە مەعریفەی سیستماتیک و پێشینەی ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی کۆن و چاوپێکەوتنی توسیدیس لەگەڵ بەشداربووانی شەڕی پلۆپۆنیس... میتۆدی چاوپێکەوتن بەتایبەت لە مێژووی میتۆدۆلۆجیی کۆمەڵناسیی ئەمریکیی ورد -ڕوانیندا لە دەیەکانی (١٩٣٠)ەوە تا ١٩٤٠ لەتەنیشت میتۆدە چۆنایەتییەکانی دیکەی وەک تێبینیی بەشداریکەرانەدا- بە دووەمین میتۆدی گرنگی کۆکردنەوەی داتاکانی توێژینەوە هەژمار دەکرا. لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تا هەنووکە، چاوپێکەوتن بووە بە یەکێک لە تەکنیکە گرنگەکانی توێژینەوەی چۆنایەتی کە لە هەموو بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکاندا لە کۆمەڵناسییەوە تا پەرەستاری و بەڕێوەبردن" (محمدپور، ١٣٩٢: ١٤١).

چەند پۆلێنبەندییەک بۆ ئامرازی چاوپێکەوتن لەسەر دەقەکان و خوێندنەوەکانی میتۆدی توێژینەوەی چۆنایەتیدا لەلایەن تیۆریستانی

میتۆدۆلۆجییەوە خراونەتە ڕوو، کە لەسەر ئەو بنەمایە دەکرێ بۆ سێ گرووپ دابەش بکرێن:

- چاوپێکەوتنی سترەکچەر، داخراو و ڕێکوپێک .[1]
- چاوپێکەوتنی نیوە سترەکچەر، نیوەداخراو و نیوە ڕێکوپێک .
- چاوپێکەوتنی بێ سترەکچەر، کراوە، قووڵ و ناڕێکوپێک " (همان، ١٥٢).

ئەم تەکنیکی چاوپێکەوتنە لەگەڵ میتۆدەکانی ڕێبازی چۆنایەتی و گراندتیۆریدا زۆر دەگونجێت. "لە چاوپێکەوتنی قووڵدا، توێژەر کۆنترۆڵێکی زیاتری بەسەر شێوازی بەرهەمهێنانی داتاکانەوە هەیە. لە واقعدا چاوپێکەوتن گفتوگۆیەکی ئاڕاستەکراوە" (بوستانی، محمدپور، ١٣٨٨: ١٥٤). توێژەر بۆ تۆمارکردنی دەنگی چاوپێکەوتنکراوەکان، سوود لە ڕیکۆردەر بە شێوەیەکی ئازادانە وەرگرتووە. جگە لە یاداشت نووسینەوە لە کاتی چاوپێکەوتندا، چاوپێکەوتنەکان هەنگاوبەهەنگاو کراون بە دەق و لە ساتی شیکردنەوەی داتاکاندا بۆ جاری دووەم گوێم لە چاوپێکەوتنەکان گرتۆتەوە.

---

[1] Structured/ Closed/Ordered Interview

[2] Semi-Structured/Semi-Closed.Semi-Ordered Interview

[3] Unstructured/Open-Ended/Unordered Interview

## چاوپێکەوتنی گێڕانەوەیی

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، ئەوە بووە کە باشترین پەیوەندی لەگەڵ ئەزموونی چاوپێکەوتنکراوەکان و ژینگەکەیاندا بەرقەرار بکات. بۆ بەکارهێنانی میتۆدی گراندت تیۆری -کە هەم تیۆرە و هەم میتۆی توێژینەوە- داتاکان و تیۆری توێژینەوەکەش هەر لەو داتایانەوە بەدەست دێت کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنەوە دەخرێنە ڕوو. ئەم شێوازە وا دەخوازێت کە جگە لە چاوپێکەوتنی قووڵ، پشت بە ئامرازی چاوپێکەوتنی گێڕانەوەییش ببەستریت. "چاوپێکەوتنی گێڕانەوەیی زیاتر لە بواری توێژینەوەی ژیاننامەنووسیدا بەکار هاتووە. لەم چاوپێکەوتنەدا داوا لە کەسی بەئاگا دەکرێت کە سەرگوزەشتەی ئەو بابەتەی کە خۆیان تیایدا بەشدار بوون، لە سەرەتاوە بگێڕنەوە... پرسیارورووژێنەر کەسە بەئاگاکە هان دەدات کە بابەتەکە لە چوارچێوەی چیرۆکی پێکەوبەستراوی ڕووداوەکاندا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بگێڕێتەوە. ئەو گێڕانەوانەی کە لە چاوپێکەوتنەکانەوە بەدەست هاتوون، حوکمی داتاگەلێکیان هەیە کە دەکرێ وەک ئەڵتەرناتیڤی چاوپێکەوتنی نیوەسترەکچەر سوودیان لێ وەربگیرێت" (فلیک، ١٣٩١: ١٨٢-١٩٣). هەروەها "چاوپێکەوتنی گێڕانەوەیی بە پرسیاری گێڕانەوە دەست پێ دەکات و بۆ هاندانی چاوپێکەوتنکراو بۆ گواستنەوەی گێڕانەوەی سەرەکی بەکار دێت. پاش ئەم قۆناغە، سەرەی شەنوکەو و پرس و ڕای زیاترە لە گێڕانەوەدا بۆ ئەوەی ئەو بەشانەی کە بە شێوەیەکی تەواوەتی باس نەکراون، تەواو بکرێن" (هەمان، ١٩٣). لە چاوپێکەتنی

گێڕانەوەییدا هەروەک چۆن فلیک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەر ئێمە مەبەستمان بێت بابەتی جێی مەبەستمان لە زمانی چاوپێکەوتنکراوەوە ببیستین، دەبێ پرسیارگەلی بەرهەمهێنەری گێڕانەوەکەی خۆمان بە شێوەیەکی گشتی و لە هەمان کاتدا تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ بۆ بابەتە جێی سەرنجەکە سنووردار بکەین.

فلیک باوەڕی وایە کە "چاوپێکەوتنی گێڕانەوەیی، ئامرازێکی کارامەیە و بەرامبەر بە فۆرمەکانی دیکەی خراوەڕوو، زانیارییەکی دەوڵەمەندتر لە ڕووداو و ئەزموونەکانی پێشکەش دەکات. لە چاوپێکەوتنی گێڕانەوەییدا، لە لایەکەوە چاوەڕێ دەکرێت کە پڕۆسە ڕاستەقینەکان ئاشکرا بکرێن، واتە ئاشکرا دەبێت کە "ئەو دیاردەیە بەڕاستی چۆن بووە". لە لایەکی تریشەوە، شیکردنەوەی وەها سەرگوزەشتەیەک بە شێوەیەکی گێڕانەوەیی بە تیۆرێک دەربارەی پڕۆسەکان کۆتایی دێت. شوارتز ئەم حاڵەتە ناو دەنێت: "سترەکچەرەکانی پڕۆسەی ڕەوتی ژیانی تاک" (هەمان، ١٩٥-١٩٦).

## ئامرازی کۆکردنەوە و شرۆڤەی داتاکان

تیۆری زەمینەیی (گراونددتیۆری)

هەر توێژینەوە و توێژەرێک پاش ئەوەی کە داتاکانی کۆ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو داتایانە ڕێک بخات، یان لە چوارچێوەی بانگەشە و تیۆرەکەیدا ئاشکرایان بکات؛ دەبێ داتاکانی شەنوکەو بکات، تاوەکوو بگاتە قۆناغی دانانی تیۆری پشتئەستوور واقعیەتەکان. لە ساڵی ١٩٦٧ی میلادیدا، کتێبێک بڵاو بوویەوە کە تیایدا تیۆرێک بە ناوی تیۆری زەمینەیی یان گراونددتیۆری خرایە ڕوو. ئەم تیۆرە گلیزەر و شتراوس لە کتێبێکدا بە ناونیشانی "دۆزینەوەی تیۆری زەمینەیی " ڕایانگەیاند. ئەم تیۆرە دواتر لەلایەن گلیزەر (١٩٧٨)، شتراوس (١٩٨٧) و شتراوس و کۆربین (١٩٩٨/١٩٩٠) پەرەیان پێ دا (فلیک، ١٣٩١: ٣٢٩). هەڵبەت دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە تیۆری زەمینەیی سەرەتا لە توێژینەوەی گلاسەر و شتراوسدا سەبارەت بە ئەزموونی مردن لە ژینگەکانی نەخۆشخانەدا بەکار هات و پاشان لە بەشەکانی کۆمەڵناسی و زانستە پەروەردەییەکاندا جێی خۆی کردەوە.

سەبارەت بە مێژووی دەرکەوتن و داهێنانی ئەم میتۆدە، دەتوانین بڵێین "لە دەیەی (١٩٧٠)ەوە، گراونددتیۆری وەک یەکێک لە کایەکانی میتۆدۆلۆجی پارادایمی کۆنسترەکشن-ڕاڤەگەرایی دژ بە پارادایمەکانی عەینیگەرا (واتە: پۆزەیتیڤیزم، پۆزیتیڤیزمی لۆجیکی، ئەقڵگەرایی ڕەخنەگرانە) وەستایەوە. ئەم تیۆرە سەرەڕای ڕەتکردنەوەی بنەما

[1] Discovery of Grounded Theory

تیۆرییەکانی پۆزیتیڤیزم، پشت بە لۆجیکی ڕێبازی ڕاڤەگەرایانە-کۆنسترەکشن و بەتایبەت قوتابخانەی کارلێکگەرایی سیمبولیکی هربرت مید و بلومەر بۆ تێگەشتنی جیهانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت" (محمدپور، ١٣٩٢: ٣١٩).

بناغەی گراونددتیۆری، سەرنج لەسەر چییەتیی دیاردە چڕ دەکاتەوە و داتاکان و شیکردنەوەکان بە بەرهەمی ئەزموونی هاوبەش و پەیوەندی لەگەڵ بەشداربووان دەزانێت. بەڵام ڕێبازی عەینیگەرایانەی ئەم تیۆرە، لەسەر بنەمای نەریتی پۆزیتیڤیستی ڕاوەستاوە و داتاکان وەک ئۆبجەگەلی واقعی دەبینێت کە دەتوانن بدۆزرێنەوە" (هەمان،٣٢٠). با بزانین بە شێوەیەکی ڕوونتر مەبەستمان لەم تیۆرە چییە؟

"ئەو تیۆرەیە کە ڕاستەوخۆ لەو داتایانەوە دەرهێنراوە کە لە ماوەی توێژینەوەکەدا بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کۆ کراوەتەوە و شی کراوەتەوە. لەم میتۆدەدا، کۆکردنەوەی داتاکان، شیکردنەوە و تیۆری کۆتایی پێکەوە لە پەیوەندیی نەپساودان. لەم میتۆدەدا توێژەر کارەکەی بە تیۆرێک کە پێشوەخت لە زەینیدایە؛ دەست پێ ناکات -مەگەر ئەوەی کە ئامانجی بەرفراوانکردنی تیۆرەکە بێت-، بەڵکوو کارەکە لە بواری واقعیەتدا دەست پێ دەکات و دەهێڵێت تا وەک تیۆر لەناو ئەو داتایانەوە کە کۆ دەکرێنەوە، سەر دەربهێنن. ئەو تیۆرەی کە لەم ڕێگەیەوە لە داتاکانەوە هەڵدەهێنجرێت، دەتوانێت زیاتر لە واقعیەتەوە نزیک بێت... شیکردنەوە بریتییە لە بەرامبەردانانی

زەینی توێژەر و داتاکان. شـیکردنەوە هەم زانسـته، هەم هونەر، زانسته بەو واتایەی کە توێژەر بە دانانی پایەکانی شیکردنەوە لەسەر داتا بەدەسـتهاتووەکان، سـنوورێک لە پابەندبوون دەپارێزێت، هونەریشە لەو ڕووەوە کە خۆی لە توانای توێژەردا بۆ مەقولەبەندی و پرسـینی پرسـیارگەلێکی وروژێنەر، بەراوردکاری و دەرهێنانی ئایدیایەکی نوێ، هەماهەنگ و واقعبینانە لەناو کۆمەڵێکی زۆر داتای ناپوخت و ڕێکنەخراودا پیشـان دەدات" (اشـتراوس و کربین، ١٣٩١: ٣٤-٣٥). "گلایزەر و شـتراوس ئامانجیان لە داهێنانی ئەم میتۆدە دروسـتکردنی تیۆرەکان بوو، بەڵام بە سـوودوەرگرتن لە داتاکان لە ڕێگەی پرۆسـەگەلێکەوە کە پێی دەوترا ئسـتقرائی" (بلیکی، ١٣٩٢: ١٣٥) لەم میتۆدەی کۆکردنەوەی داتاکاندا، شـیکردنەوەی داتاکان و ئەو تیۆرەی کە بەدەسـت دێت، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکات ڕوو دەدات و پێکەوە نزیکن.

گراونددتیۆری بەم خەسڵەتە سەرەکییانەی خوارەوەدا دەناسرێتەوە:

- لەسەر بنەمای داتا دەقییەکان ڕاوەستاوە، بەڵام بۆ ڕێکخستن و ڕوونکردنەوەی چەمکەکان؛ سـوود لە داتـاگەلی تێبینەکـارانە وەردەگرێت.
- میتۆدێکی ئستقرائییە.
- میتۆدێکە بۆ دروستکردنی تیۆر و نەک تێستی تیۆر.

- پشــتئەســتووره بە کۆمەڵێک قۆناغی کۆددانان کە خســتەڕووی مەقولەی ناوەکیی لێ دەکەوێتەوە.
- تیۆری بەدەستهاتوو؛ سێ ڕەهەندی دۆخ، مامەڵە و پێشهاتەکان دەگرێتەوە.
- تیۆر، بەرهەمی ئایدیۆگرافیک و شوێنگەییە.
- پێودانگی هەڵســەنگاندنی تیۆر، تایبەتمەندیی توانای متمانە یان جەختکردنەوەیە لەلایەن کۆمەڵێک تاکی بەئاگاوە" (محمدپور، ١٣٩٠: ١٥٤ و١٥٣).

له قۆناغی دواتری ئەم میتۆدەدا، "داتا دەقییەکان لە ئەنجامی چاوپێکەوتنی قووڵ و کراوە، یاداشت و بیۆگرافییەوە بەدەست دێن و لە حاڵێکدا ئەگەر داتاکان لە شــێوەی دەقدا نەبن، دەبێ بکرێنە دەق... لە پڕۆسەی ڕەنگڕێژیی گراندتیۆریدا، داتا کۆکراوەکان دەکرێن بە چەمکی کۆدبۆدانراو و لە ماوەی پڕۆســەیەکدا پێکەوە گرێ دەدرێن... کاری توێژەر ئەوەیە کە بەرامبەر بەوەی کە بە کردە لە حاڵی ڕووداندایە، کراوە و هەســتیار بمێنێتەوە" (محمدپور، ١٣٩٢: ٩٨). کۆربین و شــتراوس ئاماژەیان بەوە داوە کە "مرۆڤەکان بەبێ وەســفکردن بە واتای وردی وشــە، ناتوانن پەیوەندی بەرقەرار بکەن. هەر چەندەش کە زمانیان سەرەتایی بێت، دەست بە وەسفکردنی ئەو شــتانە دەکەن کە بۆ گواســتنەوەی ئەوەی ڕووی داوە و ڕوونکردنەوەی دۆخ و ئەوەی ئەوانیتر ئەنجامی دەدەن... وەسفکردن کۆڵەکەی ئەو پڕۆسەیەیە کە ئێمە ناوی دەنێین ڕێکخستنی چەمکی.

ئەم پرۆسەیە بریتییە لە ڕێکخستنی داتاکان لە قاڵبی گرووپ یان کۆمەڵێک مەقولەی دیاریکراودا لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکان و ڕەهەندەکان و پاشان سوودوەرگرتن لە[2]وەسفکردن بۆ کردنەوە و ڕوونکردنەوەی هەریەکە لەو گرووپانەی مەقولەکان " (کربین و اشتراوس، ١٣٩١: ٣٨-٤٠).

ئێمە داتاکان ناخوڵقێنین، بەڵام ئەوە ئێمەین کە تیۆرەکان دەردەهێنین. ئەگەر ئەم کارە بەدروستی ئەنجام بدرێت، ئەو کاتەیە کە ئیدی ئەوە ئێمە نین کە لەجیاتیی وەڵامدەرەوەکان قسان دەکەین، بەڵکوو دەرفەت بەوانیش دەدەین کە خۆیان بە دەربڕینێکی ڕوون و ڕۆشن بێنە گۆ. "لە ڕوانینی شتراوسەوە، ڕاڤەی داتاکان لەناو دڵی توێژینەوەی ئەزمونیدایە، ڕاڤەی دەق دەتوانێت دوو ئامانجی دژبەیەکی هەبێت: ئامانجی یەکەم: ئاشکراکردنی گوزارەکان یان دانانیان لەناو کۆنتێکستی خۆیاندا و لەناو دەقدا کە بە شێوەیەکی ئاسایی زیادبوونی داتا دەقییەکانی لێ دەکەوێتەوە. ئامانجەکەی تر: کەمکردنەوەی قەبارەی دەقە لە ڕێگەی گواستنەوەیانە بۆ واتا، کورتکردنەو یان مەقولەبەندیکردنیان. توێژەر لە هەنگاوی یەکەمدا بەدوای کۆکردنەوەی نموونەیەکی ناوێکچوودا ناگەڕێت، بەڵکوو بەدوای ڕێککەوتن و نێوانزەینییە هاوبەشەکانی نێوان تاکەکاندا وێڵە کە لەژێر تاووتوێکردنداندان" (محمدپور، ١٣٩٢: ٩٩).

[1] Properties

[2] Dimensions

[3] Catigories

پاش کۆکردنەوەی داتا بینراوەکان و چاوپێکەوتنە دەقییەکان، داتاکان ڕێک دەخرێن و پۆلێنبەندی دەکرێن. داتاکانی چاوپێکەوتن و دەقی کە بۆ بەرهەمهێنانی تیۆری گریمانەیی سوودیان لێ وەردەگیرێت، کۆدبەندی دەکرێن. وتمان کە لەم میتۆدەدا، ئامرازی ڕاڤەی داتاکان (کۆدەکان، چەمکەکان)، جیا و سەربەخۆ نییە لە کۆکردنەوەی داتاکان. ئەم ڕاڤەی داتایانە دەکرێ بە چەمکسازی پێناسە بکرێن. "چەمک، دیاردەیەکی لەیبڵکراوە، نوێنەرایەتیی ئەبستراکتی ڕووداوێک، شتێک و یان کردە/مامەڵە دەکات کە توێژەر ئامادەبوونی ئەو شتەی لەنێو داتاکاندا بە گرنگ زانیوە... چەمکسازی پرۆسەی کۆکردنەوەی حاڵەتە وێکچووەکانە بەگوێرەی هەندێک تایبەتمەندیی پێناسەکراو و ناونانیان، هەتاوەکوو پەیوەندیی نێوانیان بدۆزێتەوە. لە چەمکسازیدا، داتا گەورەکان بۆ بەشگەلی بچووک و قابیلەی کۆنترۆڵکردن بچووک دەکەینەوە" (آنسلم و اشتراوس، ١٣٩١: ١٢٥-١٤٣). ئەوەی ڕاڤە (تفسیر) چییە؟ "هەمان ئەو سەرچاوەیەیە کە لەسەر بناغەی ئەوە بڕیار دەدەین کە کام داتا یان حاڵەت لە قۆناغی دواتردا لە نموونەکەدا بگونجێنین. لێرەدا مەبەست کۆدبەندی یان کۆددانانە. کە مەبەست لێی ئەو کردەیەیە لە ماوەیدا داتاکان بەش بەش، چەمکسازی و بە فۆرمێکی نوێ لەتەنیشت یەکتر دادەنرێن. ئەمە هەمان ئەو پرۆسە سەرەکییەیە کە لە ماوەیدا، تیۆر لەسەر بنەمای داتاکان ڕەنگڕێژی دەکرێت" (فلیک، ١٣٩١: ٣٢٩). پرۆسەی کۆددانان بە سێ قۆناغدا تێپەڕ دەبێت، کە بریتین لە: کۆددانانی کراوە، کۆددانانی سەنتەری و

کۆددانانی هەڵبژاردنی. پڕۆسەکە لە کراوە دەست پێ دەکات و لە کۆددانانی هەڵبژاردنیدا دەگاتە قۆناغی کامڵبوون.

کۆددانان "بەگوێرەی ئەم ڕوانینە؛ بەراوردی نێوان دیاردەکان، حاڵەتەکان، چەمکەکان و جگە لەوانەش فۆرمولکردنی ئەو پرسیارانەیە کە لەبەرامبەر دەقدا دادەنرێن. کەتیگۆرایز لەم پڕۆسەیەدا بە کورتکردنەوەی ئەو چەمکانە لە قاڵبی چەمکە گشتییەکان و ئاشکراکردنی پەیوەندیی نێوان چەمکەکان و چەمکە گشتییەکان یان مەقوولەییەکان و سوپەرچەمکەکان ، دەگوترێت" (همان، ٣٢٩-٣٣٠). لە پڕۆسەی کۆددانانەدا، سوود لە میتۆدی بەراوردی جێگیر وەردەگیرێت و گلاسەر و شتراوس بۆ ئەم کارە ئاماژە بە چوار قۆناغ دەکەن لەم پڕۆسەیەدا، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

- بەراوردکردنی ڕووداوەکان یان داتا قابیلی بەکارهێنانەکان بۆ هەر مەقوولەیەک.
- پەیوەندیی نێوان مەقوولەکان و ناوەڕۆکیان.
- دیاریکردنی چوارچێوەی تیۆر و
- ڕەنگرێژیی تیۆر" (محمدپور، ١٣٩١: ١٠٠-١٠١).

---

[1] generic concepts

[2] superior concepts

کۆددانانی کراوە ، خۆی لە دوو قۆناغی کۆددانانی سـەرەتایی و کۆددانانی لاوەکی پێک دێت. کۆددانانی سـەرەتایی دەتوانێت بە شـێوەی دێڕبەدێڕ، دەسـتەواژە دەسـتەواژە، پاراگراف پاراگراف یان بە شـێوەی یەک لاپەڕە بێت. ئەگەر یەکەی کۆددانان دێڕ بێت، بۆ هەر دێڕێک یان ڕسـتەیەک؛ چەمک یان کۆدێک دادەنرێت. لە قۆناغی دووەمی کۆددانانی کراوەدا، کە کۆددانانی چڕبوو یان لاوەکییە، ئامانج بەراوردکردنی کۆدەکانە پێکەوە بۆ ناسـینی کۆدە پێکەوەتێکەڵکراو و وێکچووەکانە. توێژەر بە دیاریکردن و ڕێکوپێککردنی کۆدەکان یان چەمکەکان، کۆدە وێکچوو و هاوبەشـەکان لە قاڵبی مەقوولەیەکی یەکگرتوودا ڕێک دەخات. کەواتە چەمک و کۆدەکان بۆ ژمارەیەکی سنووردار لە مەقوولەیەکان کەم دەکرێنەوە" (هەمان، ١٠١).

دووەم قۆناغی کۆددانان، کۆددانانی سـەنتەرییە. "کۆددانانی سـەنتەری، پڕۆسـەی پەیوەسـتکردنی مەقوولەکانە بۆ مەقوولەی لاوەکی، چونکە کۆددانان لە چوارچێوەی یەک مەقوولەدا ڕوو دەدات و مەقوولەکان لە ئاسـت تایبەتمەندی و ڕەهەندەکاندا پێکەوە دەبەسـتێتەوە... ئامانج لە کۆددانانی سـەنتەری، دەسـتپێکردنی پڕۆسـەی لە تەنیشـت یەک دانانی ئەو داتایانەیە کە لە پڕۆسـەی کۆددانانی کراوەدا، وردمان کردوونەتەوە. مەقوولەکان بە مەقوولەی لاوەکییەوە دەبەسـترێنەوە، تاوەکوو ڕوونکردنەوەی وردتر و کامڵتر لەسـەر دیاردەکان فۆرمەلە ببن... لە ڕووی پرەکتیکەوە، کردەی پەیوەسـتکردنی مەقوولەکان بەژێر مەقوولەکانەوە بە ئاڕاسـتەی

[1] open coding

تایبەتمەندی و ڕەهەندەکان ئەنجام دەدرێن. مەقوولەش بەرامبەر بە دیاردەیە و ئەویش بریتییە لە کێشـــە، بابەت، حاڵەت، یان ئەو ڕووداوەی کە وەرمانگرتووە و قەبوڵمان کردووە کە بۆ وەڵامدەرەوەکان گرنگن" (اشـــتراوس و کربین، ١٣٩١: ١٤٦-١٤٧). بەڵام لەجیـاتیی ئەوەی کە دەرخەری خودی دیاردەکە بن، تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە سـەبارەت بە دیاردە دەخرێنە ڕوو، وەک: کێ، لەکوێ... لەم قۆنـاغەدا توێژەر دەبێ مەقوولەکـان پێکەوە بەراورد بکـات و بۆ سـێ گرووپ دابەشـــی بکات، کە بریتین لە: مەقوولە مەرجی یان زەمینەییەکان ، کارلێکی یان پڕۆسەیی و پێشهاتی . ٢

- ڕەهەنـدی مەرجیی دەربڕی ئەو گرووپە لە دۆخ، شـــوێنگە و زەمینەیە کە بە دەرکەوتنی دیاردەی جێی سەرنج کۆتایی دێت.
- ڕەهەندی مامەڵەیی/پڕۆسـەیی، دەربڕی ئەو گرووپە لە مامەڵە و کردەیە کە بکەرەکان بەرامبەر بەو دۆخە دەریدەبڕێت.
- ڕەهەندی پێشـــهاتی دەربڕی پێشـــهات و ئەنجامی مامەڵەکان و لەژێر کاریگەریی دۆخی هەبوودایە.

لەم قونـاغەدا هەر مەقوولەیەک دەتوانێـت خـاوەنی کۆمەڵێـک خەسڵەت بێت، کە ئەمانەن:

---

[1] Conditional& Contextual

[2] Process & Interactional

[3] Consequential

- "ناوەرۆک : بریتییە لەو گرووپە لە چەمکەکان، واتاکان یان ئەو کۆدانەی کە کایەی واتایی ناو یەک مەقوولەی پێک دەهێنن.

- ڕەهەنـد : بریتییە لە بەرفراوانی، چەنـدێتی و ڕێژەی بوونی ئەو واتایانە لە قاڵبی زنجیرەیەکی پەیوەسـتبووی واتاییدا (بۆ نموونە کاتناسی ڕەنگە زیاد و کەم بکات).

- نموونە : بریتییە لە ئـاوێتەبوونی هەر خەسـڵەتێکی نێوەرۆکی لەگەڵ ڕەهەنـدێکی تـایبەتـدا. لەم قۆنـاغەدا، ڕوونکردنەوەی مەقوولە سـەرەکییەکـان لە ڕێگەی هێڵی چیرۆکەوە ئەنجـام دەدرێت.

- هێڵی چیرۆک : بریتییە لە ڕوونکردنەوەی دوورودرێژ و بەش بەشـی مەقوولە سـەرەکییەکان بە گەڕانەوە بۆ یاداشـتەکان، کورتەکان، پشـتبەسـتن بە گواسـتنەوەی وتەی ئەو کەسـانەی کە توێژینەوەیان لەسـەر دەکرێ و سـوودوەرگرتن لە وێنە و داتـا بینراوەکان" (محمدپور، ۱۳۹۲: ۱۰۲).

قۆنـاغی سـێیەمی کۆددانـان؛ کۆددانـانی هەڵبژاردنییە، واتە یەکپارچەکردن و پاڵاوتنی تیۆر، لە شیکردنەوەی یەکەم داتاوە دەست پێ دەکـات و تـا قۆنـاغی کۆتـایی پێـداچوونەوەی ڕاپۆرتی توێژینەوە بەردەوام دەبێت. شتراوس و کۆربین پێیان وایە کە دەبێ لەم پێناوەدا

[1] property
[2] Dimension
[3] Pattern
[4] Story Line

بیرمان لای چەند خاڵ بێت. "یەکەم: ئەوەی کە ئەو چەمکانەی کە دەگەنە ئاستی مەقوولەی، کۆمەڵێک ئەبسترەکتن، کە ئێمە لە ناو دڵی داتاکانەوە دەریاندەهێنین، گێڕانەوەی یەک یان گرووپێک لە خەڵکی نین، بەڵکوو گیراوەیەکی گێڕانەوەکانی زۆرێک لە کەس و گرووپەکانن کە لە چوارچێوەی چەند چەمکێکدا هاتوونەتە ئاخاوتن. دووەم: ئەگەر تیۆرسازی بەڕاستی ئامانجی توێژینەوەیە، دۆزینەوەکانمان دەبێ بە شێوەی کۆمەڵێک چەمکی پێکەوەبەستراو بخرێنە ڕوو. سێیەم: ئەوەی کە زیاتر لە یەک ڕێگە بۆ دەربڕینی ڕستەگەلی پڕ لە پەیوەندی بوونی هەیە" (همان، ١٦٦-١٦٧).

لەم قۆناغەدا ئیدی پێویستمان بە کۆددانانی داتا نوێیەکان نییە، توێژەر لەگەڵ کۆمەڵێکی کەم لە مەقوولەکاندا دەستوپەنجە نەرم دەکات. مەقوولە سوودلێوەرگیراوەکان لە ڕووی تیۆرییەوە تێر بوون و هەر کامیشیان لەسەر بنەمای چەمکە کۆدبۆدانراوەکانی قۆناغی یەکەم و دووەم بە شێوەیەکی لەتەنیشت یەک هەڵچنراون. پاشان دەبێ "مەقوولەی کاکڵ " هەڵبژێرین. ئەم مەقوولەیە خاوەنی هێزی شیکردنەوەیە. شتراوس پێڕستێکی پێودانگەکانی هەڵبژاردنی مەقوولەی کاکڵ، بەم چەشنەی خوارەوە دەستنیشان دەکات:

- "سەنتەریی بێت، بەم واتایەی کە بتوانرێت مەقوولە سەرەکییەکانی دیکەی پێوە ببەسترێنەوە.

---

[1] Core Category

- له داتاکاندا بەردەوام دووبارە بووبێتەوە.
- ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە بە پەیوەســـتکردنی مەقوولەکـان دێتە ئاراوە، لۆجیکی و یەکدەست بێت.
- ئەو دەستەواژانەی کە بۆ وەسفکردنی چەمکی کاکڵ یان ناوەکی بەکار دێن، دەبێ بە ئەندازەی پێوســـت ئەبســـترەکت بێت، تاوەکوو ببێتە هۆی پەروەردەکردنی مەقوولەیەکی گشتگیرتر.
- بە پاڵێورانی بە شـــێوەیەکی شـــیکاری لە ڕێگەی یەکپارچەکردنی لەگەڵ چەمکەکانی تر، قووڵایی و هێزی ڕوونکردنەوە (تبیین)ی زیاتر دەبێت.
- چەمک بتوانێت فرەچەشـــنی و هەروەها خاڵی ســـەرەکیی نێو داتاکان ڕوون بکاتەوە" (همان، ١٦٨).

کورتەی قســـان ئەوەی کە دەکرێ ئەوەش ئـاماژە پێ بکرێت کە "تیۆری زەمینەیی یـان گرانـددتیۆری، میتۆدۆلۆجییەکی تـایبەتە کە لەلایەن گلاســـەر و شـــتراوســـەوە بە ئامانجی تیۆریزەکردنی داتاکان لەســـەر بناغەی بنەما ڕاڤەیی-کۆنســـترەکشـنییەکان داهێنرا و فراوان کرا. یان بە واتایەکی تر: دۆزینەوە و دەرهێنانی تیۆر لەو داتایانەی کە بە شـــێوەیەکی ڕێکوپێـک لە پرۆســـەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیـدا بەدەســـت هاتوون" (محمدپور، ١٣٩٢: ٣١٤). لەم قۆناغەدایە کە تیۆر ڕەنگرێژی دەکرێت و مەقوولەکان لە قاڵبی مۆدێلێکی زەمینەییدا بە شێوەیەکی لۆجیکی هەڵدەچنرێن و ڕێک دەکرێن.

## مەیدانی توێژینەوە

ئـامـاژەدان بە مێژووی هەڵەبجە لە هەموو ڕوانگە سـیـاسـی، کۆمەڵایەتی، ئـابووری، کولتووری و لایەنەکـانی ترەوە لە توانـای ئەو کتێبە بەدەرە و لە توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی پشتئەستوور بە تیۆر و میتۆدی گراونددتیۆریدا مەیدانی توێژینەوە تەنیا بۆ تێگەشـتن و ناسـاندنی کۆنتێکسـتەکەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر سـەرنج لەسەر ئەو ڕەهەندانە لە مێژووی شاری هەڵەبجە چڕ دەکەینەوە، کە نزیکمـان دەکـاتەوە لە دروسـتبوونی وێنەیەک کە یـارمەتیـدەرە بۆ تێگەشتن لەو هۆکارانەی کە دواجار بوونە هۆی خوڵقاندنی کارەسات و جینۆسایدی هەڵەبجە و بۆچییەتی و شوێنگە و ڕۆڵی ئەم شارە یان ئەو مەترسـییـانەی کە ڕژێمی عێراق لە هەڵەبجەدا هەسـتی پێ کردبوون. بۆیە جەختکردنەوە لەسـەر لایەنی مێژووی هـاوچەرخی سـیـاسـی و جیوپۆلەتیکی ئەو نـاوچەیە و ڕۆڵی هێزە کوردی و نـاوچەیـیەکـان بەکـورتـی ئـامـاژەی پـێ دراوە و هەمـوو ڕووداوە مێژووییەکان یەك لەدوای یەك نەتوانراوە ئاماژەی پێ بدرێت و بۆ ئەو ڕێبـازەی لێکۆڵینەوە ئەگەر درێژدادڕیش نەبێـت، هەر ئەوەنـدە دەخوازێت.

## کورتەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد و شوێنگەی هەڵەبجە

سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی سیاسی و چەکداری بۆ گەشتن بە مافی ڕەوای سیاسی، خۆبەڕێوەبەری، پێش هەموو شتێک

دیاردە و دەرهاویشـتەگەلی مێژووی هاوچەرخ و بەگشـتی مۆدێرنیتە بن. ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر بڵێین کە ڕەگوڕیشـەی هەموو ململانێ و خەباتەکانی خەڵکی کوردسـتان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە پێناو گەشـتن بووبێت بە مافی خۆیان وەک میللەتێکی خاوەن کەرامەت و هەسـتکردنیان بە بێبەشـکردن و سـەرکوتکردن لەلایەن دەوڵەتە یەکلەدواییەکانەوە لەسـەر ئاستی کوردسـتان. وەک دیارە کە یەکێک لە سـیما و دەرهاویشـتەکانی مۆدێرنیتە، دروسـتبوونی دەوڵەت-نەتەوەکان بوو. هەروەها ئاشـکرایە کە نەتەوەی کورد، گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتە. عەیامێکە خەونی بەدەسـتهێنانی وڵاتێکی سـەربەخۆ، ڕۆح و هۆش و دڵی بردوون. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە کوردستانی باشوور، دەکرێ بڵێین بە دروسـتبوونی دەوڵەتی عێراق و دوابەدوای ڕووخـانی دەوڵەتی عوسـمانی سـەری هەڵدا. "پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، هێزە براوەکان، واتە بەریتانیا و فەرەنسـا، بە پلانەکانی خۆیان چەندین دەوڵەتی نوێیان دروست کرد و میللەتانی بێدەوڵەتیان لەنێو سنوورە نێودەوڵەتییە نوێیەکاندا دابەش کرد، لەم نێوانەشـدا کوردەکان بوونە گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت و نیشـتەجێی وڵاتانی تورکیا، ئێران، سـوریا و عێراق" (هیلترمەن، ٢٠٠٨: ١١٥). کوردەکانیش هەر لەو کـاتەشـەوە دەسـتیـان دایە خەبـات بۆ بەدەسـهێنـانی مـافی لێزەوتکراویان.

هەرچەندە مێژوویەکی زۆر ورد و پشـتئەسـتوور بە بەڵگەنامە و میتۆدی زانسـتیمان نییە، کە توانیبێتی مێژووی بزووتنەوە و

جووڵانەوەکانمان بۆ یەکلایی بکاتەوە. عەلادین سەججادی لە کتێبی "شۆڕشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق"دا ئاماژەی بە مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان کردووە و لە ڕووی مێژووییەوە ئەوە حەمە پاشای میری ڕواندز کە بە پاشای کۆرە ناسراوە کە لە تەمەنی سی و یەك ساڵیدا و لە "ساڵی ١٨١٤دا دەبێتە میری وڵات و جڵەوی ئیشوکاری وڵاتی ڕواندز و سۆرانی گرتە دەست" (سەججادی، ٢٠١٦: ٥٩). ئەو پیاوە بەجەرگە پاش دروستکردنی چەك و جبەخانەی بەهێز و گەورە و قاییمکردنی خۆی و ئەمارەتەکەی لە ڕووی سەربازییەوە کە لە لەشکرێکی ٥٠ هەزار کەسی پێك دەهات، "پەلاماری موسڵ و بادینانی دا و پاش جەنگێکی کەم، وڵاتی ئاکرێ و ئامێدی و ماردین و جەزیرەی ئبن عومەریشی داگیر کرد و سنووری خۆی گەیاندی سەر سنووری سووریە... لێرەدا و لە ١٨٢٠دا بانگی ئازادی و سەربەخۆیی حکومەتی کوردستانی بەرز کردەوە" (هەمان: ٦٠).

هەندێك سەرچاوەی دیکەش ئاماژە بەوە دەدەن کە یەکەم هەستانەوەی کوردی لە کوردستانی باشوور لە سەرەتای دەیەی (١٩١٩)ەوە، بە ڕابەرایەتیی شێخ مەحموودی بەرزنجی سەری هەڵدا. ئەم شۆڕشە بە دەستگیرکردنی بەرپرسێکی ئینگلیزی لەدایک بوو، بەخێرایی بەرەو موسڵ و هەولێر لە بزاوتدا بوو. پاش ئەو ڕووداوە، شێخ بۆ هندستان دوور خرایەوە. بەڵام بەریتانیا ناچار بوو لە ساڵی ١٩٢٢دا بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کوردان بیگەڕێننەوە، چونکە تورکەکان خوازیاری ناوچەی موسڵ بوون. دوای ڕووخانی

ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، بەریتانیا پلانێکی بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی
کوردستان دارشت. ئەفسەرانی بەریتانیایی؛ ئی-بی سلون ئی-بی ١
سی نۆیل ، بەو ئەزموونە بەرفراوانەی کە سەبارەت بە کاروباری
کوردستان هەیانبوو، پەیوەندییان کرد بە ڕابەرانی کوردەوە. ئەوان
ڕاسپێردران تاوەکوو ئەنجوومەنی هۆزە کوردییەکان بە پشتیوانیی
بەریتانیا دابمەزرێنن. سێر پێرسی کۆکس پلانێکی بۆ نووسینگەی ٣
دەرەوەی بەریتانیا پێشنیاز کرد.

ئەو بە پێشنیازکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان، هەنگاوێکی زیاتری نا... بەڵام هەر زوو کێشە و ناکۆکیی نێوان سەرکردە کوردییەکان سەری هەڵدا... سێر مارک سایکس لە بەریتانیا و جۆرج بیکۆ لە فەرەنسا لە نۆڤەمبەری ١٩١٥ دانوستاندنێکی نهێنییان دەست پێ کرد" (فلیپس، ١٣٩٥: ٣٢-٣٣). دوای ساڵێک ڕێککەوتنەکە کۆتایی پێ دەهات. "بەپێی ڕێککەوتنەکە، ناوچەکان لەنێوان هەژموونی هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا و بەریتانیادا دابەش کران. ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە دران بە بەریتانیا و موسڵیش بۆ فەرەنسا. بەریتانیا و فەرەنسا کوردەکان وەک ڕەعیەتگەلێک بۆ سەرمایەگوزاریی زلهێزەکان تەماشا دەکرد" (هەمان، ٣٣). دوای هەموو ئەو مشتومڕانەی کە لەسەر ئایدیا پێشکەوتنخوازییە چواردە مادەییەکەی ڤۆدرۆ ویلسۆن کە لەژێر ناوی

[1] E B SLOAN

[2] E W NOEL

[3] Sir percy cox

چوارده ماددەی پشـــتئەســـتوور بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و بـازرگـانی ئـازاد لە کۆتـا ســـاڵەکـانی جەنگی جیهـانیی یەکەمدا لە (ڕەزبەڕی ١٩١٨)دا بڵاو کرانەوە کە کورد دەیتوانی ســـوودێکی زۆر لەو دەرفەتە وەربگرێت، ئامادەسازی بۆ سازکردنی کۆنفرانسی پاریس کرا کە ڕابەرانی جیهانی لە پێناو دامەزراندنی بناغەکانی ئاشـتی و دووبارە کێشـانەوەی نەخشـەی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت، هەنگاویان بۆ دەنا. بۆ کۆنفرانسەکە "میللەتانی خوازیاری دەوڵەت بۆ خستەڕووی دۆزی خۆیان بۆ کۆنفرانســـی ئاشـــتیی پاریس بانگهێشـــت کران... کوردەکانیش نوێنەریان هەبوو، بەڵام لەســـەر دیاریکردنی ســـنووری ســـنوورە ســـیاســـی و بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکان ناڕازی بوون. کوردەکان هەروەها بۆ دیاریکردنی درووشـمە نەتەوایەتییەکانیشـیان [وەک هەمیشـــە و تـا هەنووکە]، دووچـاری دووبەرەکی و لێکترازان بوونەوە. هەندێکیان خوازیاری بەدەســـهێنانی ســـەربەخۆیی بوون، هەندێکی تر خوازیاری بەدەســـتهێنانی شـــوێنگەیەک لە تورکیادا کە وەک دەوڵەتی بەجێماو لە ئیمپڕاتوریەتی عوســـمانی ســـەیر دەکرا... هەندێکیش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو جیاکارییە، جەختیان لەســـەر پشـتیوانی و پاراسـتنی لەلایەن زلهێزانەوە دەکردەوە. بەڵام بەگشـتی لە گرتنەبەری هەڵوێســـتێکی ڕووندا بۆ ئایندە، شـــکســـتیان خوارد و توانای ڕێکخســتنی نوێنەرایەتییەکی ســەرکردایەتییان لە کۆنفرانســی پاریسدا نەبوو. سەرکردە کوردەکان لەجیاتیی گرتنەبەری هەڵوێستێک لە پانتاییەکی نەتەوەییدا، بەرژەوەندییە ناوچەییەکانی خۆیان خســتە پێش" (هەمان، ٣٩).

ئەوە "شـــەریف پاشـــا" بوو کە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقیی کوردستان، لەم کۆنفرانسەدا بەشداریی کرد. ئەو تا سـەر ئێسقان لەگەڵ کوردستانێکی ئۆتۆنۆمدا بوو. باڵی "بەدرخان بەیک" داوای سـەربەخۆیی دەکرد. ئەو مشتومڕانە، ناکۆکیی نێوانیانی توختر کردەوە و بووە هۆی ئەوەی نوێنەرایەتییـان لە کۆنفرانسەکەدا لەدەســت بدەن. ئەم هەوڵانە و کۆمەڵێک ڕووداوی دیکە وایان کرد کە "مستەفا ئەتاتورک؛ یەکەم سـەرۆککۆماری لە سێپتەمبەری ١٩١٩دا ڕابگەیەنێت و بنەما ناسـیۆنالیسـتییەکانی جودابیخوازانی کوردی بکاتە ئامانج" (هەمان، ٤١) و بەو ئاڕاستەیەش دەستی بە گرتن و سێدارەدانی کوردەکان کرد.

پاش سـیڤەر و لۆزان، بەریتانیای کەبیر لە "ئەپرلی١٩٢٠"دا و لە سـەروبەندی کۆنفرانســی ســان ریمۆدا، بەڕێوەبردنی عێراقی پێ سـپێردرا. شـێخ مەحموودی لە سـاڵی (١٩٢٠)دا کردە سـەرۆکی حکومەتی کوردسـتانی باشـوور، بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی بەریتانیاوە، شـێخ مەحموود ناوچەیەکی ژێر دەسـەڵاتی ڕاگەیاند و دواتر بە قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکان و ڕوودانی چەند ڕووداوێک لە شـەڕی نێوان سـلێمانی-کەرکووکدا بریندار کرا. بەریتانیا دووری خسـتەوە بۆ هیندسـتان. دواتر بۆ ڕێگریکردنی لە هەژموونی تورکیا، شـێخی هێنایەوە. "بە هۆی شـک و گومانی کۆکسـەوە بەرامبەر بە دامەزراندنی کوردستانی سـەربەخۆ، شـێخیش دەسـتی بە یارییەکی دوولایەنە کرد، لە لایەکەوە پەیوەندیی لەگەڵ تورکەکاندا بەرقەرار کردبوو، لە لایەکیشـەوە و بە ڕواڵەت بە ئاڕاسـتەی خواسـتەکانی

بەریتانیا هەنگاوی دەنا. ئەو یەک لایەن و لە هەنگاوێکدا خۆی بە پاشای کوردستان ناساند" (همان،٦٠). شێخ مەحموود دەستی دایە خەباتی پارتیزانی و هێزی ئاسمانیی بەریتانی لە ١٦ی ئۆگەستی ١٩٢٣دا هێرشی هێنایە سەر و دواجار لە مانگی مەیی ساڵی ١٩٣٢دا بۆ بیابانەکانی باشوور دوور خرایەوە.

لە لایەکی ترەوە و دوابەدوای سەربەخۆیی ئێراق و چەندین ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و ڕوودانی چەند کودەتایەک، بەریتانیا ناچار بوو سەقامگیری بۆ وڵات بگەڕێنێتەوە لە کوردستانی باشوور و "لە ساڵی ١٩٢٧ بوو کە عەشیرەتی بارزانییش پەیوەندییان بە بەرەی پشتیوانی لە مافی نەتەوەیی کوردەوە کردبوو" (Kelly, 2008: 18). لە ساڵەکانی (١٩٣٢)ەوە مەلا موستەفای بارزانی هاتبوویە مەیدانی خەبات و لە ساڵی ١٩٤٥ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ڕاگەیەنرا. دواتر خۆی گەیاندە ڕووسیا و بە کودەتای عەبدولکەریم قاسم هەلی قۆستەوە و گەڕایەوە بۆ کوردستان. حزبە نوێیەکە لە ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٦ یەکەمین کۆنگرەی خۆی لە بەغدا بەست. پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لە سەرەتاکانی (١٩٤٧)ەوە، برایم ئەحمەد پەیوەندیی بەو حزبەوە کرد و چەپگەراکانی نەیاری ئەم ناسیۆنالیزمە کە تا ئەوکات بناغەیەکیان داکوتابوو، لەدەوری خۆی کۆ کردەوە" (مک داول، ١٣٨٦: ٤٥٢-٤٦٢).

دوای کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولسەلام عارف کە بە فیتی سی ئای ئەی و ئاژانسی زانیاریی بەریتانیا ئەنجام درا، شا

فەیسـەڵ لەسـێدارە درا. قاسـم مەیلەو یەکێتیی سـۆڤیێت و ئەمەش مایەی نیگەرانیی ئەمەریکا بوو. سـەدام حسـێن هەوڵی کودەتای دا بەسـەریدا، بەڵام نەیتوانی. مەلا مسـتەفا و پێشـمەرگەکانی بە مەبەسـتی پووچەڵکردنەوەی یاخیبوونەکانی پانعەرەبی گەڕایەوە ئێراق. قاسـم کوردەکانی وەک یەکێک لە دوو نەتەوەی دامەزرێنەری ئێراق ڕاگەیاند. لە ساڵی ١٩٦١ هێزەکانی بارزانی کە نزیکەی ١٥ هەزار پێشمەرگە دەبوون، دژی هێزەکانی ئێراق؛ شەڕی پارتیزانیان دەست پێ کرد و بەمەش "کۆنترۆڵی هەزار مایلی چوارگۆشـەی کوردسـتانیان بەدەسـتەوە گرت" (همان، ٦٦). قاسـم فەرمانی بەعەرەبکردنی کەرکووکی دەرکرد، کوردەکانی دەرکرد و عەرەبەکانی نیشـتەجێ کرد. دوو سـاڵ دواتر بەعسـییەکان کودەتایان کرد و دەسـتیان کرد بە کوشـتاری کوردەکان و کۆمۆنیسـتەکان، بەڵام هەمان سـاڵ بوو کە قاسـم دیسـانەوە جڵەوی دەسـەڵاتی گرتەوە دەسـت. لە ١٩٦٦دا کاتێک کە عەبدولسـەلام عارف کوژرا، براکەی؛ عەبدولڕەحمان عارف هاتە سەر دەسەڵات و دەستبەجێ دەستی بە کوشتاری بارزانییەکان کرد. ئەم دۆخە تا ١٩٧١ بەردەوامیی هەبوو، واتە تا ڕێککەوتنی نێوان ئێراق و بارزانی، کە ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردەکان مسـۆگەر دەکرد، بەڵام ئەحمەد حەسـەن بەکر لە ١٧ی ڕەزبەری ١٩٦٨دا کودەتایەکی کرد، هەر چەندە لە بنەمادا ئەوە سـەدام حسـێن بوو کە ڕۆڵی سـەرەکیی دەگێڕا.

لە "١٩٧٤دا حکومەتی ئێراق دەسـتی بە زنجیرەیەک هێرش دژ بە بزووتنەوەی کورد کرد و هێزەکانی پێشـمەرگەی تا سـنوورەکانی ئێران

ڕاو نا. ئێراق لەگەڵ ئێران بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە کوردستانی باشوور کەوتە گفتوگۆ. ڕێککەوتنی جەزایر بەبیرهێنەرەوەی ڕێککەوتنە لەگەڵ تاران کە پشتی لە بزووتنەوەی کوردی کرد و لەولاشەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش پشتی بەر دان" (Kelly, 2008: 18). خەبات کۆتایی هات و بارزانی لە دوا پەیامی خۆیدا ڕایگەیاند: "ڕۆلی من کۆتایی هاتووە...، بەڵام کۆتاییهێنان بە بەردەوامیی ژیانی نەتەوەی کورد؛ مەحاڵە... و سەرکردەکانی دیکە لەناو هەناوی نەتەوەی کوردەوە هەڵدەستنەوە" (کوچرا، ١٣٧٧: ٤١٣).

لەو کاتە بەدواوە بوو کە ڕژێمی بەعس بە سەرۆکایەتیی سەدام حسێن دەستی بە قۆناغێکی نوێ لە دژایەتی، دەمارگیری، قڕکردن و بەعەرەبکردنی نەتەوەی کورد کرد. لە بەعەرەبکردنەوە دەستی پێ کرد و ئەنجا ڕاگواستنی خستە جێبەجێکردنەوە و گوندە جوانەکانی کوردستانی کاول کرد. ئەم هەنگاوانە، هەستانەوەی جارێکی تری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لێ کەوتەوە. هەر ئەو ساڵە، واتە ساڵی (١٩٧٥)، مام جەلال تاڵەبانی و هاوڕێکانی لە بەیاننامەیەکدا کە لە دیمەشق بڵاویان کردەوە، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانیان ڕاگەیاند. ئەم حزبە پێک دەهات لە دوو گرووپی: کۆمەڵە کە گرووپێکی مارکسیست-لینینیست بوو، بە ڕابەرایەتیی نەوشیروان موستەفا و بزووتنەوەی سۆسیالیتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی عەلی عەسکەری" (هەمان، ٥٣٥). مام جەلال و مەلا موستەفا سەر بە دوو تەریقەتی ئایینیی جیاوازن.

ڕەزا شای پەهلەوی پشتیوانیی لە بارزانی دەکرد. هەر چەندە شای ئێران کوردەکان وەک داش بۆ مەبەستی خۆی بەکار دەهێنا. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش پشتیوانیی مادییان دەکرد، هەڵبەت لەبەر نیگەرانییان لە هەژموونی یەکێتیی سۆڤێت. نزیکەی سەد هەزار پێشمەرگە ئامادەی پاراستنی کوردستان بوون.

دوابەدوای نزیکبوونەوەی ئێران و ئێراق لە ڕێککەوتن و مۆرکردنی ڕێکەوتی ٥ی سێی ١٩٧٥دا، کە پشتکردنی ئێرانی لە کوردەکان لێ کەوتەوە، کۆتایی بە شۆڕش هێنا و سەرکەوتنی بۆ ڕژێم لێ کەوتەوە. سەدامی لەخۆڕازی پاش ئەوەی کە حەسەن بەکری ناچار بە دەستلەکارکێشانەوە کرد، خۆی کردە سەرۆکی حزب و سەرۆکی کۆمار و کۆماری ترسی بونیاد نا، هەستی کردبوو کە لە ڕێککەوتنی جەزایردا خەڵەتاوە و بە دەستپێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران، دەرفەتی بە غەنیمەت زانی و کەوتە قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە و بەو شێوەیە بوو کە لە ساڵی (١٩٨٠)ەوە هەوڵی چوونەناو خاکی ئێرانی دا و جەنگ دەستی پێ کرد" (هەمان، ٤٥). ئەو جەنگەی کە جگە لەماڵکاولیی هەردوو وڵات، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیشی هەبوو لەسەر ڕووداني کارەساتی جینۆسایدی هەڵەبجە. سەدام پرۆسەی ئەنفالی لە دوو ساڵی کۆتایی جەنگی ئێران و ئێراقدا دەست پێ کرد. بەرپرسیارێتیی کۆمەڵکوژیی خەڵکی کوردستانیشی -کە ناسراو بوو بە ئەنفال- بە عەلی حەسەن مەجید سپارد. بە هۆی شکستی گفتوگۆکانی نێوان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و ڕژێمەوە، قووڵایی شاخەکانی پارێزگای سلێمانی کە ناوەندەکەی لە سەرگەڵوو-بەرگەڵوو بوو، خرایە

بازنەی هێڵی سـوورەوە و کەوتە بەر بۆردوومان و هێرشـی چڕوپڕی هێزەکانی ئێراق. "ئەنجومەنی ئاسـایش لە ٢٠ی ڕەزبەری ١٩٨٧، بڕیاری (٥٩٨)ی دەرکرد و خوازیاری کۆتایی شەڕ بوو. ئێران داواکاریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پشـتگوێ خسـت و هێرشـی کردە سـەر باکووری ئێراق لە بەهاری ١٩٨٨دا. سـەدامیش لەبەر پشـتیوانیی کوردەکان لە هێرشی ئێران، وەک ستوونی پێنجەم ڕاگەیاند" (هەمان، ٧٥). هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بە هاوکاریی کۆمەڵێک جاش، دەستی بە پڕۆسـەی ئەنفال  و کیمیابارانی هەڵەبجە کرد. لە کتێبی پەلامارە سـەربازییەکانی ئەنفال لە هەشـت قۆناغدا، قۆناغەکان بەم هەشـت قۆنـاغەی خوارەوە دیـاری کراون: ١. دۆڵی جـافـایەتی، ٢. نـاوچەی قەرەداخ، ٣. گەرمیان، ٤. ناوچەکانی شـوان، و قەڵاسـێوکە، ٥، ٦ ،٧. خۆشناوەتی، بالیسان و مەلەکان و ٨. دەڤەری بادینان .

دوای ئەوەی هێزەکانی ئێراق سـاڵی ١٩٧٨ و لە ڕۆژی ٨ی گەلاوێژدا ناوچەی سـەرگەڵوو و بەرگەڵووی کە مەقەڕی هێزەکانی پێشـمەرگە

---

[١] سەدام سەرەڕای کیمیابارانی هەڵەبجە و ڕەنگدانەوەی ئەم کارەساتە لەناو میدیای جیهانییشدا، لەسەر پڕۆسەی ئەنفالی کوردان بەردەوام بوو. "بەگوێرەی هەندێک لەو توێژینەوانەی کە ئەنجام دراون، پڕۆسەی ئەنفال لە پێنج قۆناغدا ئەنجام دراوە :
• بۆردوومانی سەرگەڵوو و بەرگەڵوو، ٢٣ی شوبات، تا ١٩ی ئازاری ١٩٨٨.
• قەرەداغ، ٢٢ی ئازار تا ١ی نیسانی ١٩٨٨.
• ناوچەکانی گەرمیان، ٧-٢٠ نیسانی ١٩٨٨.
• دۆڵی دزەی بچووک، ٣-٨ی مارچی ١٩٨٨، عەسکەر، گۆپتەپە، شوان، قەڵاسێوکە، دەشتی کۆیە، ٣-٨ی مارچ.
• شەقڵاوە، ڕواندز، ١٥ی مارچ تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ و
• بادینان، ٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨" (Kelly, 2008: 24-31) و (مزویری، ٢٠١٣: ٥٣).

[٢] - بڕوانە کتێبی پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، عومەر محەمەد، چاپی یەکەم، سلێمانی،

بوو، بە گازی کیمیایی بۆردوومان کرد. مەکتەبی سیاسیی حزبیش وای بە باش زانی کە بەشێک لە بەرەکانی خۆی بۆ ناوچەی هەڵەبجە بگوازێتەوە، تاوەکوو سەرنجی هێزەکانی سەر بە حکومەت بۆ بەرەیەکی دیکە ڕابکێشێت و هێرشەکانی بۆ سەر مەقەڕی سەرەکییان کەم بکاتەوە. لە بەرامبەردا و هەم لە تۆڵەی ئەم هەنگاوەدا و هەم لەبەر پشتیوانییان لە پێشمەرگە و بە بیانووی ئەوەی کە خەڵکی هەڵەبجە لەگەڵ ئێراندا دەستیان تێکەڵ کردووە، هێزەکانی ئێراقی بە هەوایی و دەبابەکانیانەوە، نزیکەی یەک لەسەر سێی شارەکەیان بە بلدۆزەر تەخت کرد. لەم ئانوساتەشدا بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی ئێراق، حزبی کۆمۆنیست و حزبی سۆسیالستییش لە هەڵەبجەدا چالاک بوون.

لە کۆتایی مانگی دووی هەمان ساڵدا، مام جەلال تاڵەبانی، بەفەرمی ڕژێمی بە کۆمەڵکوژی تۆمەتبار کرد: تا ئەوکات یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار کەسی ڕاگواستبوو، ١٢ شار و شارۆچکە و ٣٠٠٠ گوندی خاپوور کردبوو. لە ١٥ی چواری هەمان ساڵدا، هێزەکانی یەکێتیی نیشتیمانی و ئێران، شاری هەڵەبجەیان داگیر کرد" (هەمان، ٥٥٨). دەتوانین بڵێین هەموو سەرچاوە فارسییەکان، هاوکاریی هێزەکانی پێشمەرگە و هاتنەناوەوەی هێزە ئێرانییەکانیان بۆ ناو خاکی کوردستانی ئێراق لە ڕێگەی سنوورەکانی هەورامان و هەڵەبجەوە پشتڕاست کردۆتەوە. "چوار قەرارگای سەربازیی خاتم الأنبیا، قدس، ثامن الأئمە و فتح، هاوڕێ لەگەڵ ١٢ لەشکر، هەشت تیپ و سوپای چواری بعسەتی کرماشان، توانای سەربازیی هێزەکانی ئێران بوو کە

پێشمەرگەکانی هەردوو حزبی یەکێتیی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێراقیش پەیوەندییان پێوە کردن... ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە، ڕۆژهەڵاتی پارێزگای سلێمانی و ئامانجەکەشی داگیرکردنی شارەکانی هەڵەبجە، تەوێڵە، بیارە، دوجێلە و خورماڵ بوو" (پشنگ، ١٣٩٤: ٢٤٥). توانییشیان لە ماوەی سێ ڕۆژدا، هەموو ئەو ناوچەیە لەدەست ڕژێمی ئێراق دەربهێنن.




نەخشەی ئۆپەراسیۆنی والفجری١٠ [1]

چەندین گرتەی ڤیدیۆیی و لێدوانی بەرپرسیانی ئێرانی بەتایبەت بە بەرپرسانی سەربازی بڵاو کراونەتەوە، کە نایشارنەوە کە لەو ڕۆژانەدا خۆیان بۆ هێرشێک لە ناوچەکانی هەڵەبجە ئامادە دەکەن. هەندێک

[1] http://gmab.ir/fa/operation/view/24-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B110
والفجر١٠، گوهرهای ماندگا، آخرین بازدید ٢٠٢٤/١١/١١

سـەرچـاوەش بـاس لە بۆردوومـانی هێزە ئێرانییەکـان بە ئـامـانجی کـۆنـتـرۆڵـکـردنـی شـــاری هەڵەبجە دەکەن. "هەڵەبجە لە ڕووی بەرزاییەکـانی شـــارەوە، بۆ مـاوەی نزیکەی حەوت ڕۆژ، لە ڕۆژی سـێشـەممە، ١٣ی مارچەوە کەوتە بەر هێرش و پێشـڕەویی چڕوپڕی هێزەکانی ئێران ." هێزەکانی ڕژێمیش[1] هەر سـێ ڕۆژ پێش شـانزەی سێ، بە ڕابەرایەتیی عەلی حەسەن مەجید هێرشەکانی خۆی دەست پێ کردبوو. لەو هێرشانەدا چەندین کەس بوونەتە قوربانی.

سـەرچاوە ئێرانییەکان ، یەکێك لە هۆکارەکانی بۆرد[2]وومانی شـاری هەڵەبجە بە گازی کیمیایی، بۆ پێشوازیی گەرمی خەڵکی هەڵەبجە لە سەربازانی ئێرانی دەگێڕنەوە، "پێشوازیی گەرمی ناوچە ئازادکراوەکان، بەتـایبەت خەڵکی هەڵەبجە، لە هێزەکـانی ئێران دەسـەڵاتـدارانی ئێراقی وەهـا تووڕە کرد کە بە پێچەوانەی بڕگەکـانی کۆنڤـانسـیۆنی ١٩٨٤ی سـانفرانسـیسـکۆ بۆ ڕێگریکردن لە جینۆسـاید، بڕیاری تۆڵە و کۆمەڵکوژیی خەڵکی هەڵەبجەیـان دەرکرد" (بهرامی، ١٣٩١: ٣١٢). بەیانیی ڕۆژی شـانزە و تەنانەت پانزەی سـێ، زۆرێک لە دانیشـتووانی هەڵەبجە کە پێشـتر بیسـتبوویان لە پێشـمەرگەوە کە سـبەی بڕیارە شـار ئازاد بکرێت، ناچار بووبوون لە ماڵەکانی خۆیاندا و بەتایبەت لە ژێرزەمینەکـانەوە، کە لە زۆر کۆڵانـدا و لەژێر خـانووەکـانـدا لێدرابوون، خۆیان حەشـار بدەن. مانۆڕ و بۆردوومانی هێزەکانی ڕژێم دەسـتی پێ

[1] Human Rights Watch/Middle Easr Wach,1993:172

[2] http://defamoghaddas.ir/fa/fight/%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-10

کرد. لە بەیانیی ئەو ڕۆژەوە تا نزیکەی کاتژمێر ٢ی نیوەڕۆ، بەردەوام بوو. هەوای شـــار ژەهراوی بوو. زۆربەی زۆری ئەوانەی لە مـاڵەوە دەرچوون یـان بەنیـازی هەڵاتن بوون، یـان بەر کیمیـایی کەوتن و بریندار بوون یان گیانیان لەدەســت دا. شـــایەتحاڵەکان دەڵێن کیمیـاییەکە بۆنی ســێو و مۆزی لێ دەهـات. چەنـدین فڕۆکەی شەڕکەری هەڵگری بۆمب و چەکی پێشکەوتوو، کۆپتەر و دەیان تۆپ لەو سێ ڕۆژەدا، ناوەندی شار و دەوروبەری شاریان دایە بەر ڕێژنەی هێرشەکانیان. سەرچاوە پزیشکییە ئاگادارەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو مادە کیمیایی و ژەهراوییانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعســەوە بۆ کوشـــتاری خەڵکی هەڵەبجە بەکـار هـاتوون، بریتین لە: "sarin Zainid, Mustardgas, CX,VX, kemikbinder, "Tabu (دیبەگەیی، ٢٠١١: ١٥٤).

ژمارەی هێرشـــەکان و زیانەکانی ئەو ســێ ڕۆژە بۆچوونی جیاوازیان لەســەرە و هەنـدێـك ســـەرچـاوە ئـامـاژە بەو دەکەن کە "فڕۆکە جەنگییەکـانی ئێراق، بیســـت جـار و لە ســێ ڕۆژی بەردەوامـدا هەڵەبجەیان بە بۆمبەکانی سیانید و هایدرۆجین دایە بەر بۆردوومانی کیمیـایی" (شـــیرعلی نیا، ١٣٩٣: ٤٣٢). بە هۆی بۆردوومـانەکەوە و ئەوەی بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی ٥٠٠٠ کەس گیانیان لەدەسـت داوە و هەزاران کەســـی دیکە بریـندار بوون. ئەوانەش کە ڕزگـاریـان بوو، ئاوارەی ســـنوورەکانی ئێران بوون. دەیـان کیلۆمەتریـان بە پێ و لە ڕێگەی چەم و دۆڵ و شـــاخ و دەشـــت و ڕووبارەکانەوە بڕی و خۆیان گەیاندە سنوورەکان و دواتر لە کەمپەکاندا جێگیر کران. ئەوەی جێی

هەڵوەستەلەسەکردنە و لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ نموونەکانی توێژینەوەکە جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوەیە کە بۆچی ئەگەر زۆرێک یان بەشێک لە خەڵکی هەڵەبجە چەند ڕۆژێک پێش کارەساتەکە هەواڵیان پێ گەشتووە کە ڕژێم بە ئەگەری زۆر چەکی کیمیایی بەکار دەهێنێت، بۆچی نەیانتوانیوە یان ڕێگەیان پێ نەدراوە کە شار چۆڵ بکەن؟ تەنانەت لە هەندێک لە نامەگۆڕینەوەی هەندێک کەسایەتی و بەرپرسانی سیاسیی حزبە کاریگەرەکانی ئەو کاتەوە، زۆر بەڕوونی باس لە مەترسییەکانی ئەو هەنگاوەی حزبە کوردییەکان و دەستلەملانکردنی هێزەکانی ئێران دەکرێت کە دواجار ڕەنگە بە قوربانیکردنی خەڵکی شارێک یان ناوچەیەک کۆتایی بێت.

مەلا عوسمان عەبدولعەزیز؛ ڕابەری ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی لە نامەیەکدا کە بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بەشداریکردنی هێزەکانیان لەم هێرشەدا ئاراستەی مەلا عەلی برای و هێزەکانی بزووتنەوە دەکات، کە عزەت شەفیق هەڵگری نامەکە بووە و تیایدا لە بەشێکی نامەدا نووسیویەتی: "سەبارەت بە بەشداریی ئێمە لە هجوم بۆ سەر هەڵەبجە، دوێنێ بۆتانم نووسیبوو لەم بارەیەوە، جارێکی تر دەینووسمەوە و ئەڵێم: ئەم کارە مەکەن و بەشداریی تیا مەکەن، من مەسئولیەتی بەشدارینەکردنەکە ئەگرمە ئەستۆ لای ئێرانییەکان و ئەوانیتر. بە هەموو برایان بڵێ بەشداریکردنەکە ئاساری خراپ و ئەنجامی نابەدڵی تیایە. ڕاستە سەیتەرەکردن بەسەر هەڵەبجەدا زۆر ئاسانە، بەڵام ئێوە دەزانن کە حزبی بەعسی کافر

چۆنە و چ ڕقێکی لە هەڵەبجەیە، شک و گومانی تیا نییە کە بە هەموو چەکێک لێی دەدا و وێرانی دەکات" (صدیق، ٢٠١٨: ٢٥٩-٢٦٠).

دەنگۆ و زانیاریی بەکارهێنانی کیمیایی شتێکی نوێ نەبوو، ساڵێك پێش کیمیابارانی هەڵەبجە، نەوشیروان مستەفا لە کۆبوونەوەیەکی حزبیدا ئەو زانیارییەی درکاندبوو. ئەوان زانیارییان دەست کەوتبوو کە سوپای عێراق بەنیازە جارێکی تر چەکی کیمیاوی دژی هێزی پێشمەرگە بەکار بهێنێت. لە مانگی شوباتی ١٩٨٨دا لە برووسکەیەکدا دەڵێت: "زانیاریمان پێ گەشتووە کە ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیاوی، ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆردوومان دەکات – مەبەست ناوچەکانی هەڵەبجە و هەورامان بوو- (گوڵپی، ٢٠١٨: ٣٦٨). ئیدی وردە وردە مەترسیی ئەم کارە، مقۆمقۆی نێو هەندێک لە هێزەکانی وەک پارتییشی لێ کەوتەوە، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. ئێرانییەکان بڕیاری کۆتاییان دابوو. "وەک سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی هێرشەکە، ئێرانییەکان بە سێ ڕۆژ بەر لە هێرشەکە و جیاواز لە هەموو تۆپبارانەکانی هەشت ساڵی ڕابردوو، زۆر بەخەستی کەوتبوونە بۆردوومانکردنی هەموو پێگە و بنکە سەربازییەکانی ڕژێمی عێراق... سەرەنجام و لەگەڵ نزیکبوونەوەی دوا ساتەکانی هێرشەکەی سەر هەڵەبجەدا، لەسەر داوای نەوشیروان مستەفا جفرەکانی پەیوەندیکردن پێچرانەوە بۆ ئەوەی هێزەکانی ڕژێم گوێیان لە پلانی هێرشی سەر هەڵەبجە نەبێت" (هەمان، ٢٦٢).

دواجار هێرشـــی هاوبەشـــی ئێران-پێشـــمەرگە، کە بە "والفجر: ١٠" ناســـراوە، دەســـتی پێ کرد. زۆرینەی زۆری خەڵکی هەڵەبجە، بێئاگا لەوەی کە چی دەگوزەرێت، ســوپای ئێرانیان ســێ ڕۆژ بەر لە (٣/١٦) دەبینی کە هـاتنە نێو شـــارەوە. بۆردوومـانی تۆپخـانەکـانیشـــیان بەبەردەوامی ناوچەکەیان دەدایە بەر تۆپ و هاوەن. هێزەکانی ڕژێم وردە وردە دەبوو بکشـــێنەوە. "هێزەکانی ئێران و ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە شنروێ و دەڵەمەڕ و باڵامبۆوە مانەوە، هێزەکانی 'ی. ن. ک'یش بەرەو ناوشـــار کشـــان. لە کاتژمێر ٤:٣٠ پاش نێوەڕۆی ڕۆژی ٣/١٥، شـــارەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا" (هەمان، ٢٧٠). ئێرانییەکان کەمتر هاتبوونە نێو شـــارەکە، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کە بە ماتۆڕ دەسووڕانەوە و هاواریان دەکرد: "الله اکبر، خمینی رهبر". شار بەتەواوەتی لە ڕژێم و جاشـــەکان پاک کرایەوە و لەلایەن هێزەکانی پێشـــمەرگە و ئێرانەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. هەڵبەت لە ماوی ئەو ســـێ ڕۆژەدا، زۆر ڕووداوی دیکە و کێشـــە و ململانێ ڕوویان دا کە لێرەدا دەرفەت نییە ئاماژە بە هەموویان بکەم.

"کـاتژمێر ١١:٤٥ی بەیـانیی ڕۆژی ٣/١٦، ئەو کـاتەی کە نوێنەرانی لایەنەکانی (یەکێتی، پارتی، بزووتنەوە و ئێران) لە بینای قایمقامیەتی شاردا سەرگەرمی کۆبوونەوە بوون بۆ دانانی پلان و بەرنامە بۆ داهاتوو، پۆلێک فڕۆکەی ڕژێم هاتنە سەر ئاسمانی هەڵەبجە و بەچڕی کەوتنە بۆردوومانی شـــارەکە" (هەمان، ٣٠٢-٣٠٣). هەندێك دەڵێن کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی پاش نیوەڕۆی ١٩٨٨/٣/١٦، هێرشـی کیمیایی بۆ سـەر شـــاری هەڵەبجە و خەڵکی هەڵەبجە دەســـتی پێ کرد. لە ئەنجامی

هێرشەکەدا، نزیکەی ٥٠٠٠ هەزار مرۆڤی کورد گیانیان لەدەست دا و هەزارانی دیکە بریندار بوون. ئەوانەش کە ڕزگاریان بوو، ئاوارەی ناوچەکانی دەوروبەر و سنووری ئێران بوون.

تاوانی ڕژێمی بەعس و ئێراق دژی خەڵکی هەڵەبجە، تەنیا بریتییە نییە لە کیمیابارانکردنی شارەکە، بەڵکوو پەلامارەکانی ئەنفال ئەوێشی گرتەوە. ئەوە لەبەر بێباکی و خەمساردیی دەسەڵاتە لە کوردستان کە دۆسیەیەکی وەك ئەنفالی هەڵەبجە ئاوا بە فەرامۆشکراوی و شاراوەیی ماوەتەوە. بەپێی بەدواداچوونەکانی گۆڤاری "ئەنفالستان"، ژمارە (١١-١٢)، ڕێکەوتی ٩ی ئابی ١٩٨٨، ڕۆژێك دوای وەستاندنی جەنگی ئێران ئێراق بوو کە ١١٥٢ کەس لە ئێرانەوە دەگەڕێنەوە و لیژنەیەکی ئەمنیی ئێراقی بە ناوی پێشوازیلێکردنیانەوە دەیانبەن بەرەو عەربەت و دواتر ڕەوانەی نوگرەسەلمانیان دەکەن. لە ئەیلوولی هەمان ساڵیش، ٢٢ خانەوادەی ئاوارە ئەو کاتەی کە دەگەڕێنەوە، دیسانەوە لیژنەیەکی سوپای فەیلەقی یەك و قەڵاچۆکردنی تیرۆر کە شێخ جەعفەر بەرزنجی سەرپەرشتیی دەکردن، سواری سەیارەی سەربازییان دەکەن و بەرەو نوگرەسەلمان و دواتر بەرەو تۆپزاوە دەیانگوازنەوە. قۆناغی سێیەم ئەو کەسانە بوون کە لە مانگەکانی ١٠ و ١١ی ساڵی ١٩٨٨ لە ڕێگەکانی تەوێڵە و سونێی لای قەڵادزێ و شوێنی ترەوە گەڕاونەتەوە و ئەوانەش هەتا ئێستا بێ سۆراغ ماونەتەوە .[١]

[١] بڕوانە ئەنفالستان، ژمارە (١١-١٢)، ل٦.

## بەشی چوارەم: شیکردنەوەی داتاکان

لە بەشـــی میتۆد و مەیـدانی توێژینەوەدا، ئـامـاژەمـان کرد بە ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاکان و هەنگاوەکانیمان ڕوون کردەوە. بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، لێرە لە شـێوەی دوو خشـــتەدا نموونەکان و تایبەتمەندییەکانیان دەخەینە ڕوو.

خشـــتەی (١)، ئەو نموونـانەی کە یـادەوەریی ڕاســـتەوخۆیـان بۆ کارەساتەکە هەیە.

تێبینی: ئەو نموونانە ســـاڵی ٢٠١٤ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و بێگومان لە کاتی ئێستادا تەمەنیشیان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە.

| وەڵامدەر | ڕەگەز | تەمەنی ئێستا | تەمەن لە ساڵی ١٩٨٨ | کار و خوێندن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نێر | ٣٦ | ١١ ساڵ | سەرەتایی، کاسب |
| ٢ | نێر | ٣٥ | ١٠ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ٣ | نێر | ٣٦ | ١١ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ٤ | نێر | ٣٥ | ١٠ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ٥ | نێر | ٣٦ | ١١ ساڵ | سەرەتایی، کاسب |
| ٦ | نێر | ٤٣ | ١٨ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ٧ | مێ | ٥٦ | ٣١ ساڵ | نەخوێندەوار، ماڵەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | مێ | ٥٥ | ٣٠ ساڵ | سەرەتایی، کارمەند |
| ٩ | مێ | ٥٥ | ٣٠ ساڵ | نەخوێندەوار، ماڵەوە |
| ١٠ | نێر | ٣٥ | ١٠ ساڵ | قوتابیی ماستەر |
| ١١ | نێر | ٦٥ | ٤٠ ساڵ | نەخوێندەوار، ماڵەوە |

خشـــتەی ژمارە (٢)، ئەو نموونانەی کە یادەوەریی ناڕاســـتەوخۆیان هەیە.

| وەڵامدەر | ڕەگەز | تەمەن لە ١٩٨٨ | تەمەنی ئێستا | کار و خوێندن |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | نێر | ٥ ساڵ | ٣٠ ساڵ | ماستەر، ڕۆژنامەنووس |
| ١٣ | نێر | ٣ ساڵ | ٢٨ ساڵ | زانکۆ، توێژەر |
| ١٤ | نێر | ٥ ساڵ | ٣٠ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ١٥ | مێ | ٤ ساڵ | ٢١ ساڵ | زانکۆ، ژنی ماڵەوە |
| ١٦ | نێر | ٤ ساڵ | ٢٩ ساڵ | ناوەندی، قوتابی |
| ١٧ | مێ | ٦ مانگ | ٢٥ ساڵ | ناوەندی، قوتابی |
| ١٨ | مێ | ٢ ســـاڵ پاشتر | ٢٣ ساڵ | دیپلۆم، پەرەستاری |
| ١٩ | نێر | ١ ساڵ | ٢٦ ساڵ | زانکۆ، توێژەر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | مێ | ٣ ساڵ پاشتر | ٢٢ ساڵ | دیپلۆم، کارمەند |
| ٢١ | مێ | ٥ ساڵ | ٣٠ ساڵ | زانکۆ، مامۆستا |
| ٢٢ | مێ | ٢ ساڵ | ٢٣ ساڵ | دیپلۆم، کارمەند |

## شیکردنەوەی داتاکان

پاش بەدەرکەوتنی ئەنجامە زەمینەییەکان، ئێستاکە کاتی ئەوەیە کە بە سوودوەرگرتن لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، لەسەر بنەمای قۆناغەکانی کۆددانان هەنگاو بنێین و یەکەم قۆناغ؛ کۆددانانی کراوەیە. لەم قۆناغەدا وەک پێشتریش ئاماژەمان پێ داوە، دەکرێ کۆددانانەکە دێڕ بە دێڕ، دەستەواژە بە دەستەواژە یان بە شێوەی لاپەڕەیی بێت. ئەگەر یەکەی کۆددانانەکە دێڕ بێت، ئەوا بۆ هەر دێڕ یان ڕستەیەک چەمکێک یان کۆدێک دادەنرێت. لەم توێژینەوەیەدا و لەسەر بنەمای وەڵامی چاوپێکەوتنکراوەکان و بە پشتبەستن بە پرسیارەکان، چەمکەکان/داتاکانمان لە چوارچێوەی وەڵامی پرسیارەکانماندا پۆلێن کرد. چەمکە دەرهێنراوەکان، نزیکەی ٢٥٠ چەمک بوون و لە قۆناغی دووەمی کۆددانی کراوەدا واتە کۆددانانی جێگیر یان لاوەکی، ئامانج بەراوردکردنی کۆدەکانە پێکەوە بۆ ناسینی کۆدە وێکچوو و بەناویەکداچووەکان. کۆدەکانمان پێکەوە بەراورد کرد و خاڵە هاوبەشەکانمان دۆزییەوە. لە چاوپێکەوتنەکانی ئەو توێژینەوەدا، زۆرینەی وتەکان و تێبینییەکان وێکچوونێکی زۆریان

پێکەوە هەیە. توێژەر کۆدی بۆ کۆدە هاوبەشـەکان داناوە و پاشـان چەمکە هاوبەشـەکانی لە یەک مەقوولەدا جێ کردۆتەوە. مەقوولە هاوبەشـەکان لەو ٢٢ چاوپێکەوتنەی کە ئەنجام دراون، بریتین لە "جینۆسـایدی خەڵکی هەڵەبجە وەک کۆیادەوەری"، "گواسـتنەوەی یادەوەری"، "شـوێنەکانی یادەوەری" و "دادپەروەری لە یادەوەری و فەرامۆشـیدا"، کە هەریەکە لەم مەقوولانە بە شـێوەیەکی ڕوونتر و وردتر لەم بەشەدا دەخەینە ڕوو.

## جینۆسایدی هەڵەبجە وەک کۆیادەوەری

بەپێی ئەو پێناسـانەی کە بۆ ئەو چەمکە کراون و گرنگترینیـان "پەیماننامەی جینۆسـاید"ە، هەر کردەوەیەک کە بەمەبەسـت و بۆ لەناوبردنی گشـت یان بەشـێک لە گرووپێکی میللی، نەتەوەیی، نەژادی یان ئایینی ئەنجام بدرێت، پێی دەوتری پاکتاو یان جینۆساید. لە وەڵامی هەموو نموونەکـانی توێژینەوەکەی ئێمەدا، چ ئەوانەی کە یادەوەریی ڕاسـتەوخۆیان بۆ کارەسـاتەکە هەبوو، چ ئەوانەش کە خاوەنی یادەوەریی ناڕاسـتەوخۆن و بۆیان گێڕدراوەتەوە یان لە ڕێگا جۆراوجۆرەکـانی دیکەوە کەوتوونەتە ژێر کـاریگەرییەوە، ئـامـاژە بە بوونی کـارەسـاتێکی مرۆیی، تـاوانێکی نـامرۆڤانە دەکەن. ئەوان لە گێڕانەوەکانیاندا باس لە چەمکگەلێکی وەک (زۆڵم و ستەم، قوربانیی ڕۆحی و دەروونی و جەسـتەیی، سـەدان تەرمی هەڵئاوسـاوی سـەر زەوی، پارچەپارچەبوون، ڕەشداگەڕان، شەهید، گریان وناڵە، هەزاران

شـەهید، هەزاران بریندار، بێسـەروشـوێن، وێنە و دیمەنی تۆقێنەر، نابینابوون، واوەیلا، هەمووویان کیمیایی کرابوون، دایک منداڵی جێ دەهێشـت و کوڕ باوکی، ١٥ سـەعات بە پێ ڕۆشـتن بە سـکی برسـی) دەکەن.

بۆ نموونە یەکێـک لە نموونەکـانی چـاوپێکەوتنەکە، بەم شـێوەیە یادەوەرییەکەی خۆی دەگێڕێتەوە:

*"نزیکەی کـاتژمێر١١:٣٠ی خولەکی بەیـانی بوو، کە خەڵکێکی زۆر لەنزیـک بەڕێوەبەرایەتیی قـایمقـامیەتی شـارۆچکەی هەڵەبجە کۆ بووبوونەوە، کە بە تەقاندنی موشـەکێک بە ئاڕاسـتەی ئەوان چەند کەسێک هەر لەوێ دەمودەست گیانیان لەدەست دا. یەکەم هێرش بەر ماڵی ئێمە کەوت، لەم هێرشـەدا کە سـێ خانووی دیکەشـی پێوە بوون، نزیکەی ٢٥ کەس مردن. پاشـان ڕامانکردە ژێرزەمێنێک، ئەو ژێرزەمینەش لەبەر بەرکەوتنی موشـەکێکی دیکەوە ڕووخـا بە سەرماندا. براکەم و برازاکەم گیانیان لەدەست دا و منیش هەر لەوێ مامەوە. بەڵام سـەقفی ماڵەکە بە شـێوەیەک بە سـەرماندا ڕووخا، کە من تەنیا سـەرم بە دەرەوە مایەوە و نەخنکام. دواتر یارمەتییان دام کە بێمە دەرەوە و بەم جۆرە لە ژیاندا مام. دوانزە ڕۆژ لە عەبابەیلێ لە ماڵان مامەوە و دواتر لەگەڵ نزیکەی ٢٠ منداڵی تری بچووکتر لە ١٠ سـاڵ، بە شـاحینەیەکی ئێرانی بەرەو گوندی عەنەب و دواتر بەرەو سنووری ئێران کەوتینە ڕێ، لەناکاو سەیارەکەش پەنچەر بوو، سەدان جەستە لەو ناوەدا کەوتبوون، تەمری ڕەشـەوەبوو، سـەربڕاو و لەتبوو.*

*بەڕاستی ترسناک و بەئازار بوو! ئیتر دوای سێ مانگ، خێزانەکەی خۆمم دۆزییەوە و هەر یەکەیان کەوتبوونە شار و شوێنێک."*

چاوپێکەوتنکراوێك کە لە کاتی کیمیابیبارانەکەدا دە ساڵ تەمەنی بووە، دەڵێت:

*" ڕەنگە لە هەڵەبجە و دەوروبەری شاردا سەدان تەرمم بینیبێت، تەنانەت سەربازانی کوژراوی ئێرانییشم دەبینی."*

لە قسەی چاوپێکەوتنکراوەکانەوە، وەها دەردەکەوێت کە هێرشەکە زۆر بەرنامەبۆداڕێژراو بووە. ڕۆژانی پێش کارەساتەکە، هێزە عێراقییەکان وردە وردە شاریان جێ هێشت. بەیانیی ئەو ڕۆژە لە چەند ناوچەیەکی تەخت و خوارووی شارەوە، کۆمەڵێک هەلیکۆپتەر هاتوون و وردە کاغەزیان فڕێ داوەتە خوارەوە، تاوەکوو ئاڕاستەی هەواکە بە مەبەستی دانانی زۆرترین کاریگەری لەسەر دانیشتووانی شار دیاری بکەن. یەکێک لە هەلیکۆپتەرەکان، تەنانەت بە بڵندگۆ هاواری کردووە "شار چۆڵ مەکەن، ئێمە لەگەڵ ئێوەین!" پاش ئەوە و هاوشێوەی ڕۆژانی پێشوو، تۆپبارانی کۆڵانەکان و خانووەکان هەر بەردەوام بوو، بەڵام کە لە نیوەڕۆ نزیک بۆتەوە، تۆپباران و بۆمبارانەکە زیاتر بووە. بە هۆی ئەو هێرشانەوە، دەیان کەس گیانیان لەدەست دا و کاتژمێر دووی نێوەڕۆ بوو کە کیمیاییەکە وەشێنرا. هەموو وەڵامدەرەوەکان سێ ڕۆژ پێش کیمیاییەکە، سەربازانی ئێرانییان بینیوە کە هاتوونەتە ناو شارەوە. بۆ نموونە، چاوپێکەوتنکراوێك دەڵێت:

*"ئەو ژێرزەمینەی کە ڕامانکردە ناوی، دوو دەرگای هەبوو، لەبەردەم یەکێک لە دەرگاکاندا دوو سەربازی ئێرانی وەستابوون، هەردووکیان شتێکیان دەپژاند بە درزی دەرگاکاندا تا کیمیاییەکە کاریگەریی نەبێت. بەڕاستی کاریگەریی نەبوو، جگە لە خوشکە گەورەکەم کە بە ئەگەری زۆر لە دەرەوەی ژێرزەمینەکە کاری تێ کردبوو."*

هەموو نموونەکان کە لەم توێژینەوەیەدا ئامادە بوون و یادەوەرییەکی ڕاستەوخۆیان بۆ کارەساتەکە هەیە، ڕووداوگەلێک دەگێڕنەوە، کە وەک بڵێی ئەوەی بەسەر هەر یەکێکیاندا هاتووە و بە چاوی خۆیان بینیویانە و ئەزموونیان کردووە، هەموویان بە یەک شێوە بینیویانە، وەک بڵێی پێکەوە سەیری یەک دیمەنیان کردبێت. ئەو چەمکانەی کە ئەوان بۆ دەربڕینی یادەوەرییەکانیان بەکاری دەهێنن، بریتین لە: یادەوەری، یادەوەریی هەمووان، کۆیادەوەری، زیندووڕاگرتنی یاد و یادەوەری، پاراستنی یادەوەری، یادەوەریی تاڵ، یادەوەریی منداڵی، هەمیشەلەبیربوون، بوون بە مێژوو، یادەوەریی زامدار، سارێژبوونی زام، یادەوەریی زارەکی، وەکوو فیلمێکی پارچە پارچە، چیرۆکەکانی منداڵیی من، یادەوەریی زیندوو، یادەوەریی توندوتیژئامێز.

وەڵامدەرەوەیەکی دیکە ئاماژە بە "کۆ"بوونی یادەوەریی کیمیایی هەڵەبجە دەکات:

*"ئەوە کۆیادەوەرییەک بوو، چونکە ٥٠٠٠ هەزار کەس شەهید بوون، هەموومان لەبیرمانە. هەموو شتێکم بیرە، چونکە یادەوەریی منداڵییە و یادەوەریی منداڵی لەگەڵ یادەوەرییەکانی دیکەدا جیاوازیی*

*هەیە و ئەوەی کە ئێمە ئەو هەمووە شــەهیدەمان دا، خۆی بۆتە مێژوویەک و بۆتە یادەوەریی هەموو خەڵکی."*

یەکێکیتر لە چاوپێکەوتنکراوەکان ئاماژە بەوە دەدات کە:

*"هەڵەبجە لەوەتەی هەبووە، قوربانیی ڕۆحی و دەروونی بووە. ئەگەر ســات بە ســات بەبیرمان نەیەتەوە، ئەوا ڕۆژانە بیری لێ دەکەینەوە. هیچ هەڵەبجەییەک نـاتوانێت لەبیر بباتەوە. ئەم کـارەســـاتە زۆر کـاریگەریی لەســـەر ڕۆح و دەروونم هەبووە، زامێکی قووڵە کە من ناتوانم لەبیری خۆمی بەرمەوە، هیچ شــتێکم لەبیر نەکردووە، چونکە هەمیشە دێتەوە یادم."*

یەکێکیتر لە وەڵامدەرەوەکان دەڵێت:

*"هەر هەڵەبجەییەک زامێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەمیشـــە لەگەڵ هەستێکی تاڵدا دەژی."*

ئەنجامی ئەم چاوپێکەوتنانەی کە ئەنجاممان داوە، پێمان دەڵێت کە کۆمەڵکوژییەک، جینۆســـایـدێـک ڕووی داوە، چونکە کردە و هەنگـاوێـک بووە بۆ لەنـاوبردن و نەهێشـــتنی گرووپێـک لە خەڵکی. خەڵکێکی بێتـاوان کە هیچ چەکێکی پێ نەبووە، ڕێگـایەکیشـــی بۆ هەڵاتن نەبووە، جگە لە فەقیانە و قۆڵی جلی کوردیی دایکەکان کە لێیـان کردۆتەوە بۆ ئەوەی تەڕ بکرێـت و بخرێتە ســـەر دەمی منداڵەکانیان بۆ ئەوەی هەناسەی پێ بدەن و مردنی منداڵەکانیان بە هۆی کاریگەریی کیمیاییەوە کەمێک دوا بخات، هیچ کەرەستەیەکی

دیکەیان شـــک نەبردووە. لە ئەنجـامی کۆکردنەوە و کەتیگۆرایزی وەڵامی چـاوپێکەوتنەکـانەوە، بۆمـان دەردەکەوێـت کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە کۆیادەوەرییەک شـکڵی گرتووە. وێنەی هاوبەش و ڕابردووی هـاوبەش، زام و ئـازاری هـاوبەش، هەســتی هـاوبەش کە هەموو ئەوانەی کە ئەو یـادەوەرییەیـان لەبیرە؛ ئەزموونیـان کردووە تیـایـدا بەشدارن و هاوبەشن.

## گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی یادەوەری

ئـاڵوگۆڕی یـادەوەری، وتنەوە و گێڕانەوەی یـادەوەری؛ ڕۆڵێکی چـارەنووســـــازی هەیە لە بیچمگرتنی یـادەوەری، پـاراســـتنی، گواســتنەوەی لە نەوەیەکە بۆ نەوەیەکی تر، بەخشــینی ناســنامە بە گرووپ، نەتەوە، ئایین، شار و خێزان. هەروەک هاڵباکسیش جەختی لەســەر ئەوە دەکردەوە کە یادەوەری بەتەنیا ناتوانێت بوونی هەبێت. لەنێو خەڵکی هەڵەبجەشــدا ئەم گواســتنەوە و ئاڵوگۆڕی یادەوەرییە لەنێو کۆڕ و کۆبوونەوەی خێزانی، خزمایەتی، هەندێک شوێنی گشتیی وەک بازار و چاخانە و...؛ کاریگەرییەکی زۆری لەســـەر بیچمگرتن و گواستنەوەی یادەوەری لە نەوەی کارەساتەکەوە بۆ نەوەی دوای خۆی هەبووە، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەیە، تایبەتمەندیی خۆی هەیە. لەم توێژینەوەیەدا دەکرێ بڵێین جیـاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان گێڕانەوەی یـادەوەرییەکـان و ئـاڵوگۆڕیـان لەنێوان کوڕ و کۆبوونەوە فەرمی و نافەرمییەکاندا. دەکرێ بڵێین تێکڕای چاوپێکەوتنکراوەکان،

لەم چوارچێوانەدا یادەوەرییەکانی خۆیان گێڕاوەتەوە و ئاڵوگۆڕ پێ کردووە: چوارچێوە نافەرمییەکانی وەک: خێزان، کۆبوونەوەی خزمایەتی، کۆبوونەوەی هاوڕێیانە، هەروەها چوارچێوە نافەرمییەکان کە دیارترینیان بریتییە لە قوتابخانەکان -هەڵبەت گێڕانەوەی یادەوەرییەکان لە قوتابخانەکاندا، زیاتر پاڵنەرێکی تاکەکەسی بووە و لە چوارچێوەی بەرنامە و کاری حکومەتدا نەبووە، تەنانەت ئەم سێ چوار ساڵەی ڕابردوو بوو کە جینۆساید و هەڵەبجە خزێنرایە نێو پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردنەوە.

## کۆبوونەوەی خێزانی و خزمایەتی

لەنێو هەموو ئەو یانزە کەسەدا کە یادەوەریی ڕاستەوخۆیان بۆ کارەساتەکە نییە، تێکڕایان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو یادەوەرییانەی کە لە زەینیاندا سەبارەت بە یادەوەریی هەڵەبجە تۆمار بووە، بە هۆی ئەمانەی خوارەوە بووە: ١. ئەندامانی خێزان بەتایبەت دایک و باوک، ٢. کۆبوونەوە خێزانی و دراوسێیەتییەکان، ٣. کۆبوونەوەی هاوڕێیانە، ٤. قوتابخانەکان، ٥. مەراسیمەکانی یادکردنەوە، ٦. میدیا و ٧. شوێنەکانی یادەوەری. هەر بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئەم چەند پڕۆسەی یادەوەری فۆرمەبەندی بکەین، دەتوانین پڕۆسەکان بۆ کۆبوونەوە فەرمییەکان و کۆبوونەوە نافەرمییەکان دابەش بکەین.

کۆبوونەوەی خێزانی و خزمایەتی وەک یەکێك لە کۆبوونەوە نافەرمییەکان، ڕۆڵێکی یەکجار کاریگەریان بینیوە لە گواستنەوە و

گێڕانەوەی یادەوەریی ئەو کەسانەدا کە ئەزموونی ڕاستەوخۆی کارەساتەکەیان کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە بە چاوی خۆیان کارەساتەکەیان نەبینیوە. خەڵکی هەڵەبجە لەبەر زۆرنەبوونی ڕێژەی دانیشتووانەکەی و دۆخە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکەی کە خۆی لە پەیوەندیی نزیکی دۆستانە و دراوسێیانە و خزمانەدا دەبینێتەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان هەیە، ڕەنگە بتوانین بڵێین زۆبەی دانیشتووانەکەی یەکتری دەناسن، یان هیچ نا لە شەجەرەی یەکتر ئاگادارن، تا ئەم ساتەوەختەش شەوانە و لە بۆنە و جەژنەکاندا سەردانی یەکتری دەکەن، لە شین و شایی یەکتریدا ئامادە دەبن، سەردانی نەخۆشی یەکتری دەکەن و ئەگەر کەسێکیان ڕووداوێکی بەسەردا بێت، هەواڵی دەپرسن و سەردانی دەکەن، هەروەها دراوسێکان، هەندێک کاتیش پەیوەندیی هاوڕێیانە لە کۆبوونەوەی شەوانە و سەردانی شەوانەدا چ لە دەرەوە و چ لەناو ماڵەکاندا کۆیان دەکاتەوە. بۆیە زۆربەی نەوەی دوای کارەساتەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە وێنە و دیمەن و یادەوەرییەکانی کارەساتی هەڵەبجە لە ڕێگەی ئەندامانی خێزانەکەیانەوە چ ئەو کاتەی کە پێکەوە بوون و چ ئەو کاتانەی کە ماڵە دراوسێ و خزمان سەردانیان کردوون لە یادگەیاندا تۆمار کراون. گرووپی یەکەمی چاوپێکەوتنکراوەکانیش هەر ئاماژە بە گرنگیی ئەم دوو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی گواستنەوەی یادەوەرییەکانیان دەکەن.

یەکێک لە نموونەکان کە ژنی ماڵەوەیە و نەخوێندەوارە، باس لە گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی خۆی دەکات:

*"من نازانم بۆچی دەیگێڕمەوە، بەڵام دەزانم کە بەڵێ هەمیشە سەبارەت بە کیمیاییەکە قسە دەکەین و هەمیشە و هەر کاتێک یەکترمان بینیوە و هەر یەک لە ئەندامانی خێزانەکەم یان خزمان کە هاتوون بۆ ماڵمان، قسەمان لەسەر کردووە، بەتایبەت ئەو کاتەی کە خزمانی نزیکم دەبینم، هەروەها بۆ منداڵەکانیشم زۆر دەیگێڕمەوە."*

یەکێکیتر لەو نموونەکان کە ڕۆژنامەنووسێکی هەڵەبجەیی و سەر بە نەوەی دووەمی کارەساتەکەیە، دەڵێت:

*"ئەو یادەوەرییەی کە من هەمە، جاڕێ زارەکییە، تەنیا بیستوومە. یادگارییەکانی من زارەکین و وەک فیلمیکی پارچەپارچەبوو، وەک تابلۆیەک کە وێنەکێش لە زەینی مندا دەیکێشێت، بەڵام هێشتا تەواو نەبووە... من بەڕاستی دەتوانم ڕووداوەکان وەک هێڵکاری بۆ تۆ بکێشم... بۆ من هێشتا وێنە و تابلۆی هەڵەبجە تەواو نەبووە، تەواو نەبووە، چونکە دایکم هێشتا یەک دینار لە میراتیی خێزانەکەی و باوکی خۆی کە لە باوکە بێسەروشوێنەکەیەوە بۆیان بەجێ ماوە؛ وەرینەگرتووە، چونکە باوەڕی وایە کە باوکی نەمردووە. یادوەریی دایکی من هێشتا زیندووە و بۆ ئێمەش هەروەها. من هەموو یادەوەرییەکانی خۆم جگە لە هۆکارە دەرەکییەکان؛ لە دایکم، داپیرەم، خاڵۆی دایکمەوە بیستووە."*

یەکێکیتر لە نموونەکان کە ئافرەتێکی بەتەمەنە، ئاماژە بەوە دەدات کە:

*"من هەمیشە کارەساتەکە بۆ ئەوانیتر باس دەکەم. لەو شوێنەی کە کارم دەکرد، هەموو ساڵێک کە لە ساڵیادی کارەساتەکە نزیک دەبووینەوە، هەموو ڕووداوەکەم بۆ ئەو کەسانەی کە لە دەورما بوون، دەگێڕایەوە."*

یەکێکیتر لە شوێنەکانی کۆبوونەوەی هەڵەبجەییەکان، بریتییە لە کۆبوونەوە هاوڕێیەتییەکان. چاخانەکان، تا ئەم چرکەساتەش شوێنی کۆبوونەوەی بەشێک لە پیاوان و گەنجانی هەڵەبجە، بریتییە لە چاخانەکان. ئەو کاتەش کە کیمیابارانی هەڵەبجە کرا و دوای ئاوارەبوونی خەڵکەکەی بەرەو سنوور و شارەکانی ئێران و دواتر جێگیرکردنیان لە کەمپە جۆراوجۆرەکاندا، چاخانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە گێڕانەوە و گواستەوەی یادەوەرییەکانی خەڵکیدا دەگێڕا.

یەکێکیتر لە نموونەکان کە ئێستا ٣٦ ساڵ تەمەنیەتی و کاسبە و کاتی کیمیابارانەکە تەنیا ١١ ساڵ تەمەنی بووە، دەڵێت:

*"بۆ هاوڕێیانم، بۆ منداڵەکانم، بۆ ئەو کەسانەی کە تەنانەت لە وڵاتانی ترەوە هاتوون و چاوم پێیان کەوتووە، ئەو کارەساتەم باس کردووە، بۆ ئەوەی ئەو کارەساتە لەبیر نەکرێت و بۆ نەوەی دوای خۆمان بگوازرێتەوە. زۆر کاتیش دەیگێڕمەوە، بۆ ئەوەی خۆم هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی بکەم، چونکە هەندێک جار هەست دەکەم کاتێک باسی دەکەم؛ دڵم ئاسوودە دەبێت..."*

ئەو هەروەها ئاماژە بە یەکێکیتر لە چوارچێوەکان دەکات، کە کۆبوونەوەکانی شەوانەی خێزان و هاوڕێکانە و دەڵێت:

*"تا ئەم چەند ساڵەی دوای کارەساتەکەش لە ئۆردووگای گەلیاران، هەموو خەڵکی شـــەوانە کۆ دەبوونەوە و کارەســـاتەکەیان بۆ یەکتری باس دەکرد."*

یەکێکیتر لە نموونەکان کە چوار ســـاڵ دوای کارەســـاتەکە لەدایک بووە، دەڵێت:

*" من لە 'کەمـپ'دا لەدایـک بووم. من لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن و ئەنـدامـانی خێزانەکەمەوە یـادەوەرییەکەم وەرگرتووە، بەتـایبەت لە خـێزانەکەمەوە کە لەبەر ئەوەی بـاپیرەم هەمـان ڕۆژ ون بووە و بێسەروشوێنە، زۆر جار باوکم باسی ئەو ڕۆژەمان بۆ دەکات."*

### کۆبوونەوە فەرمییەکان: قوتابخانە

ئەوانەی کە یادەوەرییەکی ڕاســـتەوخۆیان بۆ کارەســـاتی هەڵەبجە هەیە و هەندێک لەو کەیسـانەش کە یادەوەرییەکی ناڕاسـتەوخۆیان هەیە و یادەوەرییەکانیان زیاتر بیســـتنی و بینینییە، ئاماژە بە ڕۆڵی قوتابخانەکان دەکەن، هەڵبەت نەک بەو واتایەی کە ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی ســـیاســـەتگوزاری یـادەوەری و بەرنـامەی پلانبۆدارێژراوی حکومەت و وەزارەتی پەروەردەوە گیرابێتە بەر، بەڵکوو زیـاتر بە پـاڵنەری تـاکەکەســـی خودی مـامۆســـتـایـان گێڕانەوەیەک یـان مەراســـیمێکی یادکردنەوەی کارەســـاتەکە ئەگەر ئەنجام درابێت. لە شـــوێنە فەرمییەکانـدا تـاکە شـــوێن کە گێڕانەوە و گواســـتنەوەی

یادەوەری بۆ نەوەی دوای کارەساتەکەی تێدا ئەنجام درابێت، قوتابخانەکان بوون. ئەوەتا یەکێک لە نموونەکان کە مامۆستایە، باس لەوە دەکات:

*"من لەبەر ئەوەی مامۆستام، هەموو ساڵێک و چەند جارێک بۆ قوتابییەکانم باسی کارەساتەکە و گرنگیی ئەو کارەساتە دەکەم. بۆ منداڵەکانیشم هەموو ساڵێک دوای ئەوەی کە بەشداری لە مەراسیمی کیمیابارانی هەڵەبجەدا دەکەم، کارەساتەکەیان بۆ باس دەکەم."*

یەک لە نموونەکان کە تەمەنی بیست و شەش ساڵێک دەبێت و خۆی خاوەنی یادەوەرییەکی ڕاستەوخۆ نییە، سەبارەت بە یادەوەریی کارەساتی هەڵەبجە ئاماژە بە ڕۆڵی چوارچێوە فەرمییەکانی وەک قوتابخانە و بۆنە و مەراسیمەکانی ساڵیادی کیمیاباران دەکات کە هەر ساڵە و لە ڕۆژانی ١٤ و ١٥ و ١٦ی ٣دا ساز دەکرێن. ئەو هەروەها ڕەخنە دەگرێت لە سیستمی وەزارەتی پەروەدە و پێیوایە کە:

*"وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن کارێکی ئەوتۆی ئەنجام نەداوە، یەکەم: مامۆستایانی قوتابخانە خۆیان، ئەوانەیان کە ئەزموونی ڕاستەوخۆی کارەساتەکەیان هەیە، کارەساتەکەیان بەنیازی زیندووراگرتن بۆ قوتابییەکان دەگێڕایەوە. دووەم: هاوڕێیانی قوتابخانەکەشم هەروەها کارەساتەکەیان بەبیر دەهێنایەوە، چونکە من لە هەندێک پۆلدا بووم کە قوتابییەکان شەش ساڵ لە خۆم گەورەتر بوون. هۆکاری فەوتانی قوتابخانەکەشیان، ئەو کارەساتە*

*یەکلەدوای یەکانە بوون کە بەسەر ئەو شارەدا سەپێنرابوون. سێیەم هۆکـار: کە ڕۆڵـی هەبووە لە بـیـچـمـگـرتـنـی یـادەوەریـی مـنـدا، مەراسیمەکانی بەرزڕاگرتنی کارەساتەکە و چوارەمیش ئەو قوربانی و بەجێماوە بریندارانەن کە ڕۆژانە بەبەر چاومانەوە چ لە ژیانی ئاسـایی و چ لە ڕێگەی میدیا و کەناڵەکانەوە ئازار دەچێژن."*

یەکێکیتر لە نموونەکان کە ئەوکات تەنیا سێ ساڵ بووە و ئێستاکە توێژەری کۆمەڵایەتییە لە یەکێـک لە قوتـابخـانەکـانـدا، بـاس لەوە دەکات کە:

*"تازەبەتازە ئەمسـاڵ بابەتی هەڵەبجەیان خسـتووەتە نێو پرۆگرامی قـوتـابـخـانـەکـانەوە، بۆ پـۆلـی دە. حـکـومەت بەبـیـرهـێـنـانەوەی کلاسـیکییانەی کارەسـاتەکەی مەبەسـتە، یان پاڵنەری تاکەکەسـیی وەزیرێک ئەم کارەیان کردووە.*

*هەموو ئەو شـــتانەی کە من ســـەبارەت بە کیمیایی هەڵەبجە لە زەینمدا چەسـپاوە، هەمووم وەرگرتووە، واتە بۆم گوازراوەتەوە، یان لە ڕێگەی میدیا و یان شـــوێنەوارەکانیەوە. تا ئەم ماوەیەش پوورم لە ماڵە وێرانەکەیدا دەژیا کە لەو کاتەوە خراپ بووبوو. ئەمانە هەمووی بۆ من بەبیرهێنـاوە یـان زینـدووکردنەوەی یـادەوەری بوو، هەروەهـا هەنـدێـک هۆکـاری دیکەی وەک کۆڵانەکـان، ماڵە ڕووخـاوەکـان، ئەو گەڕەکانەی بە نـاوی شـــەهیدەکانەوە نـاو نراون، وەک قوتـابخـانەی کیمیابارانی هەڵەبجە، پەیکەرەکەی عومەری خاوەر، مووشـــەکەکەی نزیک بەنزینخانە..."*

یەکێکیتر لە چاوپێکەوتنکراوەکان کە پەرەستاریی خوێندووە و هەنووکە ژنی ماڵەوەیە و دوو ساڵ پاش کارەساتەکە لەدایک بووە، دەڵێت:

*"لە هەموو ئەو ساڵیادانەدا کە لە مانگی سێدا ساز دەکرێن، چالاکانە بەشداری دەکەم. هەموو ئەو شتانەش کە بۆم باس کراوە و وەرمگرتوون، بۆ هاورێکانی ئامادەیی و پەیمانگا دەمگێڕایەوە."*

یەکێکیتر لە نموونەکان کە بە هۆی کیمیاییەکەوە چەندین ساڵی لە تەمەنی منداڵیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک خێزانی دیکەی هەڵەبجەیی ئاوارەی ئێراندا لە شارۆچکەی سەنغور ژیاوە، خۆی بە تاقی تەنیا لەنێو زیاتر لە ٣٠٠ قوتابیی ئێرانیدا ئەو یادەی کردۆتەوە و بابەتێکی ئامادە کردووەوە لەبەردەم هەموو قوتابی و مامۆستاکانیدا بە دەنگی بەرز خوێندوویەتیەوە. ڕەخنە لە سیستمی فێرکاریی هەرێم و ئەو بەرپرسیارێتییەی کە بەرامبەر بە کارەساتی هەڵەبجە لە ئەستۆیدایە، دەگرێت:

*"لە قوتابخانەکانی ئێمەدا هیچ بەرنامە و پرۆژەیەک سەبارەت بە بەرزڕاگرتنی کارەساتی هەڵەبجە لەئارادا نییە."*

**مەراسیمەکان و میدیا**

لەم بەشەدا مەراسیم و میدیاکان پێکەوە شەنوکەو دەکەین، چونکە چاوپێکەوتنکراوەکان هەر کات باسی مەراسیمەکانی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە دەکەن، پەیوەستی دەکەنەوە بە

میدیاکانەوە، بەتایبەت ڕوونە کە میدیای کوردی میدیایەکی تا ڕادەیەکی زۆر حزبییە و ئەجێندانی ئایدیا و حزب و تەنانەت ڕوو دەدات ئایدیای کەسایەتییەک بەبازاڕ دەکات.



وێنەی ساڵیادی کیمیاباران ٢٠٢٤/٣/١٦

وەک لە بەشی ئەدەبیاتی تیۆریدا ئاماژەم پێ دا، سازدانی مەراسیمەکانی یادکردنەوە و بۆنەکان لەخۆگری کۆمەڵێک کارکردی گرنگن: یەکێکیان: ئەوەی کە کۆمەڵگە و تاکەکان لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژیان بەسەر دەبەن، بەردەوام بە ڕابردووی خۆیانەوە دەبەسترێنەوە و دووەم: ئەوەی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بۆنە و مەراسیمەکان درێژە بە بەردەوامیی خۆشیان بدەن و وەک دۆرکیم دەڵێ یەکگرتوویی کۆمەڵگەکەش لەم ڕێگەیەوە بەهێز و پتەوتر دەبێت. بەڵام دەبێ ئەوەشمان بیر بێت کە یەکێکیتر لە کارکردەکانی ئەم بۆنە و مەراسیمانە -وەک لە تیۆرەکەی ڕیکۆردا ئاماژەمان پێ

داوە-، ســـارێژبوونی برینەکانە. یەک لە نموونەکان کە ئەوکات یانزە ساڵ تەمەنی بووە، ئاماژە بەوە دەکات:

*"من زۆربەی ســاڵیادەکان بەشــداریم دەکرد، زۆر حەزم لێ بوو. من لەبەر ساڵیادی ٣/١٦، بەیانیی هەمان ڕۆژ لە گوندەکەمانەوە کە ناوی بەڵخەیە، لەگەڵ هاوڕێکانم بەپێ دوو کاتژمێر ڕێگەمان دەبڕی هەتا دەگەشتینە هەڵەبجە، تەنانەت وای لێ هاتبوو کە هەمووو پۆستەر و وێنە و نووسراوەکانی ئەو ڕۆژەم بۆ ماوەیەکی زۆر کۆ دەکردنەوە."*

*یەکێکیتر لە چـاوپێکەوتنکراوەکـان، بە دەربڕینێکی نـاڕەزایـانەوە دەڵێت: "ســـیاســـییەکان هەموو ڕۆژێک نەیەن چاوەکانم پڕ لە فرمێسک بکەن، بەڵکوو بێن گوڵێک لە یەخەی من بدەن."*

یەکێ تریان کە چوار ســاڵ پاش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەدایک بووە و بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیدا هەیە، ئاماژە بەوە دەکات کە:

*"حکومەت تەنیا ئەو دوو ڕۆژە یادی ئەم کارەســـاتە دەکاتەوە، تەنانەت لە پڕۆگرامەکانی خوێندنیشا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە. ئێمە لەگەڵ هیرۆشــیمادا زۆر جیاوازیمان هەیە، لەگەڵ هۆلۆکۆستیش هەروەها، ئیسرائیل کارەساتی هۆڵۆکۆستی خستووەتە زەینی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەوە."*

یەکێکیتر لەو کەســـانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون، کچێکی گەنجە، ئەو دەڵێت:

*"بیانییەکان دەهێنن بۆ ئێرە، ئەملا و ئەولای جادەکان بە قوماش و پۆستەری سپی دادەپۆشن، تاوەکوو خودی شارەکە نەبینن. زۆربەی ئەو ساڵیادانە بۆ ئەوەیە کە تەنیا بیانییەکان بێن و سەیرێک بکەن، خۆ لەبەر چاوی گەشی ئێمە نایەن. ئێمە خۆ هیچ سوودێکمان لەم شارە و ساڵیادەکانی نەبینیوە، یەک دینار چییە بۆ من سوودی نەبووە."*

ڕاوێژکارێکی قوتابخانەش لە چاوپێکەوتنەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە:

*"ئەو کارەساتانە زیاتر لە کاتی مەراسیمەکانی یادکردنەوەدا دێنە بەر باس، ئەوجا میدیاکانیش دەیگوازنەوە."*

ئەم بابەتەی سارێژبوونی ئازار و کارەساتەکان لە ڕێگەی مەراسیمەکانی یادکردنەوە و پرسەوە کە پێشتر و لە بەشی ئەدەبیاتی تیۆریدا بەدوورودرێژی ڕوونمان کردەوە، یەکێکە لە مەقوولە گرنگەکان کە دواتر و لە بەشی شیکردنەوەی داتاکاندا زیاتر دەپەرژێینەوە سەری.

## شوێنەکانی یادەوەری

پێشتر لە بەشی ئەدەبیاتی تیۆریی "پیەر نۆرا"دا باسمان لە گرنگی و کارکردیی شوێنەکانی یادەوەری کردووە. لە چاوپێکەوتنەکانماندا پرسیارمان لەو شوێنانە کرد کە بۆ خەڵکی هەڵەبجە، وەک شوێنی یادەوەری وان. ئەم شوێنانە چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ بۆ گرووپی یەکەم کە

یادەوەرییەکی ڕاســـتەوخۆیان هەیە و گرووپی دووەم کە یادەوەریی ناڕاســـتەوخۆیان هەیە، ئەو شـــوێنانەی یادەوەری؛ لەخۆگری چ جۆرە واتاگەلێکن؟

بۆ ئەو ژنە بەتەمەنەی کە یادەوەرییەکی ڕاســـتەوخۆی هەیە، خودی شـــارەکە، کونوقوژبنی شـــار؛ بەبیرهێنەرەوەی کارەســـاتەکەیە. ئەو دەڵێت:

*"من جگە لە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە [کە بەرپرســـیاری هەرێم وەک ســـیمبولێک بۆ کارەســـاتی هەڵەبجە دورســـتیان کردووە]، بە هەر شوێنێکی ئەو شارەدا گوزەر بکەم، وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژی (٣/١٦)یە. هەر کۆڵانێک کە پیایدا تێپەڕیبم، مووشەکێکی بەر کەوتووە."*

بۆ یەکێکیتریان، ناوی هەڵەبجەی شـەهید، هەندێک لە شـوێنەکان کە بە نـاوی شـــەهـیـدانەوە نـاو نراوە: مۆنـۆمـێـنـتـی هەڵەبـجە، مووشـــەکەکەی نزیک دەروازەی شـــار، پەیکەری عومەری خاوەر؛ شـــوێنەکانی یادەوەرین، هەروەها "نەی موســـەوی" [کە دەنگی نەییەکی غەمباری نەیژەنێکی ئێرانییە کە چەندین ســـاڵە هاوکات لەگەڵ هەموو یادکردنەوەیەکی کارەســـاتی هەڵەبجەدا، لە هەموو شوێنێکەوە، بەتایبەت لە هۆڵی مەراسیمەکان و تیڤی و ڕادیۆکانەوە، تەنانەت لە دوکانەکانەوە پەخش دەکرێت].

یەکێک لە نموونەکان کە قوتابیی زانکۆیە، ئاماژە بەوە دەدات کە:

*"مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بەتایبەت ژێرزەمینەکان، کە ڕۆژانە دەیانبینم و پەیکەری عومەری خاوەر، ئەو شوێنانەی یادەوەرین کە ئەم ڕۆژانەم بەبیر دەهێننەوە. ساڵیادەکانیش کە بەڕاستی بێتاقەت و خەمبارم دەکەن."*

یەکێک لە نموونەکانی ئێمە، ئافرەتێکی ماڵەوەیە کە ئەو کاتە تەمەنی ٣٠ ساڵ بووە. ئەو دەڵێت:

*"بۆ من ئەو شوێنانەی کە بەبیرهێنەرەوەی کارەساتەکەن، بریتین لەمانەی خوارەوە: کۆڵانەکەی خۆمان، ماڵ و بینا ڕووخاوەکان، ژێرزەمین، مۆنۆمێنتەکە، ئەو مووشەکانەی کە لەنزیک شوێنی بەنزینخانەکە دانراون، مزگەوتەکەی ئەم کۆڵانە کە بیست مەترێک لە ماڵمانەوە دوورە. ئەمانە هەموویان ئەو یادەوەرییەم بەبیر دەهێننەوە، هەروەها ساڵیادەکانی هەڵەبجە و بریندارەکان کە هەر ماوە جارێک یەکێکیان گیانی لەدەست دەدات."*

پێویستە ئەوەش بەبیر بهێنمەوە کە وا دەردەکەوێت کە بریندارەکانی کیمیایی هەڵەبجەش شوێنێک دەبن لە شوێنەکانی یادەوەری بۆ ئەوان، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان داوە، وەک نۆرا دەڵێ، تەنانەت ئاڵایەک، فەرهەنگێک (قاموس)... دەتوانن ببنە شوێنی یادەوەری.

یەکێک لە نموونەکان کە قوتابییەکی ٢٥ ساڵانە و یادەوەرییەکی ڕاستەوخۆی نییە، ئاماژە بە شوێنەکانی یادەوەری دەکات:

*" شوێنەواری مووشەکەکان و تەنانەت ناپاڵمەکان بۆ من یادەوەرین، چونکە ئێمە بەمنداڵی یاریمان لەسەر دەکرن و دایکم هەمیشە دەیوت ئەمانە مەترسیدارن، نابێ یارییان پێ بکەن."*

ڕۆژنامەنووسێکیش پێیوایە کە:

*" مەراسیمەکانی یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە، هەڵبەت تا ساڵی ١٩٩٣، بۆ من یادەوەرین. هەڵبەت دوای ئەو ساڵە، ئیدی ڕەنگ و ڕووخسارێکی حزبیی وەرگرت. تا ئەوکات لە شارەکانی دیکەوە خەڵکی دەهاتن بۆ یادکردنەوە. ئەو قوربانییانەی کە لە تەلەڤزیۆنەکانەوە کارەساتەکە دەگێڕنەوە. نووسراوەکانی سەر دیوارەکان کە بە فارسی نووسراون: "مرگ بر امریکا" و "مرگ بر بعث" و ئەو شتانە، ئەمانە بۆ من بەبیرهێنەرەوەی کارەساتەکەن، تەواوکردنی وێنە پچڕپچڕەکەی چیرۆکی کارەساتی هەڵەبجەن."*

ئاوا کە دەردەکەوێت، شوێنەکانی یادەوەری بە لەبەرچاوگرتنی مەقوولەکان و شیکردنەوەیان کە لە وەڵامی چاوپێکەوتنەکانەوە بەدەست هاتوون، دەکرێ لە هەشت شوێنی سەرەکیی یادەوەریدا پۆلێن بکرێن و بە جۆرێک ببنە شوێنەکانی کۆیادەوەری بۆ خەڵکی هەڵەبجە. شوێنەکانیش کە لە وێنەی ژمارە پێنجدا ئاماژەی پێ کراوە، بریتین لەمانە:

١. خودی شاری هەڵەبجەی شەهید، ٢. پەیکەری عومەری خاوەر، ٣. مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، ٤. ئەو چەن مووشەکەی کە لەنزیک دەروازەی شار دانراون، ٥. ژێرزەمینەکان، کە لە زۆر شوێنی شاردا

خەڵکی بۆ خۆپاراستن دروستیان کردوون، ٦. مەراسیمەکانیساڵیاد، ٧. بریندارەکان و قوربانییان و ٨. مۆسـیقایەکی غەمباری وەک "نەی" کە بە "نەیی محەممەد موسەوی" ناسراوە.



وێنەی هەندێك شوێنەكانی یادەوەری

## دادپەروەری لە بەبیرهێنانەوە و لەبیرکردندا

دادپەروەری لە بەبیرهێنانەوە و لەبیرکردندا، یان بە دەربڕینێکی تر: دادپەروەری لە بەبیرهاتنەوە و فەرامۆشــیدا، یەکێکیترە لە گرنگترین مەقــولەکــان کە لە ئەنــجــامــی کــۆدبەنــدی و کــۆتــیــگــۆرایــزی چاوپێکەوتنەکانەوە هەڵێنجان کراوە. پێشـــتر وتمان بەبیرهێنانەوە و فەرامۆشـــی تەواوکەری یەکترن، هەردووکیــان حــاڵەتی حەتمین. مرۆڤەکــان بەبێ بەبیرهێنــانەوە، نەیــانــدەتوانی درێژە بە ژیــانی کۆمەڵایەتی و تــاکەکەســـیی خۆیان بــدەن. بە بەبیرهێنــانەوەیە کە مرۆڤ پەی بەوە دەبات کە کێیە، لە کوێوە هاتووە و بۆ کوێ دەڕوات. بۆ لەبیرکردنیش بە هەمان شـــێوە. مرۆڤ بەبێ لەبیرکردن، تەواوی ژیانی دەکەوتە مەترسییەوە. بەبیرهێنانەوە و لەبیرکردن سەبارەت بە یــادەوەری، تەواوکەری یەکترن. لە بەشـــی ئەدەبیاتی تیۆریــدا و لە پشتبەستن بە تیۆرەکانی پۆل ڕیکۆر، ئەم بابەتەمان کێوماڵ کرد.

لە ســەرەتای هەر چاوپێکەوتنێکەوە ســەبارەت بەو پرســیارانەی کە تــایبەتن بە لەبیرکردن و فەرامۆشـــی، تێکڕای گرووپی یەکەم کە یادەوەریی ڕاستەوخۆیان بۆ کارەساتەکە هەبوو، وەڵامیان داینەوە کە بەڵێ باوەڕ ناکەن هیچ شتێکیان لەبیر کردبێت. ئەگەر هیچ شتێکیان لەبیر نەکردووە، بۆچی؟ ئەگەر لەبیریان نەکردووە، ئایا لەبەر ئەوەیە کە بەڕاســتی زامەکانیان ســاڕێژ بووە بۆیە لەبیریان کردووە؟ چونکە یان ئەوەتا لەبیریان کردووە، لەبەر ئەوەی کە برینەکانیان ساڕێژ بووە و پێویستیان بەوە نییە کە بیریان بکەوێتەوە، یان ئەوەیە کە لەبیریان

نەکردووە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، یان هەر ناتوانن لەبیری بکەن. ئەم هاوکێشانە هەموویان پەیوەستن بە بابەتی دادپەروەرییەوە. ئەوەی کە بەگوێرەی تیۆرەکەی ڕیکۆر سەبارەت بە "مێژوو، یادەوەری، فەرامۆشی"، هەتا دادپەروەری نەیەتە کایەوە، سارێژبوونی برینەکانیشیان ڕوو نادات. هەتا سارێژبوونیش ڕوونەدات، ئەوان ناتوانن لەگەڵ ئەو ئۆبجێیەدا کە لەدەستیان داوە؛ ئاشت ببنەوە. هەتا ئاشتیش نەبنەوە، ناتوانن هەست بە ئارامی بکەن و دواجار هەتا هەست بە ئارامی نەکەن، ناتوانن بیر لە ڕابردوو نەکەنەوە و بۆ ئایندە بڕوانن. دۆخی خێزانیی یەکێک لە نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە، پشتڕاستی ئەم بۆچوونەی سەرەوە دەکاتەوە:

*"ساڵێک پێش ئێستا بوو کە یەکێک لە منداڵە ونبووەکان بە ناوی عەلی لە ئێران دۆزرایەوە، خێزانێکی ئێرانی بەخێو و گەورەیان کردبوو، پاش ٢٥ ساڵ گەڕایەوە ماڵەوە. دەی دایکی من هەر جارێک کە بەسەرهاتی لەم جۆرە دەبیستێت یان تەنانەت دیمەنێکی هاوشێوە لە فیلمێکدا یان بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆندا ببینێت کە بۆ نموونە باس لە پیاوێک بکات کە تووشی لەبیرچوونەوە بووبێت، برینەکانی دەکولێنەوە و خەم دایدەگرێت. دەڵێت ڕەنگە ئێستا باوکی منیش هەر زیندوو بێت و تووشی لەبیرچوونەوە بووبێت، ڕەنگە بگەڕێتەوە."*

لەو چەمك و مەقوولانەوە کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانەوە هەڵێنجان دەکرێن، وەها دەردەکەوێت، کە برینی قوربانییانی هەڵەبجە هێشتا سارێژ نەبووە. ئەوان وا هەست ناکەن کە

دادپەروەری بەرامبەر بە کەیس و ڕابردوویـان جێبەجێ کرابێـت. دادپەروەری بەلای ئەوانەوە، هەم ڕەهەندی نادادپەروەریی مەعنەوی لەخـۆ دەگـرێـت، هەم فـیـزیـکـی. بـۆ ئەوان دادپەروەری تەنـیـا قەرەبووکردنەوەی زیـانلێکەوتنیـان نییە، چونکە بە هیچ شـــتێـک قەرەبوو ناکرێتەوە، چونکە پێیان وایە کە ئەو ســـتەمەی کە بەرامبەر ئەوان کراوە، زامێکە کە بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێ. ئەوەتا یەکێک لە نموونەکـان ئـامـاژە بە دۆخی خراپی خێزانەکەی دەکـات کە چۆن خوشــکێکی لەبەر کارەســاتەکە لە خوێندن بێشــبەش بووە و دایکی چاوی لەدەست داوە:

*"یەکێـک لە خوشـــکەکـانم لە من گەورەترە، لەبەر ئەوەی کە کارەساتەکە بووە هۆی بێبەشکردنی لە خوێندن، کە ئاوارەش بووین نەیتوانی لە ئێران درێژە بە خوێندن بدات، چونکە لە ڕووی مادییەوە زۆر بارودۆخمان ناهەموار بوو. ئەمە نادادپەروەرییە کە بەسەر ئێمەدا ســەپێنراوە. ئەو هەموو نادادپەروەرییانەی تر کە شــارەکەیانی وێران کردووە. ئێستا ئەگەر کارەساتەکە نەبووایە، هەڵەبجە شارێکی تر بوو، دۆخێکی تری هەبوو. ئەم هەموو ئازار و نەخۆشـــییە کە لە ئەنجامی کیمیاییەکەوە سەری هەڵداوە، دایکم چاوی لەدەست داوە و هەموو ڕۆژێک بەدەست ئازارەکانیەوە دەناڵێنێت."*

یەکێکیتر لە نموونەکان کە قوتابیی ماســـتەرە، نادایەروەرییەکان بەرامبەر بە هەڵەبجە زۆر لەوە زیـاتر دەبینێـت. نـادادپەروەریی لەدەســـتدانی دەرفەتەکانی منداڵی، یادەوەرییەکانی تافی گەنجی،

خەموپەژارە، کیمیایی، زیانی مادی و مەعنەوی، هەروەها وەرنەگرتنەوەی وەڵامی پرسیارگەلێک کە لە زەینی خەڵکی هەڵەبجەدا هەیە. بۆ نموونە ئەو دەڵێت:

*"بیهێننە پێش چاوی خۆت، ئەگەر ئەو کەسانەی کە ئێستا پەرەیان بە تواناکی خۆیان داوە و ئێستا بەناوبانگن، بەڵام لە شارێکی دیکەی کوردستاندا ژیاوە و هەڵەبجەیی نییە. ئەو ستەمەی کە بەرامبەر بە ئێمە کراوە، ئەو ستەمەی کە بووە هۆی ئەوەی کە من پێش نەکەوم، چونکە من لە قۆناغی سەرەتاییدا هەمیشە یەکەمی پۆلەکەی خۆم بووم."*

*"تەنانەت ئەوانەی کە لە من گەورەتر بوون، بۆ نموونە براکەم و خوشکە گەورەکەم، ئەوان ناچار بوون واز لە قوتابخانە بهێنن، چونکە ئەوان ڕاستەوخۆ دەبوو لە قوتابخانەیەکی فارسی زماندا بیانخوێندایە. ئەو هەموو خەم و خەفەتەی کە ئێمە دووچاری بووین، کێ قەرەبووی دەکاتەوە، چونکە پەیوەندیی بە تەمەنی مرۆڤەوە هەیە. من کاتی منداڵیم لە خراپترین بارودۆخدا بەسەر بردووە. ئەی ئەو پرسیارانەی کە تا هەنووکە لە مێشکمدایە و وەڵامەکانیم دەست نەکەوتووە، ئەوەی کە بۆچی دەبێ وەها بەڵایەک بەسەر ئێمەدا بێت؟ بۆچی هێزەکانی پێشمەرگە نەیانهێشت ئێمە لە شار دەرچین؟ بۆچی کیمیاییمان بەسەردا ڕژێنرا؟ ئەگەر سەدام دەیویست ئێران بکاتەوە دەرەوە، بۆچی بە کیمیایی؟ تەنانەت هەندێک لە هەڵەبجەییەکان پێیان وایە کە هەڵەبجە تاقیگەیەک بووە بۆ تاقیکردنەوەی گازە*

*کیمیاییەکان. هیچ جۆرە قەرەبوویەکی ئێمە نەکراوەتەوە، نە مادی، نە مەعنەوی."*

یەکێک لە نموونەکان، ژنێکی ماڵەوەیەوە کە بە هۆی کارەساتەکەوە دووچاری ئازارێکی گەدە بووە و لە ماوەی ئەو دوانزە ساڵەدا کە لە کەمپەکانی ئێران بوون، بەدەست ئازارەوە ناڵاندوویەتی، ئاماژە بەوە دەکات کە:

*"من لەگەڵ کیمیاییەکە تووشی ئازارێکی زۆر قورسی گەدە و زراو بووم، دوانزە ساڵ بەردەوام بوو، هەر جارە کە ئازارم هەبوو، کارەساتەکەشم بیر دەکەوتەوە. ماڵەکەمان وێران بوو، بە دەستی خاڵی ئاوارەی سنوورەکانی ئێران بووین، بە هەشت منداڵەوە. کاتێک کە گەڕاینەوە، دیسان خانووەکەمان چاک کردەوە، کاول بووبوو. هەر چی پارەمان هەبوو، لەو خانووەدا سەرفمان کرد. واتە لە سفرەوە دەستمان پێ کردەوە. هیچ کەس قەرەبووی نەکردووینەتەوە."*

یەکێکیتر لەوانەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کراوە، کارمەندە. ئەو پێیوایە کە:

*"ئەو بەڵایەی کە تووشی بووین، بووە هۆی ئەوەی کە هەمیشە کارەساتەکەم لەبیر بێت. موسیبەتەکان تا ئەم چرکەساتەش بەدوامانەوەن. ئەو گرانییەی کە دوای چەندین ساڵ دیسانەوە یەخەی پێ گرتین. زۆر جار وتوومە خۆزگە بە هۆی کارەساتەکەوە تیا دەچووم. من کارەساتەکەم لەبیر نەکردووە، بەڵام زۆر جار ئەو ئازار و*

*مەینەتییانەی کە دوای کارەساتەکە لە هەڵەبجەدا بەسەر هاتوون، هێندە زۆر و بەئازارن، خودی کارەساتەکەم لەبیر دەبەنەوە."*

بۆ ئەو دایکە ٥٥ ساڵانەی کە لەدەستدانی خۆشەویستترین کەسەکانی، بۆ ئەو بەئازارترین یادەوەرییەکانە. ناداپەوەری بریتییە لەمانە:

*" براکەم و براژنەکەن و ماڵی باوکم هەموویان بوونە قوربانی، کیمیایی گیانی لێ سەندنەوە."*

یەکێکیتر دەڵێت:

*" من پۆلی ١٢ بووم کە بە هۆی کارەساتەکەوە وازم لە خوێندن هێنا، دوو ساڵ ڕۆشتم بۆ سەربازی. کەمتر ڕۆژێک هەیە من کارەساتەکەم بیر نەکەوێتەوە، چونکە ژیان و ئایندەشم لەدەست چوو. بیست و دوو ساڵ منی لە خوێندن دوا خست، منی ناچار کرد کە بیست ساڵ کرێکاری بکەم بۆ ئەوەی دوو براکەی ترم بخوێنن، ئەوجا دوای ئەوان بیر لە ئایندەی خۆم بکەمەوە."*

*یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی خەڵکی هەڵەبجە ئەوەیە کە کۆمەڵێک پرسیاری زۆر گرنگی هەستیار هەن کە نەیانتوانیوە بە وەڵامەکانی بگەن، ئەمە هەمان ئەو نادادپەروەرییەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کایەی دادپەروەرییەوە هەیە و دەمانگێڕێتەوە بۆ تێزەکەی پۆل ڕیکۆر سەبارەت بە یادەوەری و دادپەروەری، پرسیاری "کێ تاوانبارە؟".*

یەکێک لە نموونەکان دەڵێت:

*"دەبێت میللەت بزانێت کە کێ بووە هۆی ڕوودانی ئەو کارەساتە؟ کێ تاوانبارە؟ لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە، ئایا ئەم کارەساتە و هەموو ئەو ستەمانەی کە دەرهەق بە ئێمە و نەتەوەی ئێمە دەکرێت، لەبەر خاک و نیشتیمانە یان دەستێوەردانی وڵاتان؟ ئەی لە ڕووی ئایینییەوە لەبەر ئایینە کە ئەم بەڵایانەمان بەسەردا دێت؟"*

نموونەیەکی تری مەیدانی توێژینەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو کە:

*"من و هاوڕێکانم زیاتر ئەو کاتە کارەساتەکەمان بەبیر دێتەوە کە بیر لە ئایندە و ئەو گرفتانە دەکەینەوە کە لە ژیانماندا دووچاری دەبین، لەبەر هەڵەبجەییبوونمان. ژیانی قورس و ئاڵۆزی ئێستا و بۆ نموونە کاتێک دەبینین ئەو هەمووە ئۆتۆمبێلە گرانبەهایە بەدەست خەڵکێکی دیکەوەیە کە لە شوێنێکی تر و لەبەر ئەوەی کارەساتی هاوشێوەی ئێمەیان بەسەر نەهاتووە و ژیانیان مسۆگەر بووە، یان دەبینم منیش ئەگەر کارەساتەکە نەبووایە، خاوەنی بڕوانامەی زۆر بەرز بووم."*

یەکێکیتر دەڵێت:

*"هەر هەڵەبجەییەک لەگەڵ خۆیدا برینێکی هەڵگرتووە، هەمیشە هەستێکی تاڵم لەگەڵ خۆم و لە یادەوەریمدا هەیە. ئێمە لە ژیانماندا خۆشیمان نەبینیوە، ئەوە خەڵکی هەڵەبجەن کە هەمیشە قوربانین."*

چاوپێکەوتنکراوێکی ٣٦ ســاڵان باس لە تاوانباربوون دەکات، ئەو دەیەوێت بزانێت کە چ کەســێک جگە لە ســەدام و ڕژێمەکەی دەســتیان هەبووە لە کارەساتەکەدا و داوای دادگاییکردنیان دەکات، تەنانەت ئەو ڕێکخراو و وڵاتانەی کە هاوکاریی ڕژێمەکەی ســەدام حسێنیان کردووە:

*"شــتێکی ئەوتۆ بۆ شــاری هەڵەبجە نەکراوە. خەڵکانێکی دیکەش هەن جگە لە ڕژێمی بەعس، کە دەســتیان هەیە لەم کارەســاتەدا. خەڵکی هەڵەبجە خەڵکێکی دینـدارن، ڕژێمی دیکتـاتۆری عێراقیش هەر لەبەر ئەوە ئاوای بەسەر شارەکەدا هێنا."*

ئەو تەنانەت ئاماژە بە گرنگیی گێڕانەوەی یادەوەرییەکە بۆ نەوەی دوای خۆیان دەکات کە:

*"ئامانجی من ئەوەیە کە نەوەی دواتر ئەو ستەمەی کە بەرامبەر بە ئێمە کراوە؛ لەبیری خۆیانی نەبەنەوە، چونکە ســتەمکار هەمیشــە بوونی هەیە. ئەو نەوەیە دەبێ بزانێت کە کێ ستەمکارە."*

پیاوێکی ٣٥ ساڵیش کە ئەوکات ١٠ ساڵان بووە، سەبارەت بە ئەرک و پێویستیی گێڕانەوەی یادەوەریی کیمیابارانی هەڵەبجە دەکات:

*"وەک مێژوو، پێویستە کە نەوەی دوای خۆمان بزانێت. بۆ ئەوەی کە نەوەی ئێستا قەدری ئازادی بزانێت، فێر ببێت کە ژیان تەنیا خۆشی و چێژ نییە. ئەو ژیانەی ئەو، بەم قوربانیدانە بەدەســت هاتووە. قوربـانیـدان تەنیـا مـادی نییە، قوربـانیی مەعنەوییش هەیە. تـاکی*

*هەڵەبجەیی دەروونێکی جێگیری نییە، جۆرێک خەمۆکی تووش بووە، زوو توڕە دەبێ. لەوەتەی هەیە، هەڵەبجەیی قوربانیی ڕۆحی و دەروونیی داوە. ئەگەر چرکە بە چرکە بەبیری نەهێنینەوە، لەبیر دەچێتەوە. هیچ هەڵەبجەییەک ناتوانێت کارەساتەکە لەبیر بباتەوە. ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی زۆر قووڵی لەسەر رۆح و دەروونم هەبووە. برینێکی قووڵە کە من ناتوانم لەبیری کەم. کاتێک سەرێک لە دەرەوەی شار دەدەم، بەبیرم دێتەوە کە ئەگەر ئەم شارە ئاوا کیمیایی نەکرایە، ئێستا دیمەن و وێنەکانی شار چۆن دەبوون. تەنانەت لە ڕووی بیناسازی، کولتووری، تەنانەت جادە و خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوە، ئەمانە سیمای شارن."*

مامۆستایەکی ئامادەییش پێیوایە کە ئەو یادەوەرییەکی ناڕاستەوخۆی سەبارەت بە کارەساتی هەڵەبجە هەیە. ئەو باسی غەریبییەکانی وڵاتی ئێران و دووری لە نیشتمان دەکات:

*"غەریبی شتێکی تر بوو. لە ئێران و لەو شارەدا کە ئێمە دەژیاین، ئەو ڕۆژانەی کە لە ڕۆژی ٣/١٦ و سەری ساڵی کوردی نزیک دەبووینەوە، هەموو هاوڕێ ئێرانییەکانم باسی ڕۆژانی پشووی نەورۆزیان دەکرد و ئێمە کە دەهاتینەوە ماڵەوە، باس باسی ئەو کەسانە بوو کە لەدەستمان دابوون لەگەڵ دووری لە وڵات."*

یەکێک لە نموونەکان، ژنێکە بە مناڵێکی ٦ مانگەوە:

*"من کاتێک منداڵەکانم گەورە بنن، بۆیان باس دەکەم. ئەوان دەبێ بزانن کە ئێمە لە چ بارودۆخێکدا ژیاوین. با بزانن کە ئەگەر دۆخی*

*مـادی و مەعنەویمـان بـاش نییە، لەبەر وێرانبوونی چەنـد جـارەی ماڵەکانمانە. ئەمەش بریتییە لە نادادپەروەری. من لە کەمپدا هەر کـات بیری دۆخـی خـراپـی ژیـانـمـان دەکەوتمەوە، بیرم بۆ ئەو کارەساتەش دەچوو کە بەسەر خێزانەکەمدا هاتووە."*

یەکێکیتر لە نموونەکان باس لەوە دەکات کە:

*"ئەو نادادپەروەرییەی کە من زۆر هەسـتی پێ دەکەم، ئەوەیە کە بۆچی خەڵکی هەڵەبجە کیمیاییان بەسـەردا ڕژاوە. کێ تاوانبار بووە؟ ئێران هۆکارێک بووە و پێشـمەرگەش هۆکارێک؟ تەنانەت بۆچی خەڵکی هەڵەبجە بەچەپڵەڕێزانەوە پێشـوازییان لە هێزەکانی ئێران کردووە و حەفلەیان کردووە. ئەم هۆکارانە، ڕق و قینی سـەدامیشـی زیاتر وروژاندووە. خەڵکی دەیانتوانی بۆ شـارەکانی دیکە بڕۆن، بەڵام نەڕۆشـتوون. ئەی هەڵهاتنی یەکێک لەو فڕۆکەوانانەی کە کیمیایی بەسـەر خەڵکی هەڵەبجەدا ڕژاند، بۆچی بوو؟ بۆ دەبێ هەڵبێت؟ ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکومەت بۆ خەڵکی شاری پێشکەش کردوون، زۆر کەمن و بەشـێک لە هۆکارەکەشـی بۆ مەیلەوئیسـلامیبوونی خەڵکەکەی دەگەڕێتەوە، حکومەت سـێکیۆلارە. ئەگەر خزمەتێکی شـارەکەش کرابێت، زیاتر بۆ ئەوانە بووە کە خاوەن شـەهیدن. بەڵام خۆ تەنیا ئەوان زەرەرمەند نەبوون، هەمووان زەرەرمەند بوون! برینی خەڵک هێشتا سارێژ نەبووە."*

یەکێکیتر لە نموونەکان، مامۆستایە. ئەو ئاماژە دەکات بەوەی کە:

*"من هەندێک جار کێشـەم هەیە لەگەڵ ئەو بابەتەدا کە ئەگەر ئەو کارەساتە ڕووی نەدەدا، ماڵەکەی من و ماڵی باوکیشـم تەختی زەوی نەدەبوو. ئەمە بەڕاستی ئازارم دەدات. ئێمە سێ جار ماڵمان ڕووخاوە و کە گەڕاوینەتەوە، وێرانەیەک زیاتر نەبووە."*

یەکێکیتر لە نموونەکان دەڵێت:

*"یەکێک لەو یادەوەرییانەی کە چەندەها جار بۆ من گێڕاویانەتەوە، ئەوە بووە کە هەندێک هێز نەیانهێشتووە خەڵکی هەڵەبجە هەڵبێن، چونکە هەموو هەڵەبجەییەکـان ئەگەری ڕزگـاربوونیـان لانی کەم سەددا پەنجا بوو. بۆ من ئەو پرسیارە بێ وەڵامە کە هەندێک دەڵێن خەتای ئێرانیشـی تیا بووە، بەڵام خۆ ئێران شـارەکانی دیکەشـی کۆنترۆڵ کردووە، یان تەنانەت دەستی بەسەر فاویشدا گرت. قسەی زۆر دەکرێ، دەڵێن تەنانەت لەبەر ئیسـلامیبوونەکەشـی بووە. بەڵام ئەگەر وایە، خۆ مارکسـیزم لە هەڵەبجەدا گەشـەی کردووە. سـەدام لەنێوان کورد و عەرەبـدا جیـاوازیی نەدەکرد و لەبەر ئەوەشـە کە نادادپەروەر بوو."*

لە کۆتایی ئەم بەشـەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە تا ئێرە، چوار "مەقوولەی سـەنتەری"مان لەنێو هەموو مەقولەکاندا دۆزییەوە و بە پشتبەستن بە چەندین وتەی نموونەکان، هەریەکە لەو مەقولانەمان شـەنوکەو کرد. لە بەشـی دەرەنجام و کۆتـاییـدا و ئەم جـارە بە پشـتبەسـتن و هەڵێنجانی نێو ئەم چوار مەقووولەیەش، "مەقووولەی کاکڵ" دەردەهێنین و بەدوورودرێژی کێوماڵی دەکەین.

# ئەنجام

لە بەشی چوارەمدا، داتاکانی توێژینەوەکەمان بە پشتبەستن بە میتۆدی "گراونددتیۆری" شەنوکەو و تاووتوێ کرد. چوار مەقولە یان مەقوولەی سەنتەری و سەرەکیمان کە لە وەڵامی چاوپێکەوتنەوەکانەوە دەست کەوتبوو، دیاری و کێومالٚ کەرد. لەم قۆناغەی کۆتاییدا، دەبێ مەقوولەیەک هەڵبژێرین کە ئەو مەقوولەیە بتوانێت هەموو مەقوولە سەنتەرییەکانمان ڕووماڵ بکات و بیانخاتە ژێر باڵەکانی خۆیەوە. ئەو مەقوولەیە پێی دەگوترێت "مەقوولەی کاکڵ". گونجاوترین مەقوولەی کە بتوانێت خاوەنی زۆرترین ئاستی ئەبسترەکت و هێزی شیکردنەوە بێت و بە واتایەکی تر بتوانێت ڕووماڵی هەموو مەقوولە سەنتەرییەکانی تر بکات و لە هەمان کاتیشدا لەوانیشەوە هەڵێنجرابێت، بریتییە لە "کۆیادەوەریی جینۆسایدی هەڵەبجە و دادپەروەری".

خەڵکی هەڵەبجە، کارەساتی هەڵەبجە بە کۆمەڵکوژی و جینۆساید دەناسێنن. کارەساتێکی مرۆیی، کۆیادەوەرییەکی تاڵ، ستەم و نادادپەروەریی دەسەڵاتی ڕژێم و نادادپەروەریی دەسەڵات لە هەرێمدا بەرامبەر بە شارەکە. ئەوان وا دەردەکەوێت کە بەردەوام یادەوەریی کارەساتی هەڵەبجە بۆ یەکتری و بۆ ئەوانیتری ناهەڵەبجەیی دەگێڕنەوە. زۆر جاران کە یەکتر دەبینن لە کۆبوونەوەی خێزانی، دراوسێیەتی، خزمایەتییەکاندا، لە چاخانە و شوێنە گشتییەکاندا، لە قوتابخانە و مەراسیمەکانی یادکردنەوەدا و لە

ڕێگەی میدیاکانەوە، ئەوان سـەبارەت بە ڕابردووی تاڵ و کارەسـاتی هەڵەبجە و ئـاوارەبووونەکـانیـان لەگەڵ یەکتری؛ ئـاڵوگۆڕی بیروڕا و یـادەوەرییەکـانیـان کردووە. یـادەوەرییەکـانی خۆیـان بۆ نەوەی دوای خۆشیان دەگوازنەوە. جۆرێک لە پابەندبوون (ئیلزام) و بەرپرسـیارێتی لە بەبیرهێنانەوەی یادەوەریدا. ئەوان دەڵێن، ئێمە هیچ شـتێکمان لەبیر نەکردووە. ئەوان ئاگایانە، یان نائاگایانە، یادەوەرییەکانیان بۆ ئەوانیتر و بۆ منـداڵ و وەچەکـانیـان دەڵێنەوە. بەم شـێوەیە پەیوەندییەک لەنێوان ڕابردوو، ئێسـتا و ئایندەدا بەرقەرار دەکەن. ئەوەی کە خەڵـکـی هەڵەبـجە دنە دەدات بـۆ گـێـڕانەوەی یادەوەرییەکانیان، بەشـێکی پەیوەندیی بە بەپرسـیارێتیی ئەوانەوە هەیە بەرامبەر بە گێڕانەوە و بەبیرهێنانەوەیە. ئەوان تەنانەت ئەگەر بشـیانەوێت کارەسـاتی هەڵەبجە لەبیری خۆیان بەرنەوە، ناتوانن. دیمەنەکانی شـار، برینداەرەکانی شـار، نادادپەروەرییەکان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و لە هەمووی گرنگتر سـاڕێژنەبوونی برینەکانیان؛ ئەم ئەگەرەی زۆر لاواز کـردووە. خەڵـکـی هەڵەبـجە گـێـڕانەوەی یـادەوەری بە ئەرکێکی تـاکەکەسـی، ئەخلاقی، مرۆیی، ئـاییني و نەتەوەیی دەزانن.

خەڵکی هەڵەبجە تا هەنووکەش قۆناغی پرسـەیان تێنەپەڕاندووە، واتە هێشتا نازانن بۆچی پرسە دەگێڕن. ئەوەی لەدەستیان داوە، بۆ لەدەسـتیان داوە؟ کێ لێی سـەندوون؟ هەڵەبجەییەکانیش هەموو سـاڵێک و لە مانگی (٣)دا، لەجیاتیی خۆسـازکردن و خۆڕازاندنەوە بۆ جەژنی لە مێژینەی کوردان، بۆ چڕینی ئاوازی "ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە

نەورۆزە هاتەوە، جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشـــی و بەهاتەوە"، لە (١٦)ی (٣)وە خەم دایاندەگرێت. ئەوان خۆیان بە خاوەن پرســـەی کارەســاتێکی مرۆیی گەورە دەزانن، بەڵام پرســەیەک کە بەردەوامە، پرســـەیەك کە هەڵنەگیراوە. هەندێکیان ڕێی مەزاری شـــەهیدان دەگرنە بەر، هەندێکیان بە چاوی ئەبڵەقەوە و لە چاوەڕوانی منداڵانی ونبوویاندا، باوک و دایک و خوشک و برای بێسەروشوێنیاندا، چاویان دەبڕنە دەرگاکان و پەنجەرەی ماڵە چەند جار ڕووخاوەکانیان، دەییی! دەییی! بەڵکوو ئەمڕۆ بگەڕێتەوە.

کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکان، کۆیادەوەرییەکی ناتەواو و پچڕپچڕە. کۆیادەوەریی ئەوان ڕاســـتە یادەوەرییەکی هاوبەشـــە، بەڵام ئەوان خاوەنی هەزاران یادەوەریی تاکەکەســـییشـــن کە تا هەنووکە هیچ دەزگایەکی حکوومی، بە پلان و بەرنامە، بە ئەقڵیەتێکی زانســـتی و میتۆدۆلۆجی و تەنـانەت بە درووشـــمی نیشـــتمـانی، بە دۆزینەوە، کـۆکـردنەوە، بەدەقـکـردن، بەدۆکـیـۆمـێـنـتـکـردنـی ئەو یـادەوەریـیە تاکەکەسییانە و ئەم مێژووە زارەکییانە هەڵنەستاوە. مێژووی زارەکیی ئەوان لەبیر کراوە، کەس گوێی لێ ڕانەگرتوون، مەبەست ئەوانە نییە کە خاوەن قوربانین و لە خێزانەکەیاندا چەند کەسێکیان بۆتە قوربانی و زۆر جار لە میدیاکـانـدا دەرکەوتوون، نـا! مەبەســـت ئەو هەزاران کەســـەی تریشـــە کە تا هەنووکە یادەوەرییەکانیان بەشـــاراوەیی مـاوەتەوە، ئەو یـادەوەرییەی پێی دەگوترێـت یـادەوەریی بێـدەنگی، یـادەوەری لە ســـنگدا حەشـــاردراوەکـان، ئەو یـادەوەرییـانەی کە نەخراونەتە ســـەر پەڕاو. ئەمانە یادەوەرییە ڕاســـتەقینەکانن، چونکە

زۆر لەو یادەوەرییانە زیاترن کە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن و میدیاکانەوە گوازراونەتەوە. ئەو یـادەوەرییە، یـادەوەریی قوربـانییـانە. هەر بۆیە مێژووی ئەم شـــارە و دەتوانین بڵێین مێژووی شـــارەکان و نەتەوەی کوردیش هەر بەزارەکی ماوەتەوە و هێدی هێدی لەبەر تێپەڕبوونی کات و مردنی پەیتاپەیتای ئەو کەسانەی کە خاوەنی یادەوەرین، لەناو چووە و کارەســـاتێکی وەها گرنگ و جیهانیی وەک جینۆســـایدی هەڵەبجەش، ڕەنگە ببێـت بەو ســـەدان ڕووداوە مێژووییە کۆن و هاوچەرخەی کە لە مێژووی نەتەوایەتیی کوردســتاندا بە فەرامۆشــی سپێردراوە.

ئەوان پێیـان وایە کە نەتەوەی کورد نـابێـت ڕابردووی خۆی لەبیر بباتەوە. مەراسیمەکانی ساڵیادی کیمیاباران و میدیاکان، هەر چەندە بە پاڵنەری حزبی، بەڵام تا ڕادەیەك ڕۆڵیان لە گێڕانەوە و ڕێزگرتن لە کـارەســـاتەکە و بەجێمـاوانی کیمیـابارانـدا هەبووە. ئەوان دەڵێن لە ســاڵانی ناوەڕاســتی نەوەدەوە ئیدی مەراســیمەکان بۆتە مەراســیمی حزبی و شوێنی بەڵێن و سۆزی درۆینە بە خەڵک و دانیشتووانەکەی، هەتا کار گەشـتە ئەوەی کە کە یەکێک لە سـاڵەکاندا (٢٠٠٦)، گەنج و خەڵکە تووڕەکەی لە دەســەڵاتی لە هەرێمی کوردســتاندا، بڕیار بدەن چیتر نەهێڵن هیچ بەرپرســێک بێتە شــارەوە و هەمان ڕۆژ کە ڕۆژی ســاڵیادی کمیابارانەکە بوو، مۆنۆمێنتی شــەهیدانی هەڵەبجە ئاگر تێ بەر بدەن، چونکە ئەوان پێیان وا بوو کە ئەم مۆنۆمێنت و شـــوێنانە زیاتر بۆ ســـواڵکردن و بەرژەوەندیی حزبی و شـــانوباڵپیاداهەڵدانی

دەسەڵات دروست کراوە و هیچ سوودێکی بۆ خەڵکی شارەکە نەبووە.

بۆ ئەوان شوێنەکانی یادەوەری، ئەو شوێنانەن کە لە ڕێگەیانەوە کۆیادەوەریی هەڵەبجە دەپارێزرێت. ئەوان لەگەڵ ئەم شوێنانەدا دەژین. بۆ ئەوان خودی شاری هەڵەبجەی شەهید؛ (٣/١٦) "پەیکەری عومەری خاوەر"، "ژێرزەمینەکان"، "مووشەکەکان"، "مۆنۆمێنت"ەکە و "برینداره‌کان" شوێنەکانی یادەوەرین، ئەمانە تەنانەت سیمبولەکان و ناسنامەی ئەوانن.

مەقوولەی "دادپەروەری و کۆیادەوەریی هەڵەبجەییەکان"، گەورەترین پشکی هەیە لە بیچمگرتنی کۆیادەوەری و گواستنەوەی یادەوەری و گێڕانەوەیدا بۆ ئەوانیتر. خەڵکی هەڵەبجە لە "زیادبوون یان هەڵاوسانی یادەوەری"دا بەسەر دەبەن، چونکە بەردەوام لەگەڵ یادەوەرییەکاندا دەژین. بەبێ ئەوەی دەسەڵات هیچ جۆرە سیاسەتگوزارییەکی پشتئەستوور بە ئەقڵ و ڕۆشنبیری و هوشیاریی یاسایی و کولتووری و مێژوویی و تەنانەت دەروونناسییانە سەبارەت بە کۆیادەوەریی ئەم شارە ڕەنگڕێژی بکرێت. دەسەڵات هەر هەڕەمەکی چۆن پرسەیەک ساز دەکرێت، یان مەراسیمێک دەکرێت، ئاوا ساڵانە دوو سێ ڕۆژێک بیری ئەو شارەیان کەوتۆتەوە و گوژمەیەک پارەیان بۆ تەرخان کردووە و چەند کەسێکیان بانگهێشت کردووە و ئیدی لەگەڵ مەراسیمەکان کۆتاییان هاتووە. مامەڵەکردن لەگەڵ یادەوەری و قوربانییان، یادەوەریی دەستەخوشکەکەی

هیرۆشـیماش سـەری نراوەتەوە تا سـاڵێکی تر. بۆ هەڵەبجەییەکان، شـتێکی ئەوتۆ لە دۆخ و ژیانیان نەگۆڕاوە، تاوەکوو کارەسـاتەکە لەبیر بکەن.

لە ڕووی خزمەتگوزارییشەوە گرنگییەکی ئەوتۆ لەچاو قوربانیدانەکانی ئەو شارە، لەچاو ڕۆڵی ئەو شارە لە نووسینەوە و ناساندنی مەسەلەی کورد بە جیهان، لەچاو هەڵگرتنی نازناوی ناسـنامەی میللەتێک کورد؛ شـایەنی باسـکردن نییە. ئەوان دەیان و سـەدان نموونەی نەبوونی خزمەتگوزاری وەک پارکێک، سینەمایەک، کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیری، تەنانەت نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەری بریندارانی کیمیایی، کارگە و کۆمپانیای گەورە و... دەهێننەوە.

کێشەی سەرەکیی خەڵکی هەڵەبجە، نادادپەروەرییە. نادادپەروەری تەنیا قەرەبووکردنەوە نییە. وەک لە چاوپێکەوتنەکانەوە دەردەکەوێت، ئەوان بەدەسـت کـێشـەی گەورەتـر لە خـزمەتـگـوزاری و قەرەبووکردنەوەکانەوە دەناڵێنن. یەك لە گەورەترین کێشـەکانیان؛ کێشەی مەعریفییە، کێشەی زانین، کێشەی گەشتن بە ڕاستییەکان. گرفتەکە ئەوکات ئاڵۆزتر دەبێت کە نەوەی ئایندەی هەڵەبجە ئەو کاتەی کە لە دایبابی دەپرسـێت کە بۆچی هەڵەبجە کیمیاباران کرا، کەس نییە وەڵامێکی ڕاسـت و دروسـتی بداتەوە. ئەوان کێشـەیان ئەوەیە کە مێژووی ئەوان هێشـتا نەنووسـراوەتەوە، لە کتێبەکاندا نەهاتووە، هێشـتا دانی پێدا نەنراوە، لە قوتابخانەکاندا وەک وانەی سـەرەکی گرنگیی پێ نادرێت، بە شـێوەیەکی زارەکی نەبێت. هێشـتا

دراوسێکانی کوردستان دانیان بە جینۆسایدی هەڵەبجەدا نەناوە، چ جای وڵاتانی زلهێزی جیهان. تەنیا "پەرلەمانی ئێراق لە دانیشتنی ئاسایی خۆی، واتە دانیشتنی ژمارە (٤٤)دا، بە بڕیاری ژمارە (١٢)، لە (٢٠١١/٣/١٧)دا، کەیسی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی بە جینۆساید ناساند" (حسێن، ٢٠١٧: ٦٣٩).

ئەوان کۆمەڵێک پرسیاری بێ وەڵامیان هەیە. لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەپرسن کێن ئەوانەی کە بوونە هۆی ئەوەی کە کارەساتی هەڵەبجە ڕوو بدات؟ ئەوان دەپرسن بۆچی ئەم هەموو کارەساتەیان بەسەردا هاتووە؟ لانی کەم دوو تا سێ جار ماڵەکانیان وێران و تەختی ئەرز بووە، -بەڵام بێجگە لەوانەی خاوەن شەهیدن- کەسیان قەرەبوو نەکراونەتەوە. هەزاران گەنجی هەڵەبجەیی لە ژن و لە پیاو، خوێندنیان فەوتاوە بە هۆی کارەساتی هەڵەبجەوە و تا هەنووکە لەبەر ئەو بۆشایی و کەلێنەی لەدەستچوونی خوێندن و بڕوانامەوە، ئاسۆیەک بۆ ئاییندە خۆیان بەدی ناکەن. لەسەر ئاستی ناوچەییش دەپرسن، تەنیا ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری کرایە مەیدانی تاقیکردنەوەی چەك؟ بۆچی دەبێ هێزەکانی ئێران تەنیا ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکەنەوە و ببێتە بیانوو بۆ ڕژێمی سەدام؟ بۆچی ڕژێم تەنیا هەڵەبجەی بۆردوومان کرد و کیمیایی بەسەردا ڕژاند؟ پێشتر کە دەزانرا ڕژێم کیمیایی دەڕژێنێت، ئامادەکاری نەکرا یان هەڵەبجە لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە چۆڵ نەکرا؟ بۆچی خەڵکی هەڵەبجە دەیانزانی کیمیایی دەڕێژرێت، بەڵام هەڵنەهاتن؟ بۆچی سەربازانی ئێرانی خۆیان ماسکی دژەکیمیاییان لە سەر و دەمدا بوو؟ لەسەر ئاستی

جیهانیش پرسـیار لەوە دەکەن کە واتای چییە، کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەورووپا و بانگەشـەکاران و پارێزەرانی دیموکراسـی، خۆیان چەک و کیمیایی بە وڵاتان و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی ئەم ناوچەیە دەفرۆشـن، هەتاوەکوو ئەوانیش بەسـەر خەڵکی خۆیاندا بیرێژن؟ سـەدام بە بەرچـاوی هەموو دنیـاوە، پرۆسـەکـانی ئەنفـال و کیمیـابـارانی هەنگاوبەهەنگاو جێبەجێ دەکرد، کەچی نە ویلایەتە یەکگرتووەکان و نە ئەورووپاش بە هەنگاوی کردەیی ڕێگرییەکیان نەکرد، یان سزای ئەو ڕژێمەیان نەدا. ئەوان دەیانەوێ بە منداڵەکانیان بڵێن کە خەڵکی هەڵەبجە قوربانیی دەسـتی جەلادەکانی مێژوون، قوربانییەکانیان بێتاوان شەهید بوون.

خەڵکی هەڵەبجە دەیانەوێ بە چاوی خۆیان دادپەروەری ببینن. بۆ ئەوان دادگایینەکردنی سـەدام لەسـەر کەیسـی هەڵەبجە، ئازاری لە خودی تاوانەکە کەمتر نییە. ئەوان هەتاوەکوو تاوانباران نەبینن کە بە سزای خۆیان گەیشتوون، ناتوانن پرسەش بۆ قوربانییەکانیان دابنێن. ئەوان لە قۆنـاغی پرسـەدا نین، بەڵکوو بە جۆرێـک لە مـالیخۆلیـا گیرۆدەن. هەتاوەکوو نەتوانن پرسە بۆ قوربانییەکانیان دابنێن، ناتوانن دان بە ڕۆشـتنی لەدەسـترۆشـتووەکانیشـیاندا بنێن. ئۆبجێی لەدەسـترۆشـتوو تەنیا کەسـوکار نییە. هەر شـتێك لە ڕۆحەوە تا ئاژەڵێك، لە موڵك و خانوو و پیشـەوە تا بووکەڵەی منداڵێك، پێی دەگـوترێـت لەدەسـتچـوو. هەتـا ئەمەش ڕوو نەدات، وەڵامـی پرسـیارەکانیان وەرنەگرنەوە، ناتوانن هەسـت بە ئارامی و ئۆقرەیی

بکەن، ئەم گەشتن بە ئارامییە چ کاتێک ئاسانتر دەبێت؟ ئەو کاتەی کە بتوانن ببورن، ببەخشن...

مێژووی هەڵەبجەییەکان و قوربانیدانەکانیان بەفەرمی نەنووسراوەتەوە، بەفەرمی دانی پێدا نەنراوە، تەنانەت بەفەرمی لەلایەن وڵاتانەوە بە جینۆسایدیش نەناسێنراوە. ئەوان جارێ نازانن دەبێ کێ ببەخشن. تا نەگەنە ئەم ئارامییەش، ناتوانن یادەوەرییەکانیان لەبیر بکەن و بیر لە ئایندە بکەنەوە. هەردوو لا لەبەر ئەوەی بەرهەمی یەک کۆنتێکست و یەک مێژوو و ڕابردوو و بەرهەمی یەک ستراتیژ و بیرکردنەوە بوون و لە ڕووی گوتاریشەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیک بوون، هەروەها خەباتی شاخیان کردبوویە دەستکەلا و بیانوو بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات، دواجاریش هاوشێوەی یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخ و دیاردەکان و ڕووداوەکاندا دەکرد. سیاسەتیشیان بەرامبەر بە کۆیادەوەری، هەمان سیاسەت بوو. دوور لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی قووڵ، ستراتیژیی بەڕێوەبردن و پاراستنی کۆیادەوەری، بەدەر لە هەر جۆرە زانیارییەکی پشتئەستوور بە زانست و توێژینەوە و سوودوەرگرتن لە مێژووی گەلانی ستەملێکراو، خراپترین مامەڵەیان لەگەڵ کۆیادەوەریی خەڵکی کوردستان و بەتایبەت کۆیادەوەریی خەڵکی هەڵەبجەدا کرد.

قەیرانی نەبوونی کۆیادەوەرییەکی هاوبەش ئەو کاتە قووڵتر دەبێتەوە کە نەوەکانی دوای ئێمە و لەژێر هەر جۆرە کاریگەرییەکی دۆخی ژیان و ئایدیۆلۆجیا و لەبەر هەر هۆکارێک بێت تووشی

چالێنجی نەبوونی کۆیادەوەرییەکی و ڕابردوویەکی هاوبەش ببنەوە، یان دووچاری دژیەکی ئێستا و ڕابردوو ببنەوە. مرۆڤەکان لە هەموو کونوقوژبنێکی ئەو جیهانە و تەنانەت لە چوارچێوەی گرووپگەلی زۆر بچووکی وەک خێزان و هاوڕێیاندا تا دەگاتە نەتەوەکان، هەوڵی پاراستنی ڕابردوو و یادەوەرییەکانی خۆیان دەدەن. بۆ ئەو مەبەستە مێژووی خۆیان دەنووسنەوە، مەراسیم ساز دەکەن، شوێنەکانی یادەوەری دروست دەکەن، مۆزەخانە، مۆنیومێنت و شوێنی مێژوویی بونیاد دەنێن. ئەم هەنگاوانە کارکردگەلێکی زۆر گرنگی هەیە، یەکێک لەو کارکردانە بریتییە لە پاراستنی ناسنامەیان. ئەو کارەی کە لە کوردستاندا وا دەردەکەوێت گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، هەر بۆیە تا هەنووکە مێژوویەکی نووسراویشی نییە و ڕێگە بۆ ئەو ئایدیایە خۆش دەکات کە پێیوایە نەتەوەی کورد خاوەنی یادگە و یادەوەریی ماوەدرێژ نییە. بێگومان مەبەستی ئێمە لە پاراستن و زیندووکردنەوەی یادەوەرییەکان، لە ڕابردووداژیان و پشتکردنە ئایندە نییە. بەپێچەوانەوە، تا لەگەڵ ڕابردوودا ئاشت نەبینەوە، تا بۆمان ڕوون نەبێتەوە و خۆمانی لەگەڵ یەکلا نەکەینەوە، تا لەگەڵ لەدەستچووەکانماندا نەکەوینە گفتوگۆ و نەگەین بە سوکنایی، ناشتوانین خۆمان لەگەڵ ئایندەدا بگونجێنین و بیر لە سبەی بکەینەوە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:


1- حسـێن، ئاوارە، ٢٠١٧، جینۆسـایدی کورد لە ڕوانگەی یاسـای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.

2- حاجی ئاقایی، ئازاد، ٢٠١٥، ڕابردووە هاودژەکان، خوێندنەوەیەکی دیسـکۆرسـیڤ لە ناسـیۆنالیزمی کورد، سـلێمانی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عرفان.

3- سـابیر، ڕەحیم، ٢٠٠١، کوردۆلۆجی، لێکۆڵینەوەی سـایکۆ سۆسیۆلۆجییە لەمەڕ کۆمەڵگەی کورد، سلێمانی، چاپی یەکەم، داناز.

4- سـەجادی، عەلائەدین، ٢٠١٦، شـۆڕشـەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق لە ڕووی دەقی بنچینەی کۆنی خۆیەوە، چاپی یەکەم، سنە، انتشارات کوردستان.

5- صدیق، عادل، ٢٠١٨، کۆمەڵکوژیی کورد لە جەنگی ئێران-ئێراقدا، هەڵەبجە (١٩٨٨/٣/١٦)، بە نموونە، توێژینەوەیەکی (مێژوویی-سیاسییە)، سلێمانی، ڕێنوێن.

6- عەلی، بەختیار، ٢٠١١، چێژی مەرگدۆستی، سلێمانی، ئەندێشە.

7- عەلی، بەختیار، ٢٠١٢، کەشـتی فریشـتەکان، بەرگی یەکەم، سلێمانی، کتێبخانەی ئەندێشە.

8- قادر، عومەر محەمەد، ئەنفالستان، ژ ١١ و ١٢، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

9- گوڵپی، فایەق، ٢٠١٨، کە لێرەوە سەیری ژیانی خۆم ئەکەم، بەرگی یەکەم (١٩٦١-١٩٨٩)، چاپخانەی تاران.

10-دیبەگەیی، دەرسیم، ٢٠١١، ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کۆردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان، چاپی یەکەم. هەولێر چاپخانە؟

11-محەمەد، عومەر، ٢٠١٣، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

12-مزویری، رێکاری، ٢٠١٣، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، کوردانی باشوور بە نموونە، چاپی یەکەم. هەولێر، چاپخانەی کارۆ.

13-هیلترمان، یوست، 2005، کارێکی ژەهراوی، ئەمەریکا و عیراق و گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێڕانی محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، سلێمانی، چاپخانەی ئاوێنە.

**سەرچاوە فارسییەکان:**

14-احمدی، اسدالله، ١٣٨٧، تاریخ و خاطرەی جمعی: پژوهشی در تاریخ و خاطرەی جمعی در افغانستان، پایاننامەی کارشناسی ارشد بە راهنمایی دکتر یوسف اباذری، دانشکده علوم اجتماعی، دانشگاه تهران.

15-اسپینکز، لي، فردریچ نیچه، ۱۳۸۸، ترجمه رضا ولي یاری، تهران، نشر مرکز.

16-استوتزل، ژا، ۱۳۷۳، روان شناسي اجتماعی، ترجمه علیمحمد کاردان، تهران، انتشارات دانشگاه تهران.

17-استنفورد، مایکل، ۱۳۸۸، در آمدی بر تاریخ پژوهی، ترجمه مسعود صادقی، تهران، سازمان مطالعه و تدوین(سمت) مرکز تحقیق و توسعه علوم انسانی.

18-افلاطون، ۱۳۸۰، مجموعه آثار، ترجمه حمد حسن لطفي، جلد سوم، تهران، انتشارات خوارزمی.

19-آرنت هانا، ۱۳۸۸، میان گذشته و آینده، ترجمه سعید مقدم، تهران، چاپ اول، نشر اختران.

20-برمن، مارشال، ۱۳۷۹، تجربه مدرنیته، ترجمه مراد فرهادپور، تهران، طرح نو.

21-بلیکی، نورمن، ۱۳۹۲، طراحی پژوهش های اجتماعی، ترجمه حسن چاوشیان، تهران، نشر ني.

22-بلیکی، نورمن، ۱۳۹۰، استراتژی های پژوهش اجتماعی، ترجمه هاشم آقابیگ پوری، تهران، نشر - جامعه شناسان.

23-بنیامین، والتر،۱۳۹۰ ، جامعه شناسی انتقادی، پل کانرتون، مترجم حسن چاوشیان، تهران، کتاب آمه.

24-کوزر، لویس، ۲۰۰۳ ، زندگی  و اندیشه بزرگان جامعه شناسی، ترجمه محسن ثلاثی، تهران، انتشارات علمی، فرهنگی.

25-بوستانی، داریوش/محمدپور، احمد، ۱۳۹۰، بازسازی معنایی جهت گیری جنسی پسران نسبت - به دختران، فصلنامه شورای فرهنگی اجتمای  زنان، مطالعات راهبردی زنان، سال سیزدهم، شماره ٤٤.

26-بهرامی نیکخواه، محمد باقر، ۱۳۹۰، جنایت جنگی، حملات شیمیایی عراق در جنگ با ایران، چاپ اول، تهران، مرکز ا سناد و تحقیقات دفاع مقدس.

27-بیرۆ، ئالن، ۱۳۸۰، فرهنگ علوم اجتماعی (انگلیسی، فرانسه، فارسی)، ترجمه باقر ساروخانی، چاپ چهارم، تهران، انتشارات کیهان.

28-پشنگ، اردشیر، ۱۳۹٤، کردها، در میانه جنگ ایران و عراق، بررسی تاثیر جنگ ایران و عراق بر جنبش مبارزاتی کردهای عراق (۱۹۸۸-۱۹۸۰)، تهران، نشر مرزوبوم، چاپ اول، ۱۳۹٤.

29-پروست آنتوان، ۱۳۸۷، جنگ الجزایر در خاطرەی جمعی فرانسویان، صفحه۲۲۱-۲۵۳، خاطرەی گفتمان جنگ، ساسانی، فرهاد، تهران. انتشارات سورەی مهر.

30-پیرسون، کیت، جان، مولرکی، ۱۳۸۹، فلسفه برگسون، ترجمه محمد جواد مرادی، تهران، سازمان مطالعه و تدوین علوم انسانی دانشگاه ها (سمت) مرکز تحقیق و توسعه انسانی.

31-جهانبگلو، رامین، ۱۳۸۸، مدرنیته، دموکراسی و روشنفکران، چاپ پنجم، تهران، نشر مرکز.

32-داودی، علی اصغر، ۱۳۹۱، نقش حافظه در بروز منازعات قومی. https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?ID=200120

33-دورکیم، امیل، ۱۳۸٤، صور بنیادی حیات دینی، ترجمه باقر پرهام، تهران، نشر مرکز.

34-دورتیه، ژان فرانسوا، ۱۳۹۰، علوم انسانی گستره شناخت ها، گروه مترجمان، تهران، نشر ني.

35-دهخدا، علی اکبر، ۱۳۷۹، لغت نامه دهخدا، جلد ششم (چاقر-خدیج)، چاپ دوم از دوره جدید، تهران، موسسه انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.

36-ذکایی، محمد سعید، ۱۳۸۱، نظریه و روش در تحقیقات کیفی، تهران، فصلنامه‌ی علوم اجتماعی.

37-رتوا، دسیو، دانشنامه روایت شناسی، ۱۳۹۱، گرداورنده، محمد راغب، تهران، نشر علم.

38-رضـوی زاده، ندا، محمدپور، احمد، ۱۳۸۹، برسـاخت تفسـیری تجربه زیسته خیران مدرسه‌ساز، راهبرد فرهنگ، شماره دهم و یازده‌هم، تابستان و پاییز ۱۳۸۹.

39-ریکور، پل، ۱۳۷۳، خاطره، تاریخ، فراموشـی، گفتگو شـماره 5، صفحه 53-37.

40-ریکور، پل، ۱۳۷۳، زندگي در دنیای متن، شـش گفتگو یک بحث، ترجمه بابک احمدی تهران، نشر - مرکز.

41-ریکور، پل، ۱۳۸۳، زمان و حکایت، پیرنگ و حکایت تاریخی، ترجمه مهشید نونهالی، کتاب اول، تهران، انتشارات گام نو.

42-ریکور، پل، ۱۳۸۵، خاطره و بخشـش، ترجمه رامین جهانبگلو، گفتگو شماره 22، صفحه44-30.

43-شـایگان، داریوش، ۱۳۸۳، بت های ذهنی و خاطره ی ازلی، تهران، موسسه انتشارات امیر کبیر.

44-شـیر علی نیا، جعفر، ۱۳۹۳، دائرة المعارف تاریخ جنگ ایران و عراق، نوبت چاپ سوم، تهران، انتشارات سایان.

45-قنبریان، فاطمه، ۱۳۹۱، بررسـی خاطره‌ی جمعی مردم تهران از جنگ تحمیلی، پایاننامه‌ی کارشـناسـی ارشـد به راهنمایی دکتر سارا شریعتی، دانشکه علوم اجتماعی، دانشگاه تهران.

46-کربین، جولیت، استراوش، انسلم، ۱۳۹۱، مبانی پژوهش کیفی، فنون و مراحل تولید نظریه‌ی زمینه‌ای، ترجمه ابرهیم افشار، چاپ دوم، تهران، نشر نی.

47-کوندرا، میلان، ۱۳۹۱، کتاب خنده و فراموشی، ترجمه فروغ پوریاوری، چاپ هفتم، تهران، انتشارات روشنفکران و مطالعات زنان.

48-کنوبلاخ، هوبرت، ۱۳۹۰، مباني جامعه شناسي معرفت، ترجمه، کرامت اله راسخ، نشر ني.

49-گورویچ، ژرژ، ۱۳۹۱، آگاهی جمعی در جامعه شناسي دورکیم، ترجمه فریدون سرمد، تهران، انتشارت کندوکاو.

50-فرهنگ فارسی-کردی، ۱۳۹۲، دانشگاه کردستان، جلد دوم، ج-ظ، چاپی دوم، سنندج انتشاران کردستان، ص۸۷۵ و ۹۳۲.

51-فروید، زیگموند، ۱۳۸۲، ماتم و مالیخولیا، ص. ص۸۳ تا ۱۰۲، مجله ارغنون، (فلسفه، کلام و عرفان)، ترجمه فرهاد پور، مراد، شماره ۲۱.

52-فریدمن، ژرژ، هالبواکس موریس ،(۱۳۷۵)طرح روانشناسی طبقات اجتماعی، ترجمه، علیمحمد کاردان، تهران، انتشارات دانشگاه تهران.

53-فلیک، اوه، ۱۳۹۱، درآمدی بر تحقیق کیفی، ترجمه هادی جلیلی، تهران، نشر نی.

54-فیالکوف، یانکل، ۱۳۸۹، جامعه شناسی شهر، ترجمه عبدالحسین نیک گهر، تهران، نشر آگه.

55-فیلیپس لاورنس، دیوید، ۱۳۹۵، بهار کردی: نقشه خاورمیانه جدید، ترجمه آزاد حاجی آقایی، تهران، انتشارات، رامان سخن.

56-کلیما، ایوان، ۱۳۹۰، روح پراگ، ترجمه فروغ پوریاوری، تهران، نشر آگه.

57-کوچیرا، کریس، ۱۳۷۷، جنبش ملي کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، موسسه انتشارات نگاه.

58-گارسیار مارکز، گابریل، ۱۳۹۱، زنده‌ام که روایت کنم، ترجمه کاوه میرعباسی، چاپ نهم، تهران، نشر نی.

59-لمان، جنیفر، ۱۳۹۰، ساخت شکنی دورکیم، ترجمه شهناز مسمی پرست، تهران، انتشارات مهر ویستا.

60-متیوز، اریک، (۱۳۹۱)، فلسفه در قرن بیستم، ترجمه محسن حکیمی، تهران، انتشارات ققنوس.

61-محمدپور، احمد، ۱۳۹۶، تاریخ به روایت فلسفه، از هردوت تا آلن بدیو، تهران، چاپ اول، نشر لوگوس.

62-محمد پور، ۱۳۹۲، تجربه ی نوسازی، مطالعه تغییر و توسعه در هورامان بار روش نظریه- زمینه ای، تهران، نشر جامعه شناسان.

63-    محمدپور، احمد (۱۳۹۲)، روش تحقیق کیفی ضـــد روش، مراحل و رویه های عملی  در روش-شـــناســـی کیفی، تهران، نشـــر جامعه شناسان.

64-مک داول، دیوید، ۱۳۸۶، تاریخ معاصـــر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران، نشر پائیذ.

65-نراقی، احسان، ۱۳۸۸، علوم اجتماعی  و سیر تکوینی  آن، چاپ پنجم، تهران، نشر فرزان.

66-نیچه، فردریک، ۱۳۷۷، ســودمندی و ناســودمندی تاریخ برای تاریخ، مترجمان، عباس کاشف و- ابوتراب سهراب، تهران، نشر ثالث.

- **References**

67- Barbara a. Mistal, 2003, Durkheim on collective memory, journal of classical sociology, California: sagepublications.

68- Creed Barbara & Hoorn Jeanette, 2011, Memory and History: Early Film, Colonialism and the French Civilising Mission in Indochina, French History & Civilization. 2011, Vol. 4, p223-236. 14p.

69- Duffy, Maria, 2009, Paul Ricoeur's Pedagogy of Pardon A Narrative Theory of Memory and Forgetting, Published by Continuum International Publishing Group, The Tower Building 80 Maiden Lane, 1 1 York Road Suite 704, New York, London SE17NX NY 10038.

70- Halbwachs, Maurice (1992) On Collective memory, Edited and Translated by Lewis Coser, The University of Chicago.

71- Jay, Martin, Walter Benjamin, Remembrance, and the First World War, Josai University Educational Corporation, University of Hawai'i Press are collaborating with JSTOR to digitize, preserve and extend access to Review of Japanese Culture and Society, https://www.jstor.org/stable/42800179?seq=1#metadata_info_tab_contents

72- Jay Martin, 1999, against consolation: Walter Benjamin and the refusal to mourn.p.p 221-239, Winter Jay & Sivan Emmanuel, war and

Rememberance in the Twentieth Century, Cambridge University Press.

73- Cambridge, New York, Melbourne, Madrid, Cape Town, Singapore, São Paulo.

74- Kelly Michael J, 2008, Ghosts of Halabja: Saddam Hussein and the Kurdish genocide, Praeger Security International, 88 Post Road West, Westport, CT 06881, Printed in the United States of America.

75- Kearney Richard & Dooley, Mark, 2002, Questioning Ethics: Contemporary debates in philosophy, first published 1999 by Routledge 11 New Fetter Lane, London EC4P 4EE This edition published in the Taylor & Francis e-Library, 2002. Simultaneously published in the USA and Canada by Routledge 29 West 35th Street, New York, NY 10001.

76- Malpas, Simon, 2003, Jean-Francois Lyotard, Routledge, 11 New Fetter Lane, London EC4P 4EE.

77- Nora Pierre, ed. Realms of Memory: Rethinking the French past (Vol.1: Conflicts abd Divisions) New York: Colombia University, press Reviewed by Jay Winter 1997(University of Cambridge).

78- Nora, Pierre, 1989, between Memory and History: Les Lieux de Memoire, *Representations*, No. 26, Special Issue: Memory and Counter-Memory.(spring,1989),pp.7-24. http://links.jstor.org/sici?sici=07346018%28198921%290%3A26%3C7%3ABMAHLL%3E2.0.CO%3B2-N

79- Olick, Jeffrey K. Vinitzky-Seroussi, Vered and Levy Daniel, 2011, the Collective Memory Reader, Oxford University Press.

80- Prost, Antoine, The Algerian War in French collective memory, p.p (161-176), winter, Jay. Sivan Emmanuel, 1999, War and Remembrance in the Twentieth Century, CAMBRIDGE, UNIVERSITY PRESS.

81- Ricoeur, Paul, 2004, History, Memory, Forgetting, translated by Kathleen Blamey & David Pellauer, the University of Chicago press, Chicago 60637.

82- Roediger, Henry & Wertsch, James (2008) Creating a new discipline of memory studies, California, sagepublications.

83- Winter, Jay. Sivan Emmanuel, 1999, War and Remembrance in the Twentieth Century, CAMBRIDGE, UNIVERSITY PRESS.

84- Scott, John, 2011, Fifty Key Sociologists: The Formative Theorists, first published 2007, by Routledge.

85- Winter. Jay, 2006 remembering war: The Great War between memory and history in the twentieth century/p. cm, New Haven & London Yale University Press.

86- Vali, Abbas, 1998, the Kurds and Their "Others": Fragmented Identity and Fragmented Politics,

Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, Vol. XVIII No. 2, 1998, pp. 83-94.

- **سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

87- http://avangardsite.ir/1392/01/16/%D8%AE%D8%A7%D8%B7%D8%B1%D9%87-%D9%88-%D9%81%D8%B1%D8%A7%D9%85%D9%88%D8%B4%D9%8A/

88- http://prospect.blogfa.com/post/78

89- http://pmrk.ir/amalyatha/2.html

90- Human Rights Watch/Middle Easr Wach, 1993:172

91- https://www.encyclopedia.com/people/social-sciences-and law/sociology-biographies/maurice-halbwachs

92- Encyclopedia Britannica (2002) (Deluxe Edited) Memory

93- http://www.loghatnaameh.org / dehkhoda searchresult fa.html? searchtype.

94- Encyclopedia Britannica (2002) (Deluxe Edited) Memory

95- http://www.merriam-webster.com/dictionary/genocide

96- http://defamoghaddas.ir/fa/fight/%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-10

97- http://gmab.ir/fa/operation/view/24-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B110 والفجر۱۰، گوهرهای ماندگا، آخرین بازدید ۲۰۲٤/۱۱/۱۱

# Justice and Memory

## March 16th in the Collective Memory of the People of Halabja

Second edition

## سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی
## ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی

ناوەندێکی بەڵگەنامەیی-دۆکیۆمێنتکردن و توێژینەوەی ئەکادیمیی سەر بە زانکۆی سلێمانییە، لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨ دامەزراوە و کار دەکات لە هەر چوار ئاستی ئەرشیفی: ١. دۆکیۆمێنتکردن (التوثیق) و دۆکیۆمێنتپارێزی، ٢. کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنتی ناوخۆ و دەرەوە و ئەرشیفی ڕۆژنامەوانیی کوردستان، ٣. دەستنووسەکانی کوردستان (کۆکردنەوە و پاراستن)، ٤. کۆکردنەوەی مێژووی زارەکی (لە پێناو پاراستنی مێژووی نەنووسراوەی هاوچەرخی کلتووری کوردستان)، هەروەها بنیاتنانی کتێبخانەیەکی دیجیتاڵی (نووسراو، وێنەیی و دەنگی) بۆ هەرسێ ئاستەکەی پێشوو و ئەنجامدانی توێژینەوە تیایاندا، سازکردنی کۆنفرانس، چالاکی و دەرکردنی گۆڤارێکی زانستیی تایبەت بەو بوارانە (لە داهاتوودا) و چاپ و بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامە، دەستنووس و کتێب.

دیدگا و گرنگیدان

ئەم ناوەندە لە هەوڵدایە کە ئەرشیفێکی هاوچەرخ و دیجیتاڵ و کاغەزیی بۆ خزمەتی نیشتیمانسازیی کوردستان بخاتە بەر دەستی خوازیار و توێژەر و خوێندکاری کورد.

گرنگی دەدات بە کۆکردنەوەی هەر جۆرە دەستنووس، بەڵگەنامە و وێنەیەک کە پەیوەندیی بە مێژوو و کەلتوور و کۆمەڵگای کوردستانەوە هەبێت.

لە پێناو بەشداریکردن لە زیادکردن و پاراستنی سەرچاوەکانی مێژووی کوردستان لە هەوڵدایە و لە چوارچێوەی بنیاتنانی "دیدگایەکی نیشتمانیی کوردستانیانە" کار دەکات بۆ گێڕانەوە و نووسینەوەی مێژوو و کلتووری کۆمەڵگەی کوردستان و دەیەوێت ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدە زانستییەکان، میتۆدی فرەپسپۆڕیی و هاوبەش و هەروەها فرەڕەهەندیی زانستییەوە مسۆگەر بکات.

لە ئێستادا خاوەنی هەزاران بەڵگەنامە، دەستنووس و کاسێتی تۆمارکراوی ئەلکترۆنی و ئۆرجیناڵە و سەرقاڵی داخڵکردنی ئەو ئەرشیفەیە لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دیجیتاڵی کە هەم ڕانانیان بۆ دەکرێت و هەم گەڕان و پشکنینی ئەرشیفەکان ئاسانتر و هاوچەرختر دەکات.

ناوەندی کوردستان بۆ دۆکیۆمێنت و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە زانکۆی سلێمانی
ناونیشان: هەرێمی کوردستانی عێراق/سلێمانی/سەرەتای شەقامی مەولەوی - بەرامبەر سلێمانی پالاس و باخی گشتی - بینای پێشووی سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی - خوار قایمقامیەتی سلێمانی.

www.univsul.edu.iq/kurdistan-car
Email:kcdr@univsul.edu.iq
www.facebook.com/kurdistanCDR/
@t.me/kcdar